# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد

2016

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە ئالتۆسێر

وەرگێڕانی
کۆمەڵێك نوسەر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە



www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044



لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (84)

# سیمای جوان و نەوجەوانی بە زەقی ئالتۆسێر

ژاک دریدا

لە فارسییەوە: ئارام مەحمود

سەرەتا پێموابێت دەمزانی ئەمڕۆ توانای قسەکردن و دۆزینەوەی وشەکانم نابێت، کەواتە داوای لێبوردن دەکەم لەوەی دەقەکە دەخوێنمەوە، هەروەها داوای لێبوردنیش دەکەم، کە ئەوەی دەیخوێنمەوە ئەو شتە نییە کە بڕوام پێیەتی و پێویستە بیڵێم (ئایا هیچ کەسێک دەزانێت لەم ساتەدا چی بڵێت؟) بەڵام لەگەڵ ئەوەی خامۆشی ئەگەر شتێکیتر نەدۆزێتەوە، رازیدەبێت، تەنیا کەمێک رووناکی لەو شتەی کە من دەمتوانی لە تاریکی رزگاری بکەم، ئەویش لە کاتێکدا کە لە خەندەقێکدا گرفتار ببووم و لەو قوڵاییەدا، بێگومان منیش وەک ئێوە، تووشی دڵەڕاوکێی چاوپۆشین لەم ساتە دەبووم.

دوێنێ هەواڵی مردنی ئالتۆسێرم بیست، کاتێک لە پراگ دەگەڕامەوە، شارێک کە ناوەکەی ئێستا لە چاوی منەوە ناشیرینە، بەڵام دەمزانی کاتێک دەگەڕامەوە، پێویستە پەیوەندی پێوە بکەم، بەڵێنم پێدابوو.

یەکێک لە ئامادەبووان لێرە، کە لە کاتی دوا پەیوەندیم لەگەڵ ئالتۆسێردا لای ئەو بوو، لەوانەیە بیری بێت کە بەڵێنم پێدابوو پەیوەندی پێوەبکەم و دوای گەڕانەوەم سەردانی بکەم. دوا وتەی ئەو، دوایین ئەو وتانەی بڕیار بوو من لە ئالتۆسێری ببیستم بەمشێوەیە بوو: «ئەگەر لە ژیاندا بووم، بەڵێ، پەیوەندیم پێوەبکەو وەرە بۆ سەردانم، پەلەبکە». من بۆئەوەی رێگەیەکی قوتاربوون لە نیگەرانی و خەفەت بدۆزمەوە، بە گاڵتەوە پێموت: «باشە، من پەیوەندیت پێوەدەکەم، بۆئەوەی دڵنیابم.»

لویی کاتم لەدەستداوە و ئیتر توانای ئەوەم نییە بانگتبکەم، یان لەگەڵ کەسێک بدوێم، لەگەڵ تۆش (تۆ لە هەمانکاتدا زۆر لە من دووری و زۆریش لە من نزیکی، لە من، لە ناخی مندا) و خراپتر لەوەش ناتوانم بۆ کەسانیتر لەبارەی تۆوە بدوێم، ئەگەر ئەوان وەک ئەو کەسانەی لێرە ئامادەبوون، هاوڕێ و دۆستی ئێمەبن.

من دڵی ئەوەشم نییە، یادێک لە هەرچییەک بووە بکەمەوە، یان پێداهەڵدانێک بێنمە سەرزمانم، وتە زۆرە و ئەم ساتە بۆ ئەوە گونجاو نییە. هاوڕێیانی ئێمە، هاوڕێیانی تۆ کە ئەمڕۆ لێرە ئامادەن، دەزانن بۆ چی قسەکردن لەم ساتەدا چەندێک بێشەرمانەیە، بەڵام بەڕاستی خامۆشی کۆتایی نییە. من ناتوانم پێشبینی دوورکەوتنەوە لە خامۆشیش بکەم، وەک ئەوەی گوایە تۆش لە ناخی مندا ناتوانی لێی دوور بکەویتەوە.

لە کاتی مردنی کەسێک کە لێتەوە نزیکە، یان مردنی هاوڕێیەک، کاتێک لەگەڵ ئەو لە زۆر شتدا هاوبەشبوویت (لەمبارەیەوە، من زۆر چانسم هەبووە بۆ ماوەی 38 ساڵ و بە هەزار ڕێگەی سەرسوڕهێنەر ژیانم لەگەڵ «لویی ئالتۆسێر» گرێ دراو بووە، لە ساڵی 1952وەوە کە «تیمساح» لە نوسینگەکەی کاتێک خوێندکارێکی گەنج بووم منی وەرگرت، دواتر من لە هەمان نوسینگەدا لەگەڵ ئەو بۆ ماوەی نزیکەی 20 ساڵ کارمکرد)، کاتێک مرۆڤێک بەو باشییە ساتە خۆشەکانی و پێکەنینەکانی ئەو ڕۆژە تێپەڕیوانەی بیردێنەوە، ساتی کارە ماندووکەرەکان، وانەوتنەوە، بیرکردنەوە لە باسە سیاسی و فەلسەفیەکانی بیردەکەوێتەوە، یان زیاتر لەوانەش زامداربوون و خراپترین ساتەکان، هەڵچوونەکان و ماتەمینیەکان بۆ مردنی ئەم هاوڕێیە، هەمووتان دەزانن لەبەرئەوەی گورزی ئازاری ویژدان کە بە دڵنیاییەوە لە خۆپەرستییەوە سەرچاوەی گرتووە و پڕە لە خۆپەرستی، بەڵام لە هەمانکاتدا کۆنترۆڵناکرێت و لە شکۆوە بۆ ئارامگرتن

و بەزەیی هاتنەوە بە خۆیدا، واتە خۆت ناچاربکەیت بەزەییت بە خۆتدا بێنەوە، باسدەکات و بە شێوەیەک دەیگێڕێتەوە کە (من وا دەکەم، چونکە ئەم بەڵێنە بەردەوامە هەرگیز هەڵەناکات، هەرچۆنێک بێت بۆ گێڕانەوەی راستی ئەو، هەستی هاودەردییە).

«بەشێک لە ژیانی من، بە تەواوی رێگەیەکی بەرەوژورو گرنگ لە خودی بوونی مندا ئەمڕۆ نەماوە، کۆتایی پێهاتووە، لەمڕووەوە لەگەڵ لویی گیانی بەخشیوە بۆ ئەوەی وەک رابوردوو لەگەڵ ئەو بمێنێتەوە، بەڵام ئێستا بێ هیچ گەڕانەوەیەک لە سنوورەکانی تاریکیدایە». ئەوەی کۆتاییدێت، ئەوەی لویی لەگەڵ خۆی دەیبات، تەنیا شتێک لێرە و لەوێ نییە، کە من و لویی لەم یان لەو ساتدا بە هاوبەشی پشکێکمان تێیدا هەبووبێت، بە پێچەوانەوە ئەوە جیهانە، خواستەی وشەیی لە جیهان بە دڵنیاییەوە جیهانی ئەو، بەڵام ئەو جیهانەی کە منیش تێیدا ژیاوم، کە ئێمە تێیدا لە چیرۆکێکی راستەقینەدا ژیاوین، چیرۆکێک بە هیچ شێوەیەک شوێنگرەوەیەکی نابێت و جۆرێک هەست بە هەر یەکێک لە ئێمە دەبەخشێت، ئەگەر ئەو هەستە بۆ من و ئەو یەکسانیش نەبێت. ئەمە جیهانێکە تەنیا بۆ ئەم دووانەمان دەتوانێت جیهان بێت، تەنیا جیهان، هەمان ئەوەی کە دەچێتە روبارەوە و هیچ یادگاریەک لێی قوتار نابێت (ئەگەر ئێمە یادگاریەکیش لای خۆمان بهێڵینەوە، لە راستیدا ئێمەش هەمان شتدەکەین).

هەرچەندە من لەم جوڵانەوەیەدا پەی بە توندوتیژیەک دەبەم کە بە دوای مەرگی هاوڕێیەکەوەیە، هیچ مەیلێکم بۆ دوورکەوتنەوە لێی نییە، ئەمە تەنیا رێگەی هێشتنەوەی لویی لە ناخی مندایە، بۆ پاراستنی خۆم لە رێگەی پاراستنی لویی بە هەمانشێوە کە باوەڕم پێی هەیە و هەموومان گیرۆدەی ئەم کارەین، هەر یەکەو لەگەڵ یادگاریەکانی خۆیدا، پارچەیەکی

تایبەت بە خۆی کە لەم مێژووەش دابڕاوە بە میراتی دەبەین - ئەمەش مێژوویەکی دەوڵەمەند و تاکە، یەکێک لە تراژیدیا لەناوبەرەکان و لە هەمان کاتیشدا باوەڕ پێنەکراو و جیا نەبووەوە لە مێژووی سەردەمی ئێمە، لە تەواوی مێژووی فەلسەفی و سیاسی و جیۆپۆلەتیکی سەردەمی ئێمە گرنگترە - مێژوویەک کە هەر یەکێک لە ئێمە بە هۆی ئەزمونەکانی خۆیەوە بە تێگەیشتنی گەیشتووە- جوانترین و مەترسیدارترین ئەزمونەکان، بەڵام هەموویان لەگەڵ ئەو مەترسیانەی لێیان چاوەڕواندەکرێت گرێدراون و ناوی لوی ئالتۆسێر–یان لەگەڵدایە.

پێمۆایە بتوانم لەلایەن سەرجەم ئامادەبووانەوە بەوشێوەیە دەربیرم، کە ئەوەی پەیوەندی ئێمە بەم سەردەمەوە دیاریدەکات، ئەوە و ئەوەی ئامانجی لێکۆڵینەوەی ئەو، دەستمایەی تاقیکاری ئەو، بە ناخۆشییەوە لە مەترسی گەورەترین تاوانەکاندا بووە، ئەوەندەی ئەو پێداگر، پڕ لە نیگەرانی، دەسەڵاتخواز و لە هەمانکاتدا نیگەران، دژ یەک، پێداهەڵدان بە خۆیدا بوو، هەروەها پڕ جۆش و خرۆش بوو، جۆش و خرۆشێک کە ساتێک ئارامی بۆ نەدەهێشتەوە، چونکە ئەوی لە هەموو شتێک بێبەشکرد (بە ئاوازە زێدەڕۆییەکانی، بیابان، پانتایی گەورەی خامۆشی، کشانەوە سەرسامکارەکانی، ئەو وەستانە کاریگەرانەی کە خۆیان دەبنە قوربانی وەستانەکە، هێرشە بەهێز و هەڵچوونە تووڕەکانی یەک بە یەکی بەرهەمەکانی کە شوێنپێی سوتانی هەیە، ئاماژەن بۆ سەرەتای تەقینەوەی گڕکانێک. لویی ئالتۆسێر لە زۆر ژیان تێپەڕی -بەر لە هەر شتێک ژیانی ئێمە و ژیانی پڕ سەرکێشی تایبەتی، مێژوویی، سیاسی ئەو. زۆر باس هەن، بوونی ئەو دەخەنەڕوو، ئاڵۆزی کرد و خستیە ژێر کاریگەری خۆیەوە و سەرجەم ئەمانەی بە هۆی هێزی درەوشاوە و ئەندێشەکانیەوە، خووی ئەو بۆ بوون، فێرکردن و وتەکانی، دژیەکی و جیاوازیەکانیشی ملکەچدەکرد.

ئەو راستییەی کە ئێمە هەر یەکێکمان پەیوەندیەکی جیاوازی لەگەڵ لویی ئالتۆسێر هەبووە (من تەنیا باسی فەلسەفە و سیاسەت ناکەم)، ئەو راستییەی هەر یەکێک لە ئێمە بە رێگەی تایبەتی خۆی دەیزانێت، گۆشە نیگایەک لەو نهێنیە (نهێنیەکی بێکۆتا بۆ ئێمە و بەشێوەیەکی تەواو جیاواز بۆ ئالتۆسێر)، ئەو راستییەی کە لویی لە دیدی خەڵکەوە تایبەت بوو، لە کاتە جیاوازەکاندا، لە زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ، لە شەقامی (ئلم) یان هەر شوێنێکی تری فەڕەنسا، لە ناو حزبی کۆمۆنیست، حزبەکانی تر و زیاتر لە سەرجەم حزبەکان، لەناو ئەوروپا و دەرەوەی ئەوروپا، ئەو راستییەی کە ئێمە هەر یەکێکمان ئالتۆسێرێکی جیاوازمان خۆشدەویست، هەندێک کات لەم یان ئەو دەیەیەدا (لەبارەی منەوە بە هۆی خۆشبەختیمەوە تا کۆتا کات) - ئەم زۆری بەخشینە، ئەو زۆرەی کە هی ئەو بوو، ئێمە ناچاردەکات هەنگاوەکانی ئەو کۆبکەینەوە و ئاسانیبکەین، هێڵێکی رۆیشتن وێنابکەین، بە دوای سودمەندیەکدا بگەڕێین، مۆری هەڵە لە هەندێک شت بدەین یان بەشێوەیەکی تۆڵەسێنەرانە هەڵوێست وەرگرین و بە تایبەتی ئەگەر بمانەوێت هەژماری بکەین، ئەو بخەینەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆمانەوە، یان ئەگەر بمانەوێت دەست بەسەر ئەو شتەدا بگرین کە مەحاڵ بووە دەستی بەسەردا بگیرێت، پێویستە بە هەمانشێوە بمێنێنەوە. ئێمە هەمووومان هەزار روخسارمان هەیە، بەڵام ئەوانەی ئالتۆسێر دەناسن، دەزانن ئەم یاسایە لەودا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرجەستە دەبوو. بێشەرمی کارنامەی ئەو لە سەرەتادا لە کارێکدایە کە دەیهێنێتەدی یان دەیخاتە مەترسییەوە.

من کێشەیەکم نییە باس لەو کاروبارە بکەم (بە هەمان ئەو شێوەیەی کە پێویستە وا بکەین) لە نێوان من و ئەودا دووری دروستدەبوو یان دەگەیشتە روبەڕووبوونەوەی ئێمە (بەشێوەیەکی ئاڵۆز

یان بێجگە لە ئەو، هەندێک کاتێ تێکەڵ لەگەڵ هەڵچوون، لەبارەی بابەتە بچووک و گەورەکان) چونکە ئەوانە هەرگیز توانای ئەوەیان نەبوو هاوڕێیەتیمان ساردبکەنەوە و لەگەڵ سەرجەمی ئەو جیاوازیانەدا من ئەوم بە خۆشەویستترین دەزانـی. لەگەڵ ئەوەی هەر شتێک، کە دەیتوانی ببێتەهۆی جیابوونەوە، یان دوورکەوتنەوەی ئێمە لە یەکتری، من هەرگیز توانای ئەوەم نەبوو چاودێری ئەوە بکەم، کە بەسەر ئەو دێت یان بە مێشکیدا دێت. من لە دڵەوە لەبەر سەرجەمی ئەو شتانەی، کە لە ڕێگەی ئەوەوە سەردەمی گەورەیی منی گرتەوە و دێرینیەکەی بۆ ئەو کۆبوونەوە دادوەریانە دەگەڕێتەوە کە ئێمە ئێستا بیری لێدەکەینەوە و لە بەرامبەر ئەوەشدا کە جێگرەوەیەکی نابێت، لە هەمان دۆخدام.

بە دڵنیاییەوە ئەوەی کە ئەمڕۆ لە هەر شتێکی تر بەرجەستەترە و لەبەرچاومە، زیندوتر، نزیکتر و پڕ بەهاتر لە هەموو شتێکە، سیمای جوانی لویی-ە، بەو ناوچەوانە بەرز و پێکەنین و هەرشتێکی تر لەودا، لە ساتەکانی ئارامیدا هەر شتێک کە نەرم ونیان دەردەکەوێت.

ئەوەی ئەمڕۆ بە زیندوترین دەردەکەوێت، درەوشاوەیی ئەو روخسارەیە کە بەیەکەوە دەرخەری نەرمی و ڕەقییە و بەردەوام لەنێوان دەسەڵاتخوازی و ئارامگرتندا شوێنگۆڕکێدەکات، بە هەمانشێوە کە تاوناتاوێک هەڵچوونەکانی ئەوەیان لەخۆدەگرت. ئەوەی لە هەر شتێک زیاتر لەودا خۆشمدەوێت، کە لەوانەیە هەمان ئەوە بێت من بۆ خۆی کێشدەکات، ئەوەش بەهۆی ئەوەو بووە، کە کەسانێتر باشتر لە من دەیانناسی و زیاتر لێیەوە نزیکبوون، واتا و گەورەیی خۆی بوو، گەورەییەکی تایبەتی هاوشێوەی شوێنێکی نمایشی سیاسی تراژیدی کە تێیدا کارێکی گەورەتر لە ژیان هەیە، کارێک کە جەستەی ڕاستەقینەی ئەکتەرەکانی تێکدەشکێنێت، یان بەلاڕێدادەبات. کاتێک کە دەنگدانەوەی ناوە تایبەتیەکان هاوشێوەی

تیر، یان کوێرە ڕێگە، لە بەرامبەر سەرزەوییەک کە مەبەستە ئازادبکرێت، کۆدەکرێنەوە، وتەی گشتی لەبارەی ئالتۆسێر، کۆمەڵێک ناوی وەک (مۆنتسکیۆ، ڕۆسۆ، مارکس، یان لینین) دەداتەوە.

کەسانێک کە هەندێک کات لە پشت پەردەی نمایشە سیاسیەکەوە ئامادە دەبن و تێڕوانینێکیان بۆ ئالتۆسێر هەبوو، ئەوانەی سەردانی بەشی چاودێری نەخۆشخانەیان کرد و لەگەڵیدا مانەوە، بە باشی ئاگادارن ئەگەر یادی کەسانی وەک پاسکال و دایستایۆفسکی و نیتچە و ئارتو نەکەنەوە، شتێک قەرزداری راستی دەبن.

لە ناخی بوونمدا دەزانم ئالتۆسێر دەنگی من نابیستێت، ئەو تەنیا لە ناخی مندا گوێی لە من دەبێت، لە ناخی ئێمەدا، من دەزانم لە ناخی خۆمدا دەنگی ئەو لە بەرامبەرمدا دەوەستێنەوە و ناهێڵێت وانیشان بدەم کە لەگەڵ ئەو دەدوێم، هەروەها من دەزانم، کە ناتوانم شتێک فێری ئێوە بکەم، کە لێرە ئامادەبوون، چونکە لێرە ئامادەبوون.

بەڵام بە ئاسمانی ئەم ئارامگایەوە، لەسەروو ئێوەوە، من دەچمە خەیاڵەوە و رووی وتەکانم لەو کەسانەیە، کە بەدوایدا هاتوون یان هەر لە ئێستاوە بە دوای ئێمە و ئەو کەسانەی کە من دەیانبینم هاتوون، زۆر بەپەلەن، هەلی تێگەیشتن، شیکار، ڕێکخستن، چاکسازی، کەمکردنەوە، سنوردانان، ئاسانکردن و دادوەریان نییە.

بە واتایەکیت ر خائینەکان، ئەو کەسانەی کە هەن نین، کە نەزانن لێرە نەبن، لێرەدا چارەنووسێکی تاک، بابەتی پەلەقاژێیبوون، ئەندێشەکان، سیاسەت بە شێوەیەکی جیانەکراوە لەنێواندایە. من داوا لە ئەوان دەکەم هەوڵبدەن و کاتێک تەرخانبکەن و گوێمانلێبگرن، بۆئەوەی ئارامگرانە ئەو نهێنیانە بکەنەوە، کە لە سەردەمی ئێمەدا دەتوانرێت لەبارەی ژیان، کارنامە و ناوی لویی ئالتۆسێر نیشانبدات یان پشتڕاستیبکاتەوە. نەک تەنیا لەبەر

ئەوەی ئەم چارەنووسە شایانی ڕێزە، بەڵکو لەپاڵ ئەم زامە کراوانەدا، ئەو زام و ئومێدانەی ئەوان لەم چارەنوسەدا دوبارە دەیناسن، بێگومان ئەوەی بۆ بیستن، خوێندنەوە، پەی بردن بە ئەندێشە و ئەنجامدان بەجێماوە، شتێکی مەترسیدار فێری ئەوان دەکات.

من تا ئەو کاتەی زیندووم، واتە تا ئەو کاتەی ئەو یادگاریەی لویی ئالتۆسێر لای من دایناوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو بژیم، لە ناخی مندا بپارێزرێت، ئەمە ئەو شتەیە پێمخۆشە بیری ئەو کەسانەی بێنمەوە، کە لەم سەردەمەنین، یان کاتی ئەوەیان نەبووە رووینێبکەن. ئەمە ئەو شتەیە کە ئومێدم پێی هەیە رۆژێک بە روونی دەریبڕم، بێئەوەی ماڵئاوایی لە لویی ئالتۆسێر بکەم. ئێستا دەمەوێت هەلی قسەکردن بەو بدەمەوە بۆ دوا وتە.

دوێنێ شەو تا درەنگانێک بەرهەمەکانی ئەوم دەخوێندەوە، بەڵام ئەم وتەیەی پێش ئەوەی لەبارەی خوێندنەوەیەوە بڕیارێکبدەم، یان هەڵبژێرم خۆی سەپاند بۆ ئەوەی لێرەدا بیگێڕمەوە، کە لە یەکەم کارەکانی ئەوە، «بەڵێ، ئێمە لە سەرەتادا ئەو ئۆرگانە یەکماندەخات کە نمایشە، بەڵام ئێمە بە قوڵی زیاتر لە ڕێگەی هەمان ئەو ئەفسانانەوە یەکدەگرین، هەمان ئەو بنچینانەی، کە ئێمە بێئەوەی دەریبڕین، کۆتوبەندمان دەکات، بە هەمان ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە بەشێوەیەکی خۆویستانە ژیاوە. بەڵێ، لەگەڵ ئەوەی ئەم نمونەیە زۆر هەژارانەیە، وەک (ئێڵ نوسث میلان) ئێمە هەمان نان دەخۆین، توڕەیی و هەڵچوونی هاوشێوە تاقیدەکەینەوە و وڕێنەی لەوشێوەیە (بەلایەنی کەمەوە لە بیری خۆماندا، شوێنێک کە ئەو روداوانـەی ئەگەری رودانیان نزیکە گاڵتەمانپێدەکەن)، ئەگەر لە نائومێدیدا باسێکیتر نەخەینە ناو باسەکەوە. بەڵێ، هاوشێوەی دایکی ئازای دڵ لەبەردەم ماڵی خۆمان شەڕێکی هاوشێوەمان دەستپێکردووە، تاڵە موویەک لەولاتری خۆمان، لە ناخی خۆماندا، هەمان کوێری، خۆڵەمێشێکی

لەوشێوەیە لە چاوانماندا و هەمان ئەو خاکەی ناو دەممان. ئێمە لە هەمان ئێوارە و سپێدەوە پشکی خۆمان وەردەگرین، واتە بێئاگاییمان. ئێمە لە چیرۆکێکدا هاوبەشین و هەموو شتێک لێرەوە دەستپێدەکات.»

سەرچاوە:
http://www.bashgah.net

# لویی ئالتۆسێر و مارکس

**لە فارسییەوە: ئاکام بەسیم**

زۆربەی ئەم بابەتە لەسەر بابەتێکی «کەمالی رەزەوی» بە ناونیشانی «تێڕوانینێکی کورت لە چەمکە گرنگەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی لویی ئاڵتۆسێر» ئامادەکراوە. لەو جێگایەدا کە پێویست بووە رەخنەی لێگیراوە. لەو جێگایانەی کە وتەی ئامادەکارە لە نێوان دوو کەوانەدا «» دیاریکراوە.

ژیانی تراژیدی و سیاسی ئاڵتۆسێر

«لویی پییەر ئاڵتۆسێر» (بە فەرەنسی: Louis Pierre Althusser) لە رێکەوتی 16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1918 لەجەزایر لەدایکبووە. دوای مردنی باوکی، لەگەڵ دایک و خوشکەکەیدا کۆچی کرد بۆ شاری «مارسیلیا» لەفەرەنسا. لەخوێندنگەی «لیسە دۆپارک» سەرکەوتووانە خوێندنی دواناوەندی تێپەڕاند و لەسێپتەمبەری ساڵی 1939دا لەتاقیکردنەوەی خوێدنگەی بەناوبانگی «ئێکۆل نۆرماڵ سووپریوێر» توانی سەرکەوتوبێت و لەو زانکۆیەی پاریس وەک خوێندکار وەرگیرا. لەوێ کاسۆلیکێکی دەمارگیر بوو. بەردی بناغەی بزووتنەوەیەکی خوێندکاری مەسیحی دانا و دەستیدایە چالاکی ئایینی. جێگەو شوێنی پەروەردەی «ئاڵتۆسێر» بەراستی شیاوی بیرمەندێکی گرنگی فەرەنسییە، چونکە لەزانکۆ و زانستگەیەکی بەناوبانگدا خوێندی. کاتێک شەڕی جیهانی یەکەم دەستیپێکرد چووە ناو سوپای فەڕەنساوە و لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە بەدیل گیرا و چەندین ساڵ دیلێتی لای نازییەکان، بووە هۆی ئەوەی تووشی چەندین جۆر نەخۆشی دەروونی و جەستەیی ببێت. لەدوای رزگار بوون مەیلی بۆ مارکسیزم جولا. ئاڵتۆسێر ساڵی 1946 لەگەڵ ژنێکی

شۆڕشگێڕ و جولەکەی خەڵکی لیتوانیا بەناوی «هێلێن ریتمێن» ئاشنا بوو و تا کۆتایی تەمەنی لەگەڵی مایەوە. ئاڵتۆسێر لەساڵی 1948دا چووە ریزی حزبی کومۆنیستی فەڕەنسا. رۆیشتنی ئاڵتۆسێر بۆ ریزەکانی حزبی کومۆنیستی فەرەنسا، هاوکات بوو لەگەڵ جیابوونەوەی «موریس مێرلۆپۆنتی» لەو حزبە. ئاڵتۆسێر لە بەشی زۆری تەمەنیدا لە سیما ناسراوەکانی حزبی کومۆنیستی فەرەنسا و کەسایەتی ناسراوی پاریس بوو. کاریگەری بیروبۆچوونەکانی ئاڵتۆسێر لەدوایین ساڵەکانی دەیەی 1960دا کەخوێندکارانی رادیکاڵ و یەکێتییە کرێکارییەکانی فەرەنسا ناوەندی هەڵسووڕانی سیاسی ئەو وڵاتە بوون، بەلوتکەی خۆی گەیشت. هەر لەو ساڵەدا لەزانکۆدا وانەی فەلسەفەی بە خوێندکاران دەوتەوە. ئاڵتۆسێر بەئاشکرا رەخنەی لەسیستمی یەکێتی سۆڤییەت دەگرت، بەڵام رەخنەکانی لەسیستمی بۆرۆکراتیک و شتی وابوو، هەرگیز نەیتوانی رەخنەیەکی رادیکاڵ بەرامبەر یەکێتی سۆڤێت پێشکەشبکات. ئەو ستالینی بەوە تۆمەتباردەکرد، کە پرەنسیپەکانی مارکس لە»سەرمایەی» چەواشەکردووە. ئەو ساڵی 1965 کتێبی «بەرگری لە مارکس» و «خوێندنەوەی سەرمایە»ی بڵاوکردەوە. هەروەک لەدرێژەدا دەچینە سەر ئەو بابەتە هەوڵیدەدا، لەروانگەی خۆیەوە مارکس شیبکاتەوە. ئاڵتۆسێر کە لە دیلێتیدا تووشی چەندین جۆر نەخۆشینی دەروونی ببوو، لەرێکەوتی 19ی نۆڤەمبەری ساڵی 1980 بەدەستی خۆی هاوسەرەکەی خنکاند. هەر لەبەر ئەوە بۆ نەخۆشخانەی «سەنت ئان» بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان نێردرا. سێ ساڵ لەو نەخۆشخانەیەدا بوو، دوای باشتربوونی بۆ باکووری پاریس رۆیشت و درێژەی بەکارەکەی خۆی دا. ئاڵتۆسێر لە کۆتاییدا لەرێکەوتی 22ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1990 بەهۆی جەڵتەی دڵەوە ماڵئاوایی لەژیان کرد.

«لویی ئاڵتۆسێر» فەیلەسوفی فەرەنسی و بەناوبانگترین تیۆریسێنی «مارکسیزمی پێکهاتەیی»(Structural Marxism)ە، ئاڵتۆسێریش وەک مارکس

(کەسێکە کە تیۆرییەکەی لەسەر قسە و باسەکان و بۆچوونەکانی ئەو دارِشتووە) ئەگەر لەلایەکەوە کۆمەڵناس، یان تیۆریسێنێکی کۆمەڵایەتی بوو، لەلایەکی دیکەوە فەیلەسوف بوو. ئاڵتۆسێر لە»ئێکواڵ نۆرماڵ سوپریوێر»ی فەرەنسا لەبابەتی فەلسەفەدا خوێندبووی. تێزی دکتۆراشی سەبارەت بە هیگڵ، فەیلەسوفی بەناوبانگی ئەڵمانی نوسی و تا ئەو کاتەی لەدەیەی 1980دا بەکوشتنی هاوسەرەکەی کۆتایی بەتەمەنی زانستی خۆی هێنا، لەئێکواڵ نۆرماڵ وانەی وتەوە و بەم پێیە دەبێت، سەرەتا وەک فەیلەسوفێک ناوی بێنین، کەتیۆرییەکی بۆ لێکدانەوەی کۆمەڵگە هێنایە. «لێرەدا قسە لەسەر ئەوە ناکەین، ئەو تیۆرییە چەندێک لەلێکدانەوەی کۆمەڵگەدا سەرکەوتوو بووە، دواجار باس لەو بابەتە دەکەین».

لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین تا ئەو جێگەیەی دەتوانین هەندێک لە گرنگترین تەوەرەکانی تیۆری ئاڵتۆسێر لێکبدەینەوە و تا ئەو جێگایەی بکرێت رەخنەی خۆمانی ئاراستە بکەین. بەرلەوەی تیۆری ئاڵتۆسێر شیبکرێتەوە، پێویستە سەرنج بدرێتە سەر دوو گۆرانکاری لە دۆخی رۆشنبیری فەرەنسا و ئەوروپا لەسەردەمێکدا، کە ئاڵتۆسێر سەرقاڵی بەدەستەوەدانی تێگەیشتنێکی نوێ لەکارەکانی مارکس بوو. هەر بەم بۆنەیەشەوە سەرەتا بەشێوەیەکی کورت لەو بارەیەوە قسەدەکەین و دواجار خاڵە سەرەکییەکانی تیۆری ئاڵتۆسێر شیدەکەینەوە.

● گەرانەوە بۆ مارکسی لاو و بەلوتکە گەیشتنی مارکسیزمی هیومانیست

سەردەمی دوای کۆتایی هاتنی شەرِی جیهانی دووەم لە فەرِەنسا، ئەو سەردەمە بوو کە «دەستنوسە فەلسەفییەکانی» مارکس و ژمارەیەک گۆرانکاری مێژوویی دیکە وەرگێردرابوونە سەر زمانی فەرەنسی و بڵاوکرابوونەوە. هەر بەو بۆنەیەشەوە روانین بۆ مارکسیزم لەروانگەیەکی

هیومانیستی و ئیرادەگەرایانەوە پەرەی سەندبوو. لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوفەکان و تیۆریسێنەکانی فەرەنسا، دەستبەکاری پێشکەشکردنی شرۆڤەیەک لەکارەکانی مارکس بوون، کە تێیدا رۆڵی وشیاری و ئیرادە لەگۆڕانکارییەکاندا بەرجەستە دەبێنەوە.

«تێگەیشتنی «ئالتۆسێر» لە مارکسیزم و لە راستیدا پێداچوونەوەی ئالتۆسێر بەسەر مارکسیزمدا لەلایەکەوە لەژێر گوشاری پڕوپاگەندەی «شەڕی سارد»دا بوو، لەلایەکی دیکەوە بەو بۆنەیەوە بوو کە«سۆسیالیزمی راستەقینە» و ستالین بەناوی مارکسیزمەوە کۆمەڵێک تاوان و کارەساتی خوڵقاندبوو. ئالتۆسێر لەژێر ئەو گوشارەدا دەستی دایە پێداچوونەوە بەسەر کارەکانی مارکسدا و بەوتەی خۆی کارەکانی سەردەمی لاوێتی ئەوی بە بنەمای لێکۆڵینەوەکانی دانا. لێرەدا پێویستە تێبینییەک سەبارەت بەو پڕوپاگەندەیە و ملکەچبوونی کەسانی وەک ئالتۆسێر، بەرامبەر پڕوپاگەندە دژەکومۆنیستییەکانی سەردەمی شەڕی سارد پێشکەش بکەین. راستییەکەی ئەوەیە بەردی بناغەی مارکسیزم بۆ ژیانێکی باشتر دامەزراوە. مارکسیزم رێگای رزگاری مرۆڤ لەچەوساندنەوە دیاری دەکات، مارکسیزم بانگەشە بۆ یەکسانی مرۆڤەکان لەبواری ئابوری و سیاسیی دەکات، مارکسیزم هێزی چارەنووس سازی ئەو گۆڕانکارییە دەستنیشان دەکات.... کەوایە ئامانجی کومۆنیزم بەگشتی ئینسانییە. بەم پێیە، لەمارکسیزمدا ئامانجیش ناتوانێت پاساوی ئامرازی گەیشتن پێی بێت. کەوایە مارکسیستەکان ئازاریان بەئاژەڵیش ناگات، بەڵام ستالین کارێکی کردبوو ئەگەر مارکس بۆ خۆی زیندوو بووایە، بەدڵنیاییەوە هەر ئەو قسەیەیدەکرد، کە بەسۆسیال دیموکراتەکانی وت، «من مارکسیست نیم». ئەو تاوانانەی لە یەکێتی سۆڤێت و دوای بەلارێدابردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەلایەن ستالین و رژیمی سۆڤێتەوە بەناوی کومۆنیزم ئەنجامدران، دەستی دوژمنانی کومۆنیستی ئاوەڵا هێشتەوە بۆ ئەوەی بە

هەرجۆرێک بیانەوێت هێرش بکەنە سەر مارکسیزم. بەشێک لەوانەی خۆیان بەمارکسیست دەزانی، تەسلیمی ئەو پڕوپاگەندە دژەکومۆنیستییە بوون و لەبنەماکانی مارکسیزم هەڵگەڕانەوە. بۆ نمونە دەتوانین ئاماژە بەچەپی نوێ یان کومۆنیزمی ئەوروپی بکەین کە لەژێر کاریگەری ئەو هەلومەرجەدا چۆن خۆیان بۆ ئەو پڕوپاگەندەیە بەدەستەوە بدەن و لەبنەماکانی مارکسیزم لادەدەن و ئامانجی سۆسیالیزم و حکومەتی کرێکاری لەبەرنامەکانیان لادەبەن. ئەمانە بۆ خۆش خزمەتی کردن بەئاغاکانیان پشتیان لە هەموو ئامانجەکانی پێشوویان کرد.

ئەگەر ئەم جۆرە لە بەناو سۆسیالیزم نەیدەتوانی نمونەیەکی رادیکاڵ لەمارکسیزم پێشکەشبکات، بەدڵنیاییەوە یەکێتی سۆڤێتیش نەیدەتوانی نمونەیەکی رادیکاڵ لەمارکسیزم پێشکەش بکات. حزب و لەسەروویەوە ستالین دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤێتی قۆرخکردبوو. شورا کرێکارییەکان تێکشکێندرا بوون و تەنها بووکەڵەیەک لەیەکێتییە کرێکارییەکان مابووەوە و هیچ دەور و کاریگەرییەکیان لەسەر رەوتی رووداوەکانی ئەو وڵاتە نەبوو و لەرێبەرانی بۆرۆکراتی یەکێتییە کرێکارییەکانی ئەوروپای رۆژئاوا خراپتر بوون. لەوەها بارودۆخێکدا کەش و هەوای پێویست بۆ پەرەسەندنی ئەو جۆرە لێکدانەوانە لەمارکسیزم رەخسا. بەکورتی پێویستە بڵێین مارکسیزمی ئاڵتۆسێر بەرهەمی ئەو بارودۆخە بوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەدەستەوەدانی شرۆڤەیەکی ئاوا ساکار لەیەکێتی سۆڤێت و تەنها گرنگیدان بەلایەنی کەسایەتی ستالین بێگومان هەموو راستییەکانی پەیوەندیدار بەسەرهەڵدان و بەلاڕێداچوونی یەکێتی سۆڤێتمان بۆ روون ناکاتەوە. بێ گومان گەلێک فاکتەری ئابوری، سیاسی و پیشەسازی لەئارادا بوون، کە پێویستە لەکاتی خۆیدا و لەجێگای خۆیدا قسەی لەسەر بکرێت، بەڵام لێرەدا نەمەجالی ئەوەمان هەیە و نەپێویستیشە باسی ئەو بابەتە بکەین. ئەم پێشەکییە کورتەمان باسکرد، بۆئەوەی بچینە سەر

بابەتە سەرەکییەکە.»

لەهەموو رویەکەوە، ئالتۆسێر لەیەکەم هەنگاویدا، تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆی بۆ مارکس لە رەتکردنەوەی ئەم بۆچوونە مرۆڤ-تەوەر و ئیرادەگەرایانە لەکاری مارکسدا ریزبەندی دەکات (کراییب، یان، 192-193، فرێنێر، لوک، لاپەڕەی 34-36 و 40-44).

نوسەر پێیوایە گەڕانەوە بۆ بەرهەمەکانی سەردەمی لاوێتی مارکس و پێشکەشکردنی لەکارەکانی ئەو، کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر باوبوونی تێگەیشتنی دێتێرمێنیستی، یەکلایەنە و ئابوری تـەوەری مارکسیزمی ئەرتەدۆکس و مارکسیزمی یەکێتی سۆڤێت ،کە بۆ ماوەی چەند دەیە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا تێگەیشتنی زاڵ بەسەر مارکسیزمدا بوو، بەتایبەتی لەیەکێتی سۆڤیەت و جەمسەری رۆژهەلاتدا بانگەشەی بۆ دەکرا.

«بابزانین بۆچی ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە مارکس سەر هەڵدەدات و ئایا بە راستی هەقیقەتێکی تێدایە؟! مارکسیزمی دێتێرمێنیستی و کومۆنیزمی یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان لەنێوان ژێرخانی ئابوری و سەرخانی کلتوری و سیاسی دانەدەنا، بەڵکو بەشێوەیەکی میکانیکی لە پەیوەندی ژێرخان و سەرخان تێدەگەیشتن. ئەمانە رۆڵی سەرخانی سیاسی و ئایدۆلۆژییان لەسەر ژێرخانی ئابوری بە فەرمی نەدەناسی. هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕایەوە، کە تێگەیشتنێکی لەوچەشنە لە مارکسیزم لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ناسیۆنالیزمی ئەو وڵاتانە دەهاتەوە. ناسیۆنالیزم دەیویست شۆڕشی بۆرژوازیی بکات. دەبووایە دەسەلاتی بەدەستەوە بگرتایە، چ لەمارکسیزم باشتر! مارکسیزم دەیوت دەبێت دەسەلاتی دەوڵەت بڕوخێت. خۆ ئەمانیش ئەوەیان دەویست. بەمشێوەیە مارکسیزم بوو بە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی بۆرژوایی بە دەستەوەگرتنی دەسەلات.

بابەتی سەرخان و ژێرخان مەسەلەیەکی گرنگە و لە درێـژەی بابەتەکەدا زۆرتر شۆڕدەبینەوە ناوی، بەڵام پێویستە کە بە کورتی چاوێک بە روانگەی مارکسیستی ئەو مەسەلەیەدا بخشێنین: مارکس وتبوی هەموو بەرهەمێکی سیاسی، کلتوری و ئایدۆلۆژی لە سەربنەمای گۆڕانکاری ئابوری لێکدەدرێتەوە، بەڵام قەت کاریگەری سەرخانی لە سەر ژێرخانی رەتنەکردبووەوە. لە هەمانکاتدا هەمیشە جەختی لە ئەوە دەکردەوە کە ژێرخان لەدوا لێکدانەوەدا سەرخان دیاریدەکات. ئێستا با تۆزێک رۆچینە بابەتی ژێرخان و سەرخانەوە، با بزانین مارکس و ئەنگڵس مەبەستیان لەو چەمکە چی بووە و لە بنچینەدا ماتریالیزمی دیالەکتیک دەڵێت چی:

«چینە کۆمەڵایەتییەکان و مەیلە سیاسییە جۆراوجۆرەکان هەرکامەیان تێگەیشتنی دیاریکراوی خۆیان لە چەمکی ژێرخان و سەرخان هەیە. ئەم پێناسانە هاوتەریبی بەرژەوەندی چینایەتی و رێکخراوەیی ئەم چینانەن. کۆمەڵناسی مارکسیستی لەم بوارەدا روانگەیەکی یەکپارچە پێشکەشدەکات: بەرهەمهێنان مەرجی سەرەتایی درێـژەی ژیانی کۆمەڵایەتییە، هەتا بەرهەمهێنان نەبێت، ژیانی کۆمەڵایەتی هیچ مانایەکی نییە. دەبێت مرۆڤەکان بخۆن، بخۆنەوە، جل لەبەربکەن. مرۆڤەکان پێویستییەکانی ژیانی خۆیان بەرهەمدەهێنن و لەرەوتی بەرهەمهێناندا پەیوەندی بەیەکەوە دەبەستن. ئەم پەیوەندییانە سەربەخۆ لە ئیرادەی ئەوانە و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێناندا جیاواز بووە. مێژووی مرۆڤایەتی لە بەشی هەرەزۆری جیهاندا، شێوەی بەرهەمهێنان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی کۆمۆنەی سەرەتایی، کۆیلەداری، دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری بەخۆیەوە بینیووە. لەهەر کام لەم سەردەمانەدا، سەرخانی یاسایی، سیاسی، کلتوری، ئەخلاقی و شێوەکانی تایبەتی وشیاری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئەم پەیوەندییانە، واتە پەیوەندییەک کە مرۆڤەکان لە رەوتی بەرهەمهێنانی پێویستییەکانی

ژیانی خۆیاندا لەگەڵ یەکتری دەیبەستن، پێکدێت. سەردەمی کۆیلەداری لەچاو ژیانی کومۆنی سەرەتایی، کە بەشێوەی هاوبەش و یەکسان لەگەڵ یەکتری دەژیان، لەبواری مێژووییەوە هەنگاوێک روو لە پێشەوە بوو. لە کومۆنی سەرەتاییدا مرۆڤەکان هەرگیز نەیاندەتوانی زیاتر لە پێویستییەکانی خۆیان بەرهەم بێنن و هەمیشە برسی بوون، بەڵام لەسەردەمی کۆیلەداریدا ئەو دەرفەتە رەخسا کە زیادەی بەرهەم بێنەکایەوە. کاری کۆیلەکان رێگای بەچینەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا بپرژێنە سەر کاری فیکری. بیرکردنەوە و کاری فیکری پێویستی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤ بوو. زانستەکان و تەکنیک و زانیاری مرۆڤ لەهەموو بوارێکدا لەئاکامی کاری کۆیلەکان و پەیوەندی بەرهەمهێنانی کۆیلایەتیدا گەشەیانکرد. کۆمەڵگە لەبن بەستێکی سەرەتایی هاتە دەرەوە کە پێشووتر لەگەڵی بەرەورِوو بوو. کۆمەڵگەی مرۆیی درێژەی بە گەشەی شێنەیی خۆی دا هەتا گەیشتە قۆناغێک، کە ئەم سیستمە کۆمەڵایەتییە لە ئاکامی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنەردا بەبن بەست گەیشت. ئەم جارەش کۆمەڵگە بۆ دەرچوون لەم بن بەستە تویکڵی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی هەڵدرِی و رێگای پێشرِەوی دواتری هەموارکرد. ئەم رەوتە درێژەی هەبوو تا بە سەردەمی سەرمایەداری و شۆرِشەکانی بۆرژوازی گەیشتین.

ئەنگلس کۆمەڵگە بەبینایەک دەشوبهێنێت کە ژێرخان و سەرخانی هەیە. ژێرخان بەئابوری کۆمەڵگە و پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی دەڵێت: کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەخۆدەگرێت و سەرخانیش بە وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، کەلتوور، بیر و باوەرِ، سیستمی یاسایی و دادوەری دەڵێت.

نوسەر لەدرێژەی باسەکانیدا دەڵێت: ئالتۆسێر لەهەمانکاتدا کە دەیویست چوارچێوەی سەرەکی تیۆری ئەمدواییانەی مارکس رابگرێت، بەڵام بیری گەرِانەوە بۆ مارکسیزمی ئابوری تەوەری لەمێشکدا نەبوو.

جیاوازی ئەو لەگەڵ مارکسیزمێک کە مرۆڤ بەتەوەری سەرەکی دەزانێت، ئەم پاشەکشێیەی گەرەنتی نەدەکرد. ئالتۆسێر دەیویست سەنتێزێکی نوێ لەکاری مارکس پێشکەشبکات، کە وێڕای رەتکردنەوەی تێڕوانینی مرۆڤ تەوەر و هیگڵی مارکس و پاراستنی چوارچێوەی تیۆری مارکس لەدوایین قۆناغی ژیانیدا، لە ئێکۆنۆمی بەر لەویش خۆی جیابکاتەوە، بەڵام نەیتوانی و لەکۆتاییدا کەوتە باوەشی ئێکۆنۆمیزمەوە. (لەدوایدا لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە دەکەین.)

**سەرهەڵدانی تیۆری پێکهاتەگەرایی لە فەرەنسا**

هەر لەو سەردەمەدا کە ئالتۆسێر سەرقاڵی پێداچوونەوەی بۆچوونەکانی مارکس بوو، شەپۆلێک لەمەیل بەپێکهاتەگەرایی لەنێو بیرمەندانی فەرەنسیدا پەیدابوو، کە کاریگەری لەسەر کەش و هەوای رۆشنبیری ئەو کاتی فەرەنسا دانا. «فێرتێر» دانبەوەدا دەنێت لەناوەڕاستی دەیەی 1960 پێکهاتەگەرایی لەژیانی فەرەنسییەکاندا مۆدێلی بێ رکابەر بوو». هەڵبەت ئالتۆسێر هەمیشە حاشای لە کاریگەری پێکهاتەگەرایی لەسەر خۆی دەکرد. ئالتۆسێر هەر وەک مارکسیزمی هیومانیستی پێکهاتەگەراییشی بەجۆرێک «ئایدۆلۆژیای سەرمایەداری» دەزانی. (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێداگری ئالتۆسێر لەسەر ئەوەی کە پێکهاتەگەرایی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی بووە، چاو لە«کرایب»، لاپەڕەی 193، سەبارەت بەتێڕوانین بۆ مارکسیزیمی هیومانیستی وەک ئایدۆلۆژیایەک بکەن)، هەروەها چاو لەم قسەیەی ئالتۆسێر بکەن کە دەڵێت: «ئێکۆنۆمیزم و ئایدیالیزمی ئەخلاقی (ئەمرۆکە، هیومانیزم) دژایەتییەکی بنەڕەتییە (لەدژی تیۆری مارکسیستی) کە لە روانگەیەکی بۆرژوازییەوە سەرچاوەدەگرێت و ریشەی بـۆرژوازی هەیە. شێوەی فەلسەفی نوێی ئەم جیهانبینییە، واتە نیوپۆزەتیڤیزم و هزری Subjective ئەگزیستانسیالیستی فینۆمینۆلۆژیایە و

لەزانستە مرۆییەکاندا، ئایدۆلۆژیا، کە ستراکتۆرالیزم یان پێکهاتەگەرایی پێدەوترێت» (ئاڵتۆسێر، لاپەڕەی، 54). لەو پەرەگرافەدا دەبینین، کە ئاڵتۆسێر پێی وایە ریشەی ئێکۆنۆمیزم، هیومانیزم، نیوپۆزەتیڤیزم، ئەگزیستانسیالیزم و فینۆمینۆلۆژیا بۆرژوازییە، بەڵام هەندێک لەشرۆڤە کارانی ئاڵتۆسێر جەختیان کردووەتەوە کە ئەم کارەی ئاڵتۆسێر «ناوەرۆکی سیاسی» هەبووە» (کرایب، لاپەڕەی 193). لەبەرامبەردا ژمارەیەک لەشرۆڤەکارانی وتویانە، ئاڵتۆسێر ستراکتۆرالیستێکی ئاشکرا نەبووە (فێرتێر، لاپـەڕەی 47). بەڵام ئەوەی شرۆڤەکارانی ئاڵتۆسێر لەسەری هاوڕان ئەوەیە کەنیشانەکانی کاریگەری وەرگرتنی ئاڵتۆسێر لە ستراکتۆرالیزم لەکارەکانیدا بەرچاوە، ئەگەر ناوی ستراکتۆرالیستی لەسەر دابنێین، یان نەخێر، بەدڵنیاییەوە ستراکتۆرالیزمی فەرەنسی کاریگەری لەسەری هەبووە.

ئاڵتۆسێر لەدوو لایەنەوە کاریگەری لەسەر بووە: لایەنی یەکەم بۆ باسی سەرەتایی سەبارەت بەمەیلی ئاڵتۆسێر بۆ رەتکردنەوەی مرۆڤ–تەوەری لە لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە: «مرۆڤەکان هەر لەکۆنەوە تووشی ئەو خۆشباوەڕییە بوون، کە لە ئیرادەیاندا ئازادن، ئەوەش لە بارێکدایە کە بەردەوام لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێک یاسادا بوون، کە لێی ئاگادار نەبوون» (رۆینێرز»، لاپەڕەی 22).

«بەم شێوەیە دەبینین ئاڵتۆسێر رۆڵی مرۆڤ لەمێژوو رەت دەکاتەوە. با بزانین بۆچوونی مارکس لەو بابەتەوە چی بوو؟» یەکەم پێشکەوتنی فیکری مارکس نە لەبواری ئابوری کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا و نە لەبواری سیاسی و چۆنێتی حکومەتی کرێکاریدا بوو. ئەو لەهەنگاوی یەکەمدا دەست بۆ بنەڕەتی ترین ئاستی روتەڵی زانستی، واتە فەلسەفە دەبات. مارکس روبەڕووی پرسیارێکی بنەڕەتی بۆوە. پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەری چۆنە؟ بەر لەمارکس دوو بۆچوون زاڵ

بوون و هەر کامیان لەروانگەی خۆیانەوە وەڵامی ئەو پرسیارەیان دەدایەوە. مارکس ئەو دوو بۆچوونەی خستە ژێر پرسیارەوە. لەلایەکەوە روانگەیەک کە لە ئیلاهیاتی سەدەکانی ناوەڕاست مابۆوە و حاشای لەجیهانی ماددی دەوروبەر دەکرد و بانگەشەی بۆ ئایدیالیزم دەکرد. ئەم بۆچوونە هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لەدەوروبەری مرۆڤی بۆ هۆکاری ئایدیالیستی دەگەڕاندەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ماتریالیزمی میکانیکی سەردەمی رێنیسانسی فەرەنسا، هەروەها مەکتەبی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بوو کە دژی ئەم جۆرە فەلسەفە ئایدیالیستییە سەنگەری گرتبوو. هەر کام لەم مەکتەبانە جەختیان لەسەر رەسەنایەتی مادە، یان تاقیکردنەوەی هەستی گۆڕانکاری جیهانی دەرەوە دەکـردەوە، پێیانوابوو بیری مرۆڤ دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە. لەروانگەی ئەم مەکتەبانەوە دەوری وشیارانەی مرۆڤ لەپێکهێنانی گۆڕانکاری لەجیهانی دەوروبەری خۆی زۆر کەم بوو، گرنگیەکی ئەوتۆیان بەپراکتیکی مرۆڤ نەدەدا. یەکێکیان لەبنەڕەتدا حاشای لەم جیهانە مادییە دەکرد و گۆڕانکارییەکانی بۆ کۆمەڵێک رووداوی هزری دادەشکاند. ئەوەیتریان جەختی لەسەر رەسەنایەتی مادە دەکردەوە، گۆڕانکارییەکانی جیهانی سەربەخۆ لەهەر چەشنە هۆکارێکی غەیرەمادی دەزانی. بەم پێیە کەسێک کە بەدەست نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە دەیناڵاند و بەیەکێک لەو دوو جیهانبینییە خۆی تەیارکردبوو، کارێکی ئەوتۆی پێنەدەکرا. یان دەبوایە بە پێشێل کردنی ئایینی دابمرکایەتەوە یان ئەوەیە کە سیاسەتی ئارامگرتن و چاوەڕوانی بگرتایەتە بەر بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا رۆژێک لەرۆژان رەوتی گۆڕانکاری مادده لە داهاتوودا بەقازانجی ئەو بگۆڕدرێت، بەڵام مارکس بەردی بناغەی جیهان بینییەکی دانا، کە لەبەرامبەر هەر دووکی ئەم جیهانبینییەدا بوو. ئەویش وەک ماتریالیستەکانی بەر لەخۆی جیهانی ماددی دەرەوەی وەک حەقیقەتێک یان داتایەکی سەربەخۆ وەردەگرت، بەڵام پێیوانەبوو گۆڕانکارییە سەربەخۆکان لەدەسەڵاتی مرۆڤدان.

بۆ مارکس جیهانی ماددی دەوروبــەری دیاردەیەکە بــەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ڕەوڕەوەی ئەم گۆڕانکارییە هەرگیز ڕاناوەستێت، بەڵام بەلای مارکسەوە ئەم گۆڕانکارییانە تەنها بەهۆکاری کیمیایی یان فیزیاییەوە نەبوون، بەڵکو لەهەمان کاتدا لەئاکامی چالاکی یان پراکتیکی مرۆڤدا ڕوو دەدەن.

مارکس لێرەوە بۆ دۆزینەوەکەیتری دەچێت. مارکس لە هەمانکاتدا ڕوونی دەکاتەوە دەستبەجێ پاش ئەوەی مرۆڤەکان ژیانی خێڵەکی و سەرەتایی خۆیان تێپەڕاند و تەنیا لەڕێگەی کۆکردنەوەی گژوگیا، میوە و ڕاوەوە نەدەژیان و ناچار بوون بۆ پاراستنی «مانەوە»ی خۆیان ڕوو لە بەرهەمهێنان بکەن، لەلایەکەوە کاریگەرییان لەسەر سروشتی دەوروبــەری خۆیان دانا، لەلایەکیترەوە بەهەوڵ و هەڵسووڕانی خۆیان وردە وردە گۆڕانکارییان بەسەرداهێنا، هەروەها لەلایەکیتریشەوە ژیانی سەرەتایی و هاوبەشی ڕابوردوویان وەلاوە نا و پێیان نایە ناو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ یەکتری کە سەرچاوەکەی چالاکی بەرهەمهێنان بوو. ئەم پەیوەندییە تازانە وردە وردە بواریان بۆ پێکهاتنی چینەکان خۆشکرد و بەپەیدابوونی چینەکان خەباتی چینایەتی بوو بەهێزی بزوێنەری مێژوو. کۆمەڵگەی سەرمایەداری بۆ مارکس کۆمەڵگەیەکی لەو چەشنە بوو، بەڵام ئەم جارە ئەم جارە خەباتی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی ڕەوتی گۆڕانکارییەکان دیاری دەکات.»(ئارمانەکان و خۆشباوەڕییەکان، جەعفەر ڕەسا).

مارکس لە»هەژدەیەمی برومێر لویی بوناپارت»دا، واتە چەند ساڵ دوای دەستنوسەکانی یەکەم قسەکانی بەو شێوەیە دەستپێدەکات: «... مرۆڤەکان بۆ خۆیان خوڵقێنەری مێژوون، بەڵام نەک بەپێی دڵخوازی خۆیان و لەبارودۆخێکدا کە خۆیان هەڵیانبژاردووە، بەڵکو لەبارودۆخێکدا کە لەڕابوردووەوە بەمیرات پێیان گەیشتووە و بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵی بەرەوڕوون...»»

ئەو بۆچوونەی ئاڵتۆسێر لە بۆچوونی ستراکتۆرالیستەکانەوە سەرچاوەی دەگرێ. ئەوان ئەوەیان ڕەتدەکردەوە، کە دیاردە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بەرهەمی بڕیاردانی بەرنامە بۆداڕێژراون، بەپێچەوانەوە مرۆڤەکانیان بە بەرهەمی نادیاری روتەڵ و بێ دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی دەزانی (فێرنێر: لاپەڕەی 48) لایەنێکی دیکە ئەوە بوو بۆ تێگەیشتنی زانستی لەوەی روو دەدا، تەنها ئەوە بەس نییە ببینین. هەقیقەت بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەرک ناکرێت، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لەهەقیقەت پێویستە توێژاڵە نهێنییەکان بدۆزینەوە و لێکی بدەینەوە. (توسلی، لاپەڕەی 164).

**چەمکە گرنگەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی ئاڵتۆسێر**

ئەوەی وەک مارکسیزمی ستراکتۆرالیزم دەناسێندرێت و ئاڵتۆسێریش بەیەکێک لە تیۆریسێنەکانی (یان باشتر وایە بڵێین گرنگترین تیۆریسێنی) دەناسرێت، لەچەند خاڵدا روون دەبێتەوە:

1. مارکسیزمی ستراکتۆرالیست حەزی لە لێکۆڵینەوە لەو پێکهاتە شاراوانەیە، کە بەسەر کۆمەڵی سەرمایەداریدا زاڵە.

2. بەباوەڕی ئاڵتۆسێر لەنێو ئەو پێکهاتانەدا تەنها پێکهاتە، یان ئاستی ئابوری گرنگ و رۆڵی دیاریکەری نییە. ئاست یان پێکهاتەی سیاسی و ئایدۆلۆژیاش دەتوانن لە هەندێک کۆمەڵگە و قۆناغدا رۆڵی دیاریکەر بگێڕن و لەهەمانکاتدا لەچاو پێکهاتە ئابورییەکاندا، تا رادەیەک سەربەخۆ بن. هەرچەند کە لە دوایین لێکدانەوەدا پێکهاتەی ئابوری چارەنووس سازە. (پێشتر لەسەر ئەم بابەتە ئاوڕمان دایەوە. لەدواییدا قسەی زۆرتری لەسەر دەکەین).

3. فاکتەری مرۆیی لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییەکی نییە. ئاڵتۆسێر پێیوایە ئەم بیرە کە مرۆڤەکان خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆی

خۆیانن، نادروسته. مرۆڤەکان لەژێر دەسەڵاتی پێکهاتەکاندان.

ئەمانە ئەو خاڵە سەرەکییانەی مارکسیزمی ستراکتۆرالیستە و ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوەی وردتر لەسەر چەمکە گرنگەکانی تیۆری ئاڵتۆسێر بکەین، ڕێنماییەکی باشن. بەم پێشەکییەوە ژمارەیەک لە گرنگترین بەشەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی ئاڵتۆسێر لێکدەدەینەوە.

### 1. پرۆبلۆماتیک PROBLEMATIC

یەکێک لەچەمکە بنەڕەتی و گرنگەکانی تیۆری ئاڵتۆسێر چەمکی پرۆبلۆماتیکە. دەوترێت ئاڵتۆسێر ئەم چەمکەی لە «ژاک مارتین» قەرزکردووە. ئاڵتۆسێر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو چەمکە دەڵێت:

«دەبێت هەموو ئایدۆلۆژیایەک وەک یەکەکی ڕاستەقینە چاو لێبکرێت، کە ئەو شتە یەکپارچەی دەکاتەوە. ئەوەش پرۆبلۆماتیکی ئەو ئایدۆلۆژیایەیە. بەم پێیە ناتوانین فاکتەرێک دەربکێشین بەبێ ئەوەی لە ماناکەیدا گۆڕانکاری بێنەئاراوە» (ئاڵتۆسێر بۆ مارکس، لەسەر زاری «فێرتێر»، لاپەڕەی 50). «زانست تەنها دەتوانێت لەبوار و لە ئاسۆی پێکهاتەیەکی تیۆری دیاریکراودا هەندێک پرسیار بێنێتە گۆڕێ، واتە لەناو پرۆبلۆماتیکی ئەو زانستەدا، کە چارەنووس سازە و مەرجی ڕەها و دیاریکراوی مسۆگەر بوونی ئەو زانستەیە» (ئاڵتۆسێر، لەسەر زاری تۆسلی، لاپەڕەی 171).

بەم پێیە لەڕوانگەی ئاڵتۆسێرەوە سیستمێکی یەکپارچە لەئەندێشە، لەبواری دەروونییەوە یەکپارچەیەکی هەیە، کە گشت ئەو شتانە ڕێنوێنی و دیاریدەکات، کە خەڵک پێیان وایە لەو سیستمەدا هەیە. ئاڵتۆسێر بەم یەکپارچەییە دەروونییە دەڵێت «پرۆبلۆماتیک»ی ئەو ئایدۆلۆژیایە و بەمشێوەیە شیدەکاتەوە: «یەکەیەکی پێکهێنەری ئەندێشەیەکی کاریگەر، کە بواری ئایدۆلۆژیک دیاریدەکات» (هەر ئەو سەرچاوەیە). لەجێگایەکی دیکەدا

لە شوناس کردنی پرۆبلۆماتیکدا دەڵێت: مەبەست لەوە «یەکپارچەیی تایبەتی فۆرماسیۆنێکی تیۆرییە. کۆمەڵە پرسیارێکە، کە بەسەر وەڵامەکاندا زاڵە». بەم پێیە پرۆبلۆماتیکی هەر بیرمەندێک سیستمێک لە چەمکەکانە، کە ئاراستەی پرسیارەکانی و لە ئاکامدا وەڵامدانەوە بەپرسیارەکانی دیاری دەکات.

ئاڵتۆسێر دەڵێت چەمکی پرۆبلۆماتیکی لە مارکس وەرگرتووە، ئەگەرچی مارکس هەرگیز راشکاوانە باسی ئەم چەمکەی نەکردووە، گوایە ئەم چەمکە لە لێکدانەوەی ئایدۆلۆژیکی سەردەمی مارکس و بەتایبەتی لە»ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی»دا دەبینرێت. بۆ وێنە ئاڵتۆسێر ئەم بەشە لە قسەکانی مارکس لە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی هێناوەتەوە:

«رەخنەگری ئەڵمانی... بەهیچ شێوەیەک وێنە فەلسەفیە گشتییەکانی خۆی تاقی نەکردۆتەوە. لە راستیدا تەواوی کێشەی ئەم رەخنەگرانە لە سیستمی فەلسەفی بەرتەسکی هیگڵیەوە سەرچاوە دەگرێت. نەک تەنها لە وەڵامەکاندا، بەڵکو لە پرسیارەکانیشدا جۆرێک لێڵی و نادیاری دەبینرێت» (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی، لاپەڕەی 52).

بەڵام ئامانجی ئاڵتۆسێر لە خواربوونەوە بەسەر چەمکی پرۆبلۆماتیک چییە؟ ئاڵتۆسێر دەیەوێت لەرێگەی ئەو چەمکەوە نیشانی بدات کە کارەکانی سەردەمی لاوێتی مارکس لەگەڵ پرۆبلۆماتیکی مارکسیدا (یان تیۆری کۆتایی ژیانی مارکس) ناگونجێت، بەڵکو ئەم بەرهەمانە بەتەواوەتی لە چوارچێوەی پرۆبلۆماتیکی (هیگڵی و فیورباخی)دا دارێژراون. لەم بەرهەمانەدا مارکس بیروباوەڕی خۆی لە رەخنە لە بۆچوونەکانی هیگڵ و فیورباخ و درێژەی هەمان پرسیارەکانی ئایدیالیزمی ئەڵمانی گەشە پێداوە. ئەوە لە کاتێکدایە، کە مارکس ساڵی 1845 بەتەواوەتی ناوکی خۆی لەم پرۆبلۆماتیکە «پساندووە». هەر لێرەوە بەدووەم چەمکی گرنگ لەکارەکانی ئاڵتۆسێر دەگەین.

## ٢. پساندنی ئەپستمۆلۆژی EPISTEMOLOGICAL

ئاڵتۆسێر لە پێداچوونەوەی مارکسدا هەوڵدەدات ئەو بابەتە نیشانبدات، کە مارکس لە ساڵی 1845 بەولاوە بەجۆرێک لە جۆرەکان لە تیۆرەکەی خۆیدا لەبواری ئەپستمۆلۆژیەوە لێکدەترازێنێت. بەم پێیە، ئەوەی مارکس لە»ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی» و «تێزەکان دەربارەی فیورباخ»دا هێنایە گۆڕێ و لەکۆتاییدا لە بەرهەمە بەنرخەکەی، واتە «سەرمایە»دا بەلوتکەی گەیاند، بە ئاڕاستەی پچڕاندنی بەتەواوەتی خۆی لە ریشەی هیگڵی، بیرکردنەوەی سەردەمی لاوێتی بووە:

ئاڵتۆسێر دەڵێت: «مەیلی ئەندێشەی مارکس بەشێوەیەکی چارەهەڵنەگر بەرەو وەلانانی رادیکاڵی هەموو سێبەرێکی کاریگەری هیگڵ لەسەر بیروبۆچوونەکانی دەڕوات. لە بەرهەمەکانی ساڵی 1875 («رەخنە لەبەرنامەی گۆتا») و ساڵی 1882 («چەند تێبینییەک سەبارەت بەواگنێر») بەئاشکرا ئەم بابەتە دەبینین. مارکس لە دۆخێکدا کە بێ بەزەییانە لەهەر چەشنە کاریگەرییەکی هیگڵ خۆی دوور رادەگرت، لەهەمان کاتدا باش دەیزانی چەندێک قەرزارباری بەهیگڵە: چونکە هیگڵ یەکەم کەس بوو کە وەک «پرۆسەی بێ بابەت» چاوی لە مێژوو کردبوو» (ئاڵتۆسێر، لاپەڕەی 32).

مارکس دەڵێت: شێوازی دیالێکتیکی من نەک تەنیا لە بناغەوە لەگەڵ شێوازی هیگڵی جیاوازە، بەڵکو رێک لە بەرامبەریدایە. لەروانگەی هیگڵەوە پرۆسەی بیرکردنەوە، کە تەنانەت ئەویش لەژێر ناوی ئایدیا کەسایەتییەکی سەربەخۆی پێدەبەخشێت، خولقێنەری حەقیقەتە و پێیوایە حەقیقەت رەنگدانەوەی ئایدیایە. بەپێچەوانەوە من بیرکردنەوە تەنها بەگواستنەوە و رەنگدانەوەی پرۆسەی مادی لەبیری مرۆڤ دەزانم، پێموایە بێجگە لەوە هیچی تر نییە. نزیکەی سی ساڵ لەمەوبەر کاتێک هێشتا دیالێکتیکی هیگڵ

مۆدەی رۆژ بوو، من رەخنەم لەلایەنی فریودەرانە و چەواشەکارانەی گرت، بەڵام رێک لە کاتێکدا کە خەریکی نوسینی بەرگی یەکەمی «سەرمایە»بووم، ئەوە بێ ئام و بانگەشەی زۆر و گەمژەکانی دوایی، کە ئەمڕۆکە لەئەڵمانیادا بەرهەمهاتبوون و قسەیان برەوی هەبوو، دەیانویست ئەو مامەڵەیە لەگەڵ هیگڵ بکەن کە لە سەردەمانێکدا «لیسینگ موز مەندلێس زۆن»ی بێچارە بەرامبەر بە سپینۆزا کردبووی، واتە ئەو بە«سەگێکی هار» بزانین. بەم پێیە من بەئاشکرا خۆم بەپەیڕەوی ئەم زانا گەورەیە ناوبرد و تەنانەت ئەو بەشەی «تیۆری بەها»م نوسی. زیانێک هیگڵ فریوکارانە لە دیالێکتیکی دا، بەهیچ شێوەیەک بەر بەوە ناگرێت، کە هیگڵ بۆ یەکەم جار بەشێوەیەکی هەمەلایەنە شێوە گشتییەکانی وەگەڕکەوتنی دیالێکتیکی دەربڕیبوو. دیالێکتیک لەلای هیگڵ لەسەر سەر وەستابوو، بۆئەوەی کاکڵەی عەقڵانی دیالێکتیک لەتوێکڵی عیرفانی جیابکرێتەوە، دەبوایە لەسەر پێ دابنرایە. دیالێکتیک لە ئەڵمانیا بەشێوەیەکی ئاوەژوو بوو بەمۆدە، چونکە وای دەنواند دەتوانێت راستی ئاوەژووبکاتەوە.

بـۆرژوازی و وتەبێژانی ئەو چینە پێیان وابوو دیالێکتیک ئەگەر ئاوەژوو بکرێتەوە، شتێکی رسوا و نەفرەت لێکراوە، چونکە بەپێی دیالێکتیک تێگەیشتنی پۆزەتیڤ لەوەی هەیە، لەهەمان کاتدا تێگەیشتنی نێگەتیڤ و رووخاندنی پێویست دەکات، چونکە دیالێکتیک هەموو شتێک لە گەڕان و گۆڕاندا دەبینێت و پێیوایە هەروەک چۆن پەیدا دەبن، هەر بەو شێوەیەش لەناو دەچن، چونکە دیالێکتیک مل بۆ هیچ دەسەڵاتێک نادات و لەبنەڕەتدا رەخنەگر و شۆڕشگێڕە.

گـەشـەی پـڕ لەناکۆکی کۆمەڵی سـەرمـایـەداری لەرێگەی ئەو گۆڕانکارییانەوە کە لە وەگەڕکەوتنی دەورەیی پیشەسازی نوێوە سەرچاوە دەگرێت و لەقەیرانی گشتیدا بەلوتکەی خۆی دەگات، بەتوندترین شێوە

خۆی بەبۆرژوازی کار بەدەست دەناسێنێت. ئەم قەیرانە ئەگەرچی هێشتا قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆی دەبڕێت، دیسانەوە لەرێدایە و لە ئاکامدا هەمە لایەنە بوونی مەیدانی کردەوەی خۆی و کاریگەرییەکانی بەشێوەیەکی چارە هەڵنەگر، دیالێکتیک لە مێشکی بەختەوەرانی ئیمپراتۆری (پرۆسیا) ئەڵمانیا دەچەقێنێت. (پێش وتاری کارڵ مارکس بۆ سەر سەرمایە، لەندەن، 24ی ژانویەی 1873).

فێرنێر دەڵێت « مارکس ساڵی 1845 خۆی لەهەر چەشنە تیۆرییەک کە مێژوو و سیاسەت لەسەر گەوهەری مرۆیی دابنێت، بڕی. ئەم بڕینە سێ فاکتەری گرنگی هەبوو:

1. چوارچێوەیەک بۆ تیۆری مێژوو و سیاسەت کە لەسەر بنەمای چەمکێکی بەتەواوەتی نوێ راوەستاوە. چەمکەکانی وەک شێوەی کۆمەڵایەتی، هێزەکانی بەرهەمهێنان، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، سەرخان، ئایدۆلۆژیا، دیاریکردنی کۆتایی لەلایەن ئابورییەوە، دیاریکردنی ئاستە تایبەتییەکانیتر و هیتر.

2. رەخنەی ریشەیی لە هەر چەشنە خۆنواندنێکی تیۆریک بەرامبەر بەهیومانیزم.

3. شوناسکردنی هیومانیزم وەک ئایدۆلۆژیا» (فێرنێر، لاپەڕەی 54-54).

بەباوەڕی ئاڵتۆسێر لەو کاتەدا مارکس بەتەواوەتی لەپرۆبلۆماتیکی هیومانیستی دەبڕێ و پرۆبلۆماتیکێکی نوێ بونیات دەنێت کە ماتریالیزمی مێژوویی بوو، زانستێکی راستەقینەی مێژووی لێکەوتەوە. دەوترێت ئاڵتۆسێر دەستەواژەی «پچڕاندنی پەیوەندی ئەپستمۆلۆژی Epistemological» لە»گاستۆن باشلار»، فەیلەسوفی فەرەنسی وەرگرتووە. بە بۆچوونی «باشلار»، مێژووی پێشکەوتنە زانستییەکان لە زنجیرەیەک دابڕان پێکدێت لەهەر

دابڕانێکدا «نەریتی گشتی» و «تیۆرییە زانستییەکانی پێشوو» بەتەواوەتی وەلا دەنرێن و جێگای خۆیان دەدەن بەسیستمێکی تیۆری نوێ. بەم دابڕانە دەڵێن «دابڕانی ئەپستمۆلۆژی». چونکە لەو دابڕانەدا لە تیۆری ناسیندا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە و زانیارییەکی نوێ دەخوڵقێت. ئاڵتۆسێر پێی وایە لە دابڕانی ئەپستمۆلۆژیی مارکسدا، زانیاری مێژوویی پێکهات:

ئاڵتۆسێر دەڵێت: «دەتوانین بەئاسانی سەرمایە، ئەم بەرهەمە گەورەیە بە یەکێک لەسێ دۆزینەوەی زانستی گەورەی مێژووی مرۆڤایەتی ئەژمار بکەین: واتە دۆزینەوەی سیستمی چەمکەکان ( بەم پێیە دۆزینەوەی تیۆری زانستی) کە دەرگاکانی «کیشوەری مێژوو» بەسەر مەعریفەی زانستی دەکاتەوە. بەر لە مارکس دەروازەکانی دوو کیشوەر بەگرنگیەکی هاوشێوەی «مەعریفەی زانستی» کرابۆوە. لەلایەکەوە کیشوەری بیرکاری لەلایەن یۆنانییەکان لەسەدەی پێنجەمی زایینی کرایەوە، لەلایەکی دیکەوە کیشوەری فیزیا لەلایەن گالیلەوە کرایەوە». («ئاڵتۆسێر»، لاپەڕەی 6).

بەم پێیە مارکس بە دابڕانێکی ئەپستمۆلۆژی، بەتەواوەتی لە پرۆبلۆماتیکی هیگڵی و ئایدیالیستی جیادەبێتەوەو پرۆبلۆماتیکێکی نوێی بونیات نا کەبریتییە لە»مەعریفەی مێژوویی» یان هەمان «ماتریالیزمی دیالکێتیک». لەوە بەدواوە هەوڵی ئاڵتۆسێر وەسف کردنی پرۆبلۆماتیکی مارکسە، کە بەوتەی ئاڵتۆسێر بنەمایەک بۆ مەعریفەی زانستییە. بە ئاڕاستەی ئەم هەڵوەدایە کە چەمکەکانی وەک دیاریکردنی چەند لایەنە، خۆبەڕێوەبەری و سەربەخۆیی ڕێژەیی، کردەوە (پراکتیک) و دیاریکەر بوون لە لێکدانەوەی کۆتایی وەک بنەمای پرۆبلۆماتیکی مارکس لەلایەن ئاڵتۆسێرەوە ڕێکدەخرێت و شیدەکرێتەوە.

لەگەڵا ئـەوەی ئاڵتۆسێر بە بـاڵای مارکسدا هـەڵـدەدات، بەڵام رووهەڵماڵاوانە لە ژێر گوشاردا حاشا لە تەواوی دەسکەوتەکانی مارکس

دەکاتـ، کە لەدوای دەستنوسە فەلسەفی و ئابورییەکان بەدەستی هێنا. کارێک کە مارکس کردی ئەوە بوو کە فەلسەفەی ئایدیالیزمی هیگڵی لەسەر پێ دانا، فەلسەفەیەک کە پێشتر لەسەر سەر دانرابوو. هیگڵ مینۆدێکی شۆڕشگێڕانەی بەکارهێنابوو، بەڵام لە کۆتاییدا بە موحافیزکاری نەتەوەیی بۆ ئایدیالیزم کە چی دەکرد و بەوتەی مارکس ئەگەر مێتۆدی هیگڵ شۆڕشگێڕانە بوو، سیستمە فەلسەفییەکەی موحافیزکارانە بوو. مارکس هەروەک لە پێش وتاری سەرمایەدا ئاماژەی پێ دەکاتـ ئەرکی دەرهێنانی کاکڵەی شۆڕشگێڕانەی دیالێکتیکی هیگڵی لە توێکڵی موحافیزکارانەی لەئەستۆ گرتـ.

### 3. کردەوە (پراکتیک)

یەکەم چەمک کە لە پرۆبلۆماتیکی ئاڵتۆسێردا دێتە گۆڕێ، چەمکی کردەوە (practice)یـە. بە باوەڕی «یان کرایب»، ئاڵتۆسێر خۆویستانە لە چەمکی پراکسیس (دید) کە بەجۆرێک لە جۆرەکان بوارێکی هاوشێوەی (Action)ە، کەڵک وەردەگرێتـ تا جیاوازی پراکسیس لەگەڵ (Action) نیشان بداتـ. کردەوە لەفاکتەری «مەبەستـ» و «هەڵبژاردن» بێبەشە (کرایب، لاپـەڕەی 198). هەڵبەتـ لەگەڵ مەیلی ئاڵتۆسێر بۆ لەبەرچاو نەگرتنی رۆڵی کاریگەری مرۆڤ زۆر گونجاو دێتە بەرچاو. ئاڵتۆسێر مەبەستی خۆی لەکردەوە بەو شێوەیە شی دەکاتەوە:

«مەبەستی من لەپڕاکسیس، هەر چەشنە رەوتێکی گۆڕانکارییە کە «مادەیەکی خاوی دیاریکراو» دەکاتە «بەرهەمێکی دیاریکراو». گۆڕانکارییەک کە لەرێگەی «کاری دیاریکراوی مرۆڤ»ەوە بەڕێوەدەچێتـ و لەو رەوتەدا «ئامرازە دیاریکراوەکانی (بەرهەمهێنان) بەکار دەبرێتـ. ئەگەر بەو شێوەیە لەهەموو جۆرە کردەوەیەک تێبگەین، قۆناغ یان (فاکتەری) دیاریکەری هەر کردەوەیەک نە ماددەی خاوە و نە بەرهەم، بەڵکو کردەوە بەواتای

دیاریکراوی وشەکەیە. قۆناغی کاری گۆڕانکاری، کە لەپێکهاتەیەکی تایبەتیدا ڕوو دەدات، بەمرۆڤەکان، ئامراز و مێتۆدی تەکنیکی و بەکارهێنانی ئامرازی کارەوە گرێ دراوە» (فێرنێر، لاپەڕەی 66).

بەمشێوەیە دەبینین هەر کردەوەیەک لەسێ فاکتەر یان سێ بەش پێکهاتووە: ماددەی خاو، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (لەوانە هێزی کار و ئامێری بەرهەمهێنان) و بەرهەم، بەڵام هەروەک ئاڵتۆسێر جەخت دەکاتەوە، فاکتەری چارەنووس ساز هەمان فاکتەری ناوەڕاستە کە کۆمەڵەی هێزی کار و ئامرازی بەرهەمهێنانە. ئاڵتۆسێر بۆ شیکردنەوەی واتای کردەوەی خۆی فاکتەری ئابوری بەکاردێنێت، کە هەم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەکۆتاییدا لایەنی ئابوری چارەنووس سازە و هەم قسە و باسەکەی خۆی لەچوارچێوەیەکی چەمکەکانی Terminology مارکسی ڕێکدەخات. ئەو بەم کارەی دەیەوێت کارەکەی بخاتە چوارچێوەی مارکسیستییەوە، بەڵام ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە کردەوە تەنها تایبەت بەئاستی ئابورییە. ئاڵتۆسێر پێیوایە هەر ئاست یان پێکهاتەیەک کردەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. سێ ئاستی سەرەکی ئابوری، سیاسەت و ئایدۆلۆژیا کردەوەی سێ لایەنەی تایبەت بەخۆیان هەیە. لە ڕوانگەی ئاڵتۆسێرەوە هەر ئاستێکیتریش دەتوانێت کاری تایبەت بەخۆی هەبێت. لە پراکتیکی ئابوریدا، ماددە سروشتییەکان (وەک پۆڵا یان قوماش) لە ڕێگەی ئامێر و کاری پیشەسازی کرێکارانەوە دەبنە بەرهەم (کەل و پەلی ئۆتۆمبێل یان پۆشاک). لە پراکتیکی سیاسیدا، مادە خاوەکان کە برێتین لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەڕێگەی ڕێکخراوە سیاسییەکان و ئەو سیاسەتانەوە کە ئەم ڕێکخراوانە دایدەسەپێنن، بەرهەمێکی لێدەکەوێتەوە، کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێن. لە کردەوەی وێژەییدا (کە جۆرێکی تایبەتی لە پراکتیکی ئایدۆلۆژیکە) ماددەی خاو برێتیە لە: ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیی ژیانی خەڵکێک کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا کار و ژیان دەکەن،

کۆمەڵێک باوەڕی ئایدۆلۆژی کە پێکهاتەیەکی دیاریکراو (باوەڕە فەلسەفی، سیاسی و ئایینییەکان)، هەروەها رووداوەکانی ژیانی ئەو بۆ خۆیان تەرخان دەکەن. ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی پراکتیکی وێژەییش کۆمەڵێک ژانر و فۆڕمی وێژەیین کە لە بەردەستی هەموو نوسەرێکدایە. بێجگە لە شێوە جۆراوجۆرەکانی بڵاوکردنەوە، دابەشکردن و بەکارهێنان لە کۆمەڵگەیەکدا لە پێکهاتەیەکدا کار دەکاتٔ و خەیاڵانی نوسەر لەلایەن بارودۆخی کۆمەڵایەتییەوە دیاری دەکرێن. بەرهەم لە کۆتاییدا بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ئەم دواییانە لەسەر مادەی خاوی سەرەتایی، بەرهەمی وێژەیی (رۆمان، شیعر و شێوەکانی دیکەی ئەدەبیاتٔ)ە. لە کۆتاییدا دەتوانین باسی پراکتیکی فیکری بکەین کە تێیدا مادەی خاو کە ئایدۆلۆژیایە، لە ڕێڕەوی پرۆبلۆماتیکی تیۆری تیۆریسێنەوە دەبێتە بەرهەمی مەعریفەی زانستی. (فێرتێر، لاپەڕەی 66–67، کرایب، لاپەڕەی 198–199).

ئاڵتۆسێر لێرەدا تووشی جۆرێک ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی دەبێتٔ. ئەو ناتوانێتٔ چوارچێوەیەکی فیکری یەکپارچە بۆ خۆی دیارییکاتٔ و ناچار دەبێتٔ یاری بە وشەکان بکاتٔ. چی لەو جێگایەدا کە وەک ئێکۆنۆمیستێک خۆی دەردەخـاتٔ و چی لەو جێگایەدا کە رۆڵی سیاسەتٔ و ئایدۆلۆژیا بەرجەستە دەکاتەوە، تووشی سەرلێشێواوی و شپرزەیی دەبێتٔ. ئاخر نابێتٔ هەم ئایدۆلۆژیا رۆڵی دیاریکەری هەبێتٔ و هەم سیاسەتٔ و هەم ئابوری. ئەوە لەگەڵ لۆژیکدا ناگونجێتٔ. ئاڵتۆسێر ئەگەرچی هەوڵدەداتٔ خۆی لە چوارچێوەی بیروباوەڕی مارکسدا بهێڵێتەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بە مامۆستاکەی وەفادار نییە و دۆستایەتی لەگەڵ مارکس دۆستایەتی «ورچ»ە. ئەگەر بمانەوێتٔ ئەم ئاڵۆزییە فیکرییە لە بواری سیاسییەوە مانا بکەینەوە، دەرەنجامی گوشارەکانی سەردەمی «شەڕی سارد» و پڕوپاگەندەیەکی بەرینی دژە کۆمۆنیستی کە لەو سەردەمەدا لەئارادا بوو. دەرەنجامی سیاسی ئەو

مێتۆدەی ئاڵتۆسێر، بێجگە لە پارلەمانتاریزمی بۆرژوازیی هیچی تر نییە، واتە لە کاتێکدا کە کۆمۆنیزمی رووسی هیچ ئاڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانەی پێ نەبوو، لەکاتێکدا کە شوراکان، یان سوینەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە رووسیا نەمابوون و تەنیا بوکەڵەیەک لەو رێکخراوانە مابووەوە، مارکسیزمی ئەوروپایی و مارکسیزمی ستراکتۆر لە ناو پەرلەمانەکاندا بەدوای ئامانجی خۆیدا دەگەڕا.

### 4.پێکهاتەی پێکهاتەکان (فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی)

هەروەک ئاماژەی پێکرا، ئاڵتۆسێر پێیوایە لە ناو جۆرەها کرداری مسۆگەردا، سێ کردار گرنگیەکی بنەڕەتییان هەیە: پراکتیکی ئابوری، پراکتیکی سیاسی و پراکتیکی ئایدۆلۆژیی. پراکتیکەکان لە چوارچێوەی پێکهاتەکان یان کۆمەڵە پەیوەندییەکدا کە بەدەوری پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو کردارەدا پێکهاتوون، روودەدات و لە راستیدا پراکتیکی دیاریکراوی مرۆڤ، ئامڕازی بەرهەمهێنان کەدووەم بەشی سێ لایەنەی کردارەکانن، لەلایەن ئەم پێکهاتانەوە دیاریدەکرێن. ئەو پێکهاتانەی کە ئەو سێ کردەوە بنەڕەتییە دەگرنەوە، ئاستە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە پێکدەهێنن کە بریتین لە: ئاستی ئابوری، ئاستی سیاسی و ئاستی ئایدۆلۆژیا. هەموو کۆمەڵگەیەک لەم سێ ئاستە پێکهاتووە. ئەم سێ ئاستە بەگشتی (فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی) یان «پێکهاتەی پێکهاتەکان» پێکدەهێنێت.

دەوترا ئاڵتۆسێر تەنیا حەزی لە مارکسیزمی هیومانیستی بووە، لەگەڵ مارکسیزمێکی خامدا کە شێوەی ئابوری بەشێوەیەکی رەها بە ژێرخانی هەموو شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیکە دەزانی، ناتەبا بووە و رەتیکردۆتەوە. لەو بارەیەوە دەیوت «ئەوە ئێکۆنۆمیزمە، نەک سوننەتی مارکسیستی کە زنجیرە پەیوەندییەک لەخوارەوە بۆ سەرەوە و یەک جار بۆ هەتاهەتایە

دیاریدەکات و بۆ هەر کامیان گرنگی و دەور و نەخشێک دیاریدەکات و مانای گشتی پەیوەندییەکانیان شیدەکاتەوە. ئەوە ئێکۆنۆمیزمە کە دەور و نەخشەکان بۆ هەتاهەتایە دیاریدەکات و نازانێت، کە پێویستی ئەم وەگەڕ کەوتنە لە ئالوگۆڕی رۆڵەکان «بەپێی جێگاوشوێن «دایە. (ئالتۆسێر، بۆ مارکس، لاپەڕەی 226). ئالتۆسێر بۆ رەتکردنەوەی مارکسیزمی ئابوری خام لەکارەکانی مارکس و ئەنگڵس بەڵگە دێنێتەوە. بەشێوەی دیاریکراو ئاماژە بە نامەیەکی ئەنگڵس لەساڵی 1890 دەکات کەتێیدا دەڵێت:

«بەپێی تێگەیشتنی ماتریالیستی لە مێژوو، فاکتەری چارەنووس سازی «یەکلایی» لە مێژوودا، بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی راستەقینەیە. من و مارکس تەنها ئەوەمان وتووە و زیاتر لەوە هیچیترمان نەوتووە. بەم پێیە ئەگەر کەسێک بڵێت فاکتەری ئابوری «تاقە» فاکتەری چارەنووس سازە، قسەکەی ئێمەی کردووە بە وشەیەکی بێ مانا و روتەڵە. بارودۆخی ئابوری بناغەیە، بەڵام گەلێک فاکتەری جۆراوجۆر لەسەرخان (شێوە سیاسییەکانی خەباتی چینایەتی و دەرەنجامەکانی، ئەو پێکهاتانەی کە چینە جۆراوجۆرەکان لە دوای سەرکەوتن لە خەباتی چینایەتیدا جێگیری دەکـەن، یاساکانی دادوەری و تەنانەت رەنگدانەوەی ئەم خەباتە راستەقینانە لە بیر و مێشکی خەباتگێڕان و تیۆریە فەلسەفی، یاسایی و سیاسییەکان، بۆچوونە ئایینیەکان و کردنیان بەکۆمەڵێک بنەمای وشک) بوونی هەیە، کە لەسەر خەباتی مێژوویی کاریگەری دادەنێن و لەزۆر بابەتدا لەسەر دیاریکردنی شێوەیاندا رۆڵی زیاتر دەگێڕن». («ئەنگڵس»، کۆمەڵە نامەکانی، فۆرتێر، لاپەڕەی 60). بەم شێوەیە دەبینین کە ئالتۆسێر بیری دیاریکەر بوونی ئاستی سیاسی و ئایدۆلۆژی بۆ مارکس و ئەنگڵس دەگەڕێنێتەوە، پێیوایە مارکسیستە ئێکۆنۆمیستەکان لە تێگەیشتن لە تیۆری مارکسدا تووشی هەڵە بوون و تێگەیشتنێکی وشکیان لێی هەیە و رۆڵی دیاریکەری ئاستەکانی دیکە لەبەرچاو ناگرن. هەر لێرەوەیە کە

واتای «خۆبەڕێوەبەری یان سەربەخۆیی ڕێژەیی پێکهاتەکان» و «دیاریکردنی فرەلایەنی» لەلایەن ئالتۆسێرەوە ڕێکخراوە و پێشکەش دەکرێت.

<تەواوی تیۆری مارکس ئەوەیە، کە هێزەکانی بەرهەمهێنان، واتە ئابوری لەسەردەمێکدا ئەوەندە گەشە دەکەن، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵیدا دەکەونە ناکۆکییەوە و پێویستی گۆڕینی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە دێنێتەکایەوە. مارکس کە یەکەم قەیرانەکانی سەرمایەداری دەبینێت، بەو دەرئەنجامە دەگات، کە ئەم هێزانە بە ئاشکرا داوا دەکەن پەیوەندییەکان بگۆڕدرێن، تا ئەو کاتەی کە ئەو پەیوەندییانە دەگۆڕدرێن قەیران و ئەزمە هەر دێتەکایەوە. ئەمڕۆکە ڕاستی و دروستی ئەو لێکدانەوەیە لەسەر کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەبینین. دەبینین کە تەنانەت بەهەر ڕێژەیەک بتوانن شکڵ بەسیستمەکەیان بدەن، دیسانەوە ناکۆکییە بنەڕەتییەکان چالاک دەبنەوە و قەیرانی ئابوری هەر دێتە کایەوە. تازەترینی ئەم قەیرانانە قەیرانی ئابوری ساڵی 2008 بوو کە بە گەورەترین قەیران (لەدوای قەیرانی 1929–1933) ناو دەبرێت، کەوایە بناغەی ئابوری بۆ وەها گۆڕانکارییەک ئامادەیە، تەنها ئەوە بەسە هێزی کۆمەڵایەتی چارەنووس ساز لە بواری ڕێکخراوەیی و وشیارییەوە خۆی بۆ ئەو گۆڕانکاریە ئامادە بکات. ئەگەر سەد و پەنجا ساڵ لەوەوپێش بەریتانیا، فەرەنسا و ئەڵمانیا بۆ وەها گۆڕانکارییەک ئامادەبوون و مارکس جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە پێویستە بەخێرایی خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، واتە خۆمانی بۆ ڕێکبخەین، بۆچی ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردستانی بۆ ئەو گۆڕانکارییە ئامادە نییە. بەدڵنیاییەوە ئەو نائامادەییە بۆ گەشەی ئابوری ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ سستی و لاوازی لە بواری ڕێکخراوەیی و وشیارییەوە دەگەڕێتەوە. بەواتایەکی دیکە هۆکارەکەی ئەوەیە کە خەڵک هێشتا ڕێکخراو نین، هێشتا بەئەزموونی خۆیان بەو دەرەنجامە نەگەیشتوون کە سۆسیالیزم تاقە ڕێگای ڕزگارییانە، هێشتا سۆسیالیزم مەقبولیەتی کۆمەڵایەتی پەیدا

نەکردووە. خۆ ئەمەش خۆ بەخۆ نایەتە کایەوە، پێویستی بەحزبی کومۆنیستی هەیە بۆئەوەی ئەو شۆڕشە رێکبخات، کە بەداخەوە لە کوردستانی عێراق وەها حزبێک وجوودی نییە.>

**5.سەربەخۆیی رێژەیی پێکهاتەکان**

ئاڵتۆسێر لەسەر ئەو باوەڕەبوو، کە پەیوەندی ئاستی ئابوری و ئاستی سیاسی و ئایدۆلۆژی لەگەڵ یەکتری لە جۆری گرێدراوی، یان سەربەخۆیی رەها نییە، بەڵکو لە جۆری «سەربەخۆیی رێژەیی»یە. خۆ بەڕێوەبەری رێژەیی کاتێک بوونی هەیە کە جۆرێک پەیوەندی دژی یەکتر لە ئارادا بێت، پەیوەندی ناکۆک گرێدراوی تەواوی لێ نابێتەوە. ئاستی سیاسی و ئایدۆلۆژی نە بەتەواوی بە ئاستی ئابوری گرێ دراون و نە بەتەواوی سەربەخۆن، بەڵکو سەربەخۆییەکی رێژەییان هەیە و دەتوانن تایبەتمەندی ئەوەیان هەبێت لەسەر یەکتری «کاریگەری تایبەتی» دابنێن:

ئاڵتۆسێر دەڵێت «هێشتا پێویستە لێکۆڵینەوەی تیۆری لە سەر پەیوەندی تایبەتی نێوان ژێرخان و سەرخانبکەین. مارکس لانی کەمەکەی «دوو سەری زنجیر»ەکەی بەدەستمانەوە دا و پێماندەڵێت: لەنێوان ئەو دوو سەرەدا چ روودەدات: سەرێکی دیاریکردنی کۆتایی لە لایەن شێوەی بەرهەمهێنانەوە (ئابوری) و ئەو سەرەکەی دیکە سەربەخۆیی سەرخانەکان و کاریگەری تایبەتی ئەوانە» (ئاڵتۆسێر، بۆ مارکس، لەسەر زاری فێرنێر، لاپەڕەی 61).

مەبەست لەکاریگەری تایبەتی ئەوەیە، کە هەرکام لە ئاستەکانی سەرخان، لەوانە ئاستی سیاسی و ئایدۆلۆژیک دەتوانن لەسەر لایەنەکانی دیکەی سەرخان و ئاستی ئابوری کاریگەری دابنێن و لەراستیدا ئەم رووداوە هەمیشە روو دەدات. بەم پێیە ئاڵتۆسێر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە پرۆبلۆماتیکی مارکسیدا، کۆمەڵ پێکهاتەیەکی ئاڵۆزکاوە و برینییە لەئاستی

جۆراوجۆری چالاکی کە لە کۆمەڵێک پەیوەندی ئاڵۆزکاودا لەسەر یەکتری کاریگەری دادەنێن. تەنانەت ئەم کاریگەرییە دەکرێت «دیاریکەر» بێت، بەڵام «لەقۆناغی کۆتاییدا، ئابوری چارەنووس سازە»، بەواتایەکی دیکە ئاستی سیاسی یان ئایدۆلۆژیک دەتوانن کاریگەرییەکی دیاریکەر لەسەر یەکتری دابنێن، بەڵام «لە دوا لێکدانەوەدا ئەوە ئابورییە رۆڵی چارەنووس ساز دەگێڕێت. لە درێژەدا چاوێک بەسەر «دیاریکردنی فرەلایەنی» و «دیاریکردنی کۆتایی» دەخشێنین.

<ئەوەی پێویستە سەبارەت بەم بنەمایەی بۆچوونی ئاڵتۆسێر بیڵێین ئەوەیە، کە سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵدەدات و سوێند دەخوات لە میتۆدۆلۆژی مارکسی لانـەدات، بەڵام هیچ کاریگەرییەک لە ماهیەتی بۆچوونەکانیدا پێکناهێنێت. ئەوە بەواتای پڕوپاگەندە بۆ پەرلەمانتاریزمە. ئەمە بەواتای ئەوەیە، کە ئیتر ئابوری بەردی بناغەی هەرچەشنە گۆڕانکارییەک پێکناهێنێت و بەم پێیە دەبێت لە پەرلەمانەوە گۆڕانکاری پێکبێنین. ئاڵتۆسێر تووشی ئەو هەڵەیە دەبێت کە ئێکۆنۆمیستەکان دەبن. ئێکۆنۆمیستەکان دەڵێن ئابوری ماهیەتی هەر چەشنە خەباتێک دیاریدەکات. دەرئەنجامی ئاسایی ئەم حوکمە ئەوەیە، کە ئابوری بەهەر جۆرێک بێت، خەباتی سیاسیش پێویستە پێ بەپێی ئەو ئابورییە بڕواتە پێشەوە. خۆ ئەمڕۆکە ئابوری، ئابورییەکی سەرمایەدارییە. کەوایە خەباتی چینایەتیش پێویستە لەو چوارچێوەیەدا بمێنێتەوە. ئاڵتۆسێر رێک بەو دەرئەنجامە دەگات جا لە لایەنێکی دیکەوە ئەو لەکردەوەدا حاشا لە دەوری چارەنووس سازی ئابوری دەکات و دێتە سەر ئەو باوەڕە، کە سیاسەت و ئایدۆلۆژیا دەوری دیاریکەر دەگێڕن. ئەگەرچی ئاڵتۆسێر دەڵێت «لە قۆناغی کۆتاییدا، ئابوری چارەنووس سازە»، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک لەو حوکمە کەم ناکاتەوە، کە ئێکۆنۆمیستەکان پێی لەسەر دادەگـرن و لەسەر خەباتی چینایەتی ریفۆرمیستی جەختدەکەنەوە. ئەو هەڵەیەی هەم

ئیکۆنۆمیستەکان و هەم مارکسیستە پێکهاتەگەراکان تووشی دەبن ئەوەیە، کە مارکس باوەڕی بەو حوکمەی ماتریالیستەکانی کۆن هەیە کەمادە لە پێشەوەی هزردایە و چۆنێتی هزر دیاریدەکات. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە کە هزر بۆ خۆی لە جنسی مادەیە، کەوایە لەو چوارچێوەیەدا دەتوانێت لە سەر مادده کاریگەری دابنێت. مارکس ئەم حوکمە بۆ بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیش پەرەپێدەدات. ئابوری بە مادده دەشوبهێنێت و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا بەهزر، بەڵام لەهەمانکاتدا باوەڕی بەو حوکمەی دیالێکتیک هەیە، کە هەموو شتێک لە گۆڕاندایە و تەنها شتێک کە نەگۆڕە بگۆڕە، کەوایە ئابوریش وەک مادده گۆڕانکاری بەسەردا دێت و بەو پێیەش سیاسەت و ئایدۆلۆژیاش دەگۆڕێن، بەڵام مارکس پێیوانییە گۆڕانکاری تەنها بەشێنەیی روو بدات، بەڵکو لەهەمان کاتدا جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکاتەوە، کە پێکهاتنی گۆڕانکاری بەشێنەیی لە هێزەکانی بەرهەمهێناندا بەجێگایەک دەگات، کە ئیتر پێویستی پێکهاتنی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەرخاندا دێنێتە گۆڕێ.»

**6. دیاریکردنی فرەلایەنی و کۆتایی**

ئاڵتۆسێر چەمکی «دیاریکردنی فرەلایەنی» (over determination)ی لە دەرونشیکاری فرۆید وەرگرتووە. لە دەرونشیکاریدا کاتێک بە ئامانجەکان دەڵێن دیاریکردنی فرەلایەنی کە زیاتر لەیەک هۆکاریان هەبێت. بۆ وێنە ئەگەر خەونێک، وێنەی دوو یان زیاتر لە دوو کەس بڵاوبکاتەوە کە خەون دەبینن، دەڵێن «دیاریکردنی فرەلایەنی». ئاڵتۆسێر ئەم چەمکەی وەرگرتووە و دەڵێت: کە هەر کام لەئاستەکان دەتوانن لە چەند لایەنەوە کاریگەر بن، واتە هەر ئاستێک دەتوانێت لە رێگەی جۆراوجۆرەوە بەرهەمی رووداو و کردەوە گەلێک بێت، کە لەهەموو ئاستەکانی دیکەی ژێرخان و سەرخانی دیکەدا روو دەدەن.

بۆ تێگەیشتن لە «دیاریکردنی فرەلایەنی» پێویستە وەک «یان کرایب» پەیوەندی ئەم چەمکە لەگەڵ چەمکی «پارادۆکس» لە ئەندێشەی مارکسیدا شیبکەینەوە. مارکس ناکۆکی نێوان هێزەکان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە فاکتەری چارەنووس سازی ئاستی ئابوری و ئەکامولی دەزانێت. مارکس لە سەر ئەو باوەڕەیە، کە ناکۆکی لە ناخی سیستمی سەرمایەدارییدایە. ئەگەر بمانەوێت بەزمانێکی سادە ئەم ناکۆکییە بنەڕەتییە شیبکەینەوە دەبێت ئاماژە بە رەوتی کەڵەکەکردنی سەرمایە و قەیرانە دەورییەکانی سیستمی سەرمایەداری بکەین: بەردی بناغەی سەرمایەداری بەرهەمهێنانی سامانی زۆرترە، بەواتایەکی دروستتر بەدەستهێنان قازانج و کەڵەکەکردنی سەرمایەیە. راستییەکەی ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی سامانی زۆرتر گەشەی سەرمایە بەرتەسک دەکاتەوە. مەیلی سەرمایەداری بەوە کە سامانی زۆرتر بەرهەمبێنێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەو قۆناغانەدا بەرهەمهێنان لەرادە بەدەر گەشەی کردووە، رەوتی بەرهەمهێنان لەگەڵ سستی بەرەوڕوو بێتەوە و لەئاکامدا بێکاری و قەیرانی ئابوری بێتەکایەوە: لێرەدا پارادۆکس لەوەدایە کە مەیلی سەرمایەداری بە بەرهەمهێنانی زۆرتر لە کۆتاییدا دابەزینی بەرهەمهێنانی لێدەکەوێتەوە. ئاڵتۆسێر پێیوایە کە لە ئاستەکانی دیکەشدا دەتوانین شوێنی ناکۆکی ئابوری بدۆزینەوە و ئەوەی لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵەکاندا روودەدات، رەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی «پێکهاتەی پێکهاتەکان»ە. واتە ناکۆکی دەروونی هەر ئاستێک لەگەڵ ناکۆکی ئاستە جۆراوجۆرەکان لەگەڵ یەکتری. لەپاڵ یەکدا بوونی ئەم ناکۆکیانە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە دوو بارودۆخ بێتەکایەوە: یان ئەم ناکۆکییانە یەکتری بەهێزدەکەن (کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگەدا بارودۆخێکی شۆڕشگێڕانە بێتە کایەوە) یان پێش بە پەرەسەندنی یەکتری دەگرن (کە سستی و قەیرانی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە). ئاڵتۆسێر شۆڕش لە رووسیا و سستی و قەیران لە هیندستان

وەک نمونەیەک لەو دوو بابەتە دێنێتەوە (کاراییب، لاپەڕەی 202–203).
ئاڵتۆسێر کاریگەری ناکۆکییەکان لە ئاست یان پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لەسەر یەکتری بە «دیاریکردنی فرەلایەنی» ناو دەبات، بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە «دیاریکردنی فرەلایەنی» قایلە، هێشتا پێی وایە کە«لە دوا لێکدانەوەدا ئابوری دیاریکەرە». ئاڵتۆسێر ئەمەیانی لە ئەنگڵسەوە وەرگرتووە، بەڵام دەستبەجێ دوای ئەو رستەیە دەڵێت «ئەم قۆناغە کۆتاییە هەرگیز نایەتە ئاراوە».

ئەم هەڵوێستەی ئاڵتۆسێر پارادۆکسێکی تێدایە. ئەو لەلایەکەوە ئەگەری چارەنووس سازبوونی ئاستی سیاسی و ئایدۆلۆژی و کاریگەرییەکانیان لەسەر ئابوری بەفەرمی دەناسێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە پێی وایە لە دوا قۆناغدا ئابوری رۆڵی دیاریکەر دەگێڕێت. «کرایب» هەوڵی داوە بەزمانێکی ساکار مەبەستی ئاڵتۆسێر لە «لە دیاریکەر بوونی رۆڵی ئابوری لە دوا قۆناغ»دا شیبکاتەوە: ئەگەر چی ناکۆکی ئابوری گرنگترین ناکۆکیە، بەڵام هیچ کاتێک لە»شێوەی تایبەتی خۆیدا» سەر هەڵنادات و هەمیشە لەگەڵ ناکۆکییەکانی دیکەدایە کە لە جیهانی راستەقینە سەر هەڵدەدات.

بەپێی تیۆری ئاڵتۆسێر کۆمەڵەکان دەتوانن پێکهاتەی دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان هەبێت. واتە دەکرێت لە کۆمەڵگەیەکدا ئایدۆلۆژیا رۆڵی دیاریکەر بگێڕێت، لە کۆمەڵگەیەکی دیکەدا سیاسەت ئەو رۆڵە بگێڕێت و لەکۆمەڵگەیەکی دیکەدا ئابوری ئەو دەورە بنوێنێت. ئەو پێیوایە ئاستی زاڵ لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا یەکسان نین و لەهەر کۆمەڵگەیەکدا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئاستێک زاڵ بێت. ئەمە بە بارودۆخی مێژووییەوە گیری خواردووە. (فرێنێر، لاپەڕەی 65). بۆ وێنە لە کۆمەڵە دەرەبەگایەتییەکاندا ئاستی سیاسی و ئایدۆلۆژی پێکەوە لە بواری پێکهاتەوە زاڵ بوون. لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری سەرەتاییدا ئاستی ئابوری زاڵە و دەوترێت کە

لە کۆمەڵەی سەرمایەداری ئەم دواییانەدا، ئەم رۆڵە لە ئەستۆی ئاستی سیاسیدایە، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە ئاستی ئابورییە کە دیاری دەکات کام ئاست زاڵ بێت. دەڵێیت لە هەندێک کۆمەڵگەدا، ئاستی ئابوری تایبەتمەندی چارەنووس سازبوونی خۆی بەئاستەکانی دیکە دەدات.

«یـان کـرایـب» بۆ روونـکـردنـەوەی ئـەم تێگەیشتنەی خـۆی لە ئاڵتۆسێر دەستدەداتە روونکردنەوەی بابەتی «شێوەی بەرهەمهێنان» لە تیۆری ئاڵتۆسێردا و نمونەیەکی بە کەڵک سپاردنی ئەرک بەم شێوەیە لە کۆمەڵی دەرەبەگایەتی پێشکەش دەکات. ئەو دەڵێت: «لە دەرەبەگایەتیدا زەحمەت نەکێشەکان (خاوەنانی ئامرازی بەرهەمهێنان کە پێویستیان بەوە نییە کاربکەن) خاوەنی زەوین، بەڵام زەحمەتکێشەکان (خاوەنانی هێزی کار) بەرێوەیدەبەن. رەنگە زەحمەتکێشان ئەوەندە بەرهەم بێنن کە بۆ مانەوەی بنەماڵەکەیان پێویستە و چونکە کۆنترۆڵی زەوی بەدەستیانەوەیە، رەنگە لۆژیکی بێت ،هەر ئەوەندە لە بەرهەمهێنان بۆ دابینکردنی ژیان و بەرێوە چوونیان بێت، بەڵام خاوەن زەوییەکان لە رێگەی میکانیزمەکانیانەوە جوتیاران ناچاردەکەن زیاتر بەرهەم بەرهەمبێنن و بە خاوەنەکانی بدەن: بۆ ئەم مەبەستە رەنگە جوتیار ناچار بکەن باجی ساڵانە بەخاوەن زەوی بدات، یان چەند رۆژێکی ساڵ لەماڵەکەی ئەودا کار بکات و ... . هەر بەو بۆنەیەشەوە پێویستە جوتیار هان بدەن کە مل بەم کارە، واتە بەرهەمهێنانی (زیاتر لە پێویستییەکانی خۆی و بنەماڵەکەی) بدات و بەڵێنی ئەخلاقی بدات، کە ئەنجامی بدات و ئەگەر پێویستیش بکات لە رێگەی سزای یاساییەوە ئەو کارە بکات. بەمشێوەیە دەبینین پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان (ئاستی ئابوری) بەجۆرێکە، کە زەحمەت نەکێشەکان، دەبێت دڵنیابنەوە کە لە رێگەی پێکهاتە سیاسی و ئایدۆلۆژیەکانەوە بەرهەمی زیاتر قۆرخ دەکەن. هەر بەم بۆنەیەشەوە، ناوەڕۆکی ئاستی ئابوری، ئاستی سیاسی و ئایدۆلۆژی

لە جێگا و شوێنێکی زاڵ دادەنێت» (کرایب، لاپەڕەی 209–210).

<بەڵام گرنگی لایەنی سیاسی و ئایدۆلۆژی هەرچەندە زۆریش بێت، ناتوانێت حاشا لەو راستییە بکات، کە ئابوری لەدوا لێکدانەوەدا چارەنووس سازە. چاو لە کۆمەڵی سەرمایەداری بکەن. ئایا لەم کۆمەڵگەیەدا کرێکار بەزۆری سیاسی یان ئایدۆلۆژیک ناچاردەکەن کاربکات. بەدڵنیاییەوە ئەم لێکدانەوەیە بەشێک لە هەقیقەتەکەی تێدایە، بەڵام ئەو بەشەکەی دیکەی نابینێت. دەوڵەت، سیاسەت و ئایدۆلۆژیا هەموویان لەسەر ئەوە رۆڵیان هەیە، کە کرێکار مل بەجێگا و شوێنی خۆی لەو سیستمە بدات. بۆ نمونە ئایدۆلۆژیای بۆرژوایی هەمیشە ئەو بیرە دەخاتە مێشکی کرێکارەوە، کە بە درێژایی بوونی دۆخەکە هەر وابووە و چۆن پێنج پەنجەی دەست وەک یەک نین، کۆمەڵگەش ناتوانێت یەکسان بێت. خۆ تەنیا لە رێگەی ئامرازی سەرکوت و داپڵۆسینەوە ناتوانن ئەم کارەیان بەرەو پێش بەرن. پێویستە ئامرازی فریودانیش بەکار ببرێت، بەوتەی ناپلیۆن پۆناپارت بە سەرە نێزە هەموو کارێک دەکرێت، بەڵام ناکرێت لەسەری دابنیشێت. قسە لەسەر ئەوەیە، ئەوە تەنیا رواڵەتی بابەتەکەیە کە مارکس بەدروستی پێی دەڵێت «سەرخان». مارکس وتەنی «ئەگەر رواڵەت هەموو شتێکی پیشان بدایە خۆ ئیتر پێویستمان بەزانست نەبوو.» کەوایە دەبێت بەشوێن سەرچاوەی بابەتەکەدا بگەڕێن: سەرمایەدار خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانە، خاوەنی زەوی و زار و کارگە و ئامێرە. بۆ ئەوەی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانی خۆی بخاتە گەڕ، پێویستی بەهێزی کارە. خاوەنانی هێزی کاریش لە هەر چەشنە خاوەندارێتییەک بێبەشن. کرێکار بۆ ئەوەی بتوانێت ژیان و بەڕێوەچوونی بنەماڵەکەی دابینبکات و لەبرسێتی رزگاریان بکات، ناچارە کاربکات، کەوایە چەوسانەوە یاسایەکی ئابورییە و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا لە خزمەت چەسپاندنی ئەوە دایە. لەم باسەوە بەو دەرەنجامە دەگەین، کە هەر چەشنە

گۆڕانکارییەکی سیاسی دەبێت لە پێناوی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە ئابوریدا بێت. ئەویش نەک گۆڕانکاری بەشێنەیی، بەڵکو گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە.>

لەکۆتاییدا دەبێت ئاماژە بە هەوڵێکی دیکە بدەین کە بۆ ڕوونکردنەوەی «دیاریکراوی ئابوری لەدوا قۆناغ» و پێکهێنانی هاوئاهەنگی لەنێوان ئەو چەمکە و سەربەخۆیی ڕێژەیی پێکهاتەکانی دیکە بکەین. لەو هەوڵەدا، پێناسەی ئابوری وەک فاکتەری دیاریکەر لە دوا قۆناغ بە مانای جۆرێک «هۆکاری ناڕاستەوخۆ» ئەژمار دەکرێت، بەشێوەیەک کە «ئاغای ئابوری، هەرگیز ناتوانێت بۆ خۆی بێتەمەیدان و لەرێگەی گۆپاڵەکانیەوە ئەو کارە دەکات» (توسلی، لاپەڕەی 173).

**سەرچاوەکان:**

1. ویکیپیدیا
2. تێڕوانینێکی کورت بۆ سەر چەمکە گرنگەکانی تیۆری کۆمەڵایەتی «لویی ئاڵتۆسێر»
3. ئارمانەکان و خۆشباوەڕییەکان، جەعفەر ڕەسا، 1367
4. هەژدەهەمی برومێر لویی پۆناپەرت

# ئاشنابوون بە لوی ئالتۆسێر

نوسین: مێری کلیگز

لە فارسییەوە: ئارام مەحمود

لوی ئاڵتوسێر ویستی پەیامی خۆی بە لەبێژندانی ئەندێشەکانی مارکس لە خشت و خاڵی هیومانیستی و مێژووگەرایی و گشتگەرایی و باوەڕی ئابوری پاکبکاتەوە، کە بە هەڵە بە بەرهەمەکانی مارکسەوە گرێدرابوون.

بەوردی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مارکس لەلایەن ئاڵتوسێرەوە، بە گفتوگۆی زیاتر کۆتایی هات، بەڵام بە ئاشکرا فۆڕمبەندی و تێگەیشتنی ئایدۆلۆژی و پێکهاتە و شێوازی کاری ئەو لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا، پشکی زۆری هەبووە.

ئاڵتوسێر مارکسیستێکی (ستراکتۆرگەرا Structuralist)یـە. لەوانەیە بپرسن چۆن دەکرێت مارکسیزم، کە پشت بە شیکاری مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی دەبەستێت، لەگەڵ ستارکتۆرگەرایی کە پشت بە شیکاری نامێژوویی ـ ناکۆمەڵایەتی دەبەستێت، ئاوێتەبن؟ وەڵامی ئاڵتوسێر لە سەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان (مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی) و ئایدۆلۆژیای (ستراکتۆر).

ئەم بابەتە بەهەمانشێوە لە ساڵی 1965 دا تیۆری رەخنەییدا دەرکەوت، بەشێک لە مشتومڕی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و تاکەکان بوو. ئاڵتوسێر روبەڕووی ئەو پرسیارە ببووەوە، کە بۆچی تاکەکان گوێڕایەڵن؟ بۆچی خەڵکی پابەندی یاسا دەبن؟ بۆچی شۆڕشێک دژی سەرمایەداری روونادات؟ تیۆری ئەو لەبارەی ئایدۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیاکانەوە لە تێگەیشتنی ئەو بۆ دەوڵەت و هاووڵاتیان بەرهەمهاتووە.

بە بۆچوونی ئاڵتوسێر، دەوڵەت جۆرێک فۆڕمی حکومەتە، کە لەگەڵ

سەرمایەداریدا دەرکەوت. هەموو دەوڵەتێک لەلایەن شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە دیاریدەکرێت و بە مەبەستی پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی ئەو دروستبووە. چەمکی میللەتەکان وەک یەکەی جیاجیا لەگەڵ سەرمایەداری دژە، بەڵام لە رووی مێژووییەوە راستە.

هەروەها لەوانەیە دیموکراسی وەک ئایدۆلۆژیا، یان فۆڕمێک لە حکومەت دژی سەرمایەداری بێت، چونکە دیموکراسی ئەو خەیاڵە دەخولقێنێت، کە سەرجەم تاکەکان لەگەڵ یەک یەکسانن و هێزی یەکسان لەگەڵ یەکتریان هەیە.

ئاڵتوسێر ئاماژە بە دوو میکانیزمی باو دەکات، کە گەرەنتی ئەوە دەکـات، ئەو خەڵکەی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدان، پابەندی یاساکانیان بن. یەکەم میکانیزم ئاڵتوسێر بە (سەرکوتکردنی دەوڵەتی) ناوی دەبات، کە وەک پۆلیس، دادگا و بەندیخانە، راستەوخۆ بە بەکارهێنانی هێز بۆ رێکخستنی رەفتاری هاو،ڵاتیان، یاسا دادەڕێژن. دەوڵەت لە رێگەی ئەم دەزگایانەوە، تاکەکان ناچاردەکات بە شێوەیەکی تایبەتی رەفتار بکەن، بەڵام ئەو میکانیزمەی دووەم، کە ئاڵتوسێر لێکیدەداتەوە، بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی گرنگی زیاتری هەیەو ئەو بە دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەت ناویان دەبات. دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەت بریتین لە (خوێندنگەکان، مەزهەبەکان، خێزان، سیستمی ماف، سیاسەت، هونەر، وەرزش، ....)

ئەم دەزگایانە کۆمەڵێک سیستمی باوەڕو بەهاکان بەرهەمدێنن، کە ئێمە وەک تاکەکانی کۆمەڵگە باوەڕمان پێیان هەیە، یان رەتیاندەکەینەوە. ئەم بابەتەیە کە ئاڵتوسێر شیکاری دەکات. ئێمە چۆن ئەو ئایدۆلۆژیایانەی کە ئەم دەزگایانە بەرهەمیدێنن، باوەڕیان پێدەکەین؟ وەڵامی ئاڵتوسێر بە جیاوازی نێوان ئایدۆلۆژیاکان و ئایدۆلۆژیا دەستپێدەکات.

ئایدۆلۆژییە تایبەتییەکان، مێژووی جیاوازن. ئێمە دەتوانین لەبارەی کۆمەڵێک ئایدۆلۆژیای جۆراوجۆری وەک ئایدۆلۆژیای مەسیحی، دیموکراتی، فێمێنیستی و هیتر دەدوێین، بەڵام ئایدۆلۆژیایەکی پێکهاتەییە. ئالتوسێر دەڵێت، ئایدۆلۆژیا پێکهاتەیەکە و لە دەرەنجامیشدا نەمرە.

هۆکاری ئەوەی ئالتوسێر رایگەیاند، کە ئایدۆلۆژیا مێژووی نییە، ئەم بابەتەیە. ئالتوسێر چەمکی ئایدۆلۆژیا وەک ستراکتۆر لەو ئەندێشە مارکسیستیەوە وەردەگرێت، کە ئەیدۆلۆژیا بە بەشێک لە سەرخان دەزانێت، بەڵام ئالتوسێر پێکهاتەی ئایدۆلۆژیا لەگەڵ چەمکی بێئاگایی فرۆید و لاکان گرێدەدات. لەولایەنەوەیە کە ئایدۆلۆژیا ستراکتۆرێکە، دەکرێت ناوەڕۆکەکەی گۆڕانکاری بەسەردابێت. دەتوانرێت لە هەرشتێک پڕ بکرێت، بەڵام فۆڕمی ئەو هاوشێوەی ستراکتۆری بێئاگایی، بەردەوام بە یەکسانی دەمێنێتەوە.

یەکەم گریمانە، یان تێزی ئالتوسێر ئەوەیە، کە «ئایدۆلۆژیا نمایشکردنەوەی پەیوەندی خەیاڵی تاکەکانە لەگەڵ هەلومەرجی راستەقینەی بوونی ئەواندا.» ئەو بۆ رونکردنەوەی ئەم وتەیەی خۆی، ئەو بابەتە دەخاتەڕوو، کە بۆچی خەڵکی پێویستیان بە ئەم پەیوەندییە خەیاڵییە لەگەڵ هەلومەرجی راستەقینەی بوونی خۆیان هەیە؟ بۆچی راستیان بۆ دەرناکەوێت؟

ئالتوسێر دەڵێت، یەکەم وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم، کە ئایدۆلۆژیا خوڵقێنراوی قەشە و پاشا دیکتاتۆرەکان بووە. ئەم باسە لە بنەڕەتدا تیۆرێکی پیلانگێڕییە، کە پێیوایە دەستەکانی مرۆڤە بەهێزەکان، لە کاردان بۆئەوەی هاووڵاتیان لەرێگەی باوەڕ بەو ئەندێشانە و نمایشی درۆینە لەبارەی جیهانەوە، نەزان بکەن.

وەڵامی دووەم کە لە دیدی مارکسیستییەوە راستە ئەوەیە، کە لەخۆنامۆبوونی مادی دۆخی راستەقینە، زەمینەی بۆ خەڵک رەخساندووە، بۆئەوەی ئەو نمایشکردنەوانە دروستبکەن، کە ئەوان لەم دۆخی مادیە دووربخاتەوە، بە واتایەکی تر، پەیوەندی مادی بەرهەم لە سیستمی سەرمایەداریدا خۆی لە خۆی نامۆیە، بەڵام مرۆڤەکان ناتوانن روبەڕووی ئەو راستییە تاڵە ببنەوەو لە ئەنجامدا چیرۆکی ئەوەی کە ئەم هەلومەرجەش بەو خراپییە نییە، دروستدەکەن.

ئەم داستان یان نمایشکردنەوانە، دوبارە ئەوان زیاتر لە دۆخی نامۆبوونی راستەقینە نامۆتردەکات. ئەم دووریە زۆرە، یان نامۆبوون لە نامۆییە، وەک شوێنێکی نیشتەجێبوون کاردەکات. ئەو دەرمانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئازاری لەخۆنامۆبوون هەستپێنەکەین. ئەگەر ئێمە ئەم چیرۆکانەمان نەبوایە، لە نامۆبوونی هەلومەرجی راستەقینەی بەرهەم تێدەگەیشتین و لەوانەیە دژی بوەستاینایەتەوە، یان شێت بووینایە.

ئەم ئایدیایانە لەبارەی نمایشکردنەوەو راستەقینە، گریمانەی ئەوە دەکات، کە ئەوەی لە نمایشی خەیاڵی جیهاندا لە ئایدۆلۆژیاوە دەردەکەوێت، جیهانی راستەقینە، یان هەلومەرجی راستەقینەی بوونە. ئاڵتوسێر دەڵێت» ئایدۆلۆژیا، نوێنەرایەتی جیهانی راستەقینە ناکات، بەڵکو پەیوەندی مرۆڤایەتی لەگەڵ جیهانی راستەقینە یان تێگەیشتنیان لە هەلومەرجی راستەقینەی بوون نمایش دەکات». لەراستیدا لەوانەیە ئێمە نەتوانین جیهانی راستەقینە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بناسین، ئەوەی ئێمە دەیناسین بەردەوام کۆمەڵێک نمایشکردنەوەن لەم جیهانە، یان نمایشکردنەوەی پەیوەندیەکانمانە بە ئەم جیهانەوە. لە ئەنجامدا ئایدۆلۆژیا لەبەرگیراوەیەکی خەیاڵییە، لەبەرگیراوەی نمایشکراوە، ئەو چیرۆکانەی ئێمە لەبارەی پەیوەندیمان لەگەڵ جیهانی راستەقینە، بۆ خۆمانی دەگێڕینەوە.

لەئەنجامدا جیهانی ڕاستەقینە شتێک نییە، کە بەشێوەیەکی بەرجەستە لە دەرەوەی ئێمە بوونی هەیە، بەڵکو بەرهەمی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەو و بەرهەمی نمایشکردنەوەی ئەو ئایدۆلۆژیایەیە، کە ئێمە لێی دروستدەکەین. ئەو داستانانەی ئێمە لەبارەی ڕاستەقینەییەوە بۆ خۆمانی دەگێڕینەوە، خودی ڕاستەقینەیە، ئەمە شێوازی کارکردنی ئایدۆلۆژیایە.

بە بەیانێکی مارکسیزمی ئـەوەی ئایدۆلۆژیا لەگەڵ مرۆڤەکان ئەنجامیدەداتؚ، زیاتر نیشاندانی نمایشکردنەوەکانی پەیوەندیان لەگەڵ پەیوندی بەرهەمە، نەک نیشاندانی نمایشکردنەوەکان لە پەیوەندی بەرهەم.

مارکسیزم لە بنچینەوە ئایدۆلۆژیای وەک نمایشکردنەوەی درۆینەی پەیوەندی مرۆڤەکان لەگەڵ هەلومەرجی ڕاستەقینەیان فۆڕمبەندی کردووە. بۆ نمونە هەلومەرجی ڕاستەقینەی من وەک مامۆستایەکی زانکۆ، هەلومەرجی کرێکارێکی کەلتورییە. لەبەرامبەر ئەنجامدانی کارە فکرییەکەم و وانەوتنەوە، موچەم پێدەدرێتؚ. موچەی من نزیک نییە لە موچەی پزیشکێک، پارێزەرێک، ئەستێرەی سینەما، پاڵەوانی وەرزشـی. ئەوەی دەتوانێتؚ وەبەرهێنانی من، یان هەلومەرجی ئابوری ڕاستەقینەی من ئاشکرا بکاتؚ، لەژێر ماسکی ئایدۆلۆژیایەکدا داپۆشراوە ـ ئەوەی کە وانەوتنەوە و مامۆستا بوون لە زانکۆ بەهایەکی باڵای کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە. من خۆم دەڵێم، ڕاستە پێگەی من لە ڕووی ئابوریەوە باش نییە، بەڵام لە بەرامبەردا پاداشتی وانەوتنەوە مەعنەوییە و لە بری سودی ئابوری، ڕێز و پێگەی کۆمەڵایەتی بەدەستدێنم.

ئەمە تێگەیشتنێکی ئایدۆلۆژییە، من بە خۆشحاڵی دەیڵێمەوە، ئەمەش لە کاتێکدا کە هەلومەرجی ڕاستەقینەی ئابوری من دەریدەخاتؚ، تا چی ڕێژەیەک گرنگ نیم، من پێموایە بەڕاستی کەسێکی گرنگم.

من باوەڕم بەوە هەیە، کە مامۆستای زانکۆ بوون گرنگی زۆری هەیە و لە ئەنجامدا لە ڕێگەی باوەڕبوون بەوەی کە من پاداشتی تری بێجگە لە ئابوری بەرامبەر کارەکەم بەدەستدێنم، وەبەرهێنانی ئێستام پەسەنددەکەم.

ئاڵتوسێر دەڵێت «بەپێچەوانەوە ئایدۆلۆژیای من خەیاڵێکە، بەڵام خەیاڵێک، یان ناسینێکی خەیاڵی، نەک لەبارەی پەیوەندی بەرهەم، بەڵکو لەبارەی پەیوەندیم بە ئەوانەوە. لە ئەنجامدا من وابیردەکەمەوە کە خۆشحاڵم، چونکە لە کارگەیەک کارناکەم، بیردەکەمەوە لەوەی لە کرێکاری کارگەکان زیرەکترم، چونکە پێموایە کرێکارانی کارگە زیرەک نین، ئەگەر زیرەک بوونایە، لە کارگە کاریان نەدەکرد»

پەیوەندی بەرهەم لێرەدا پشت بەو گریمانەیە دەبەستێت، کە کرێکارانی کارگەکان خوێندەواریان نییە.

تێزی دووەمی ئاڵتوسێر ئەوەیە کە «ئایدۆلۆژیا بوونی مادی هەیە.» بۆ مارکسیستەکان بەردەوام ئەمە جێی گرنگیپێدانە، چونکە لێکۆڵینەوەکانیان لە مادە و پەیوەندییە مادییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت.

لە ئەنجامدا ئەگەر دەمانەوێت لەبارەی ئەندێشەکانەوە بدوێین، پێویستە بتوانین لەبارەیانەوە وەک شتێکی مادی بدوێین. لە ئەنجامدا ئەوەی ئاڵتوسێر لەکاتی دەربڕینی ئەوەی کە ئایدۆلۆژیا مادییە، ئەوەیە کە ئایدۆلۆژیا بەردەوام دوو پێگەی هەیە ـ یەکێکیان لە دەزگاکاندا، دووەمیان لە بابەتدا.

ئاڵتوسێر دەڵێت، ئایدۆلۆژیا وەک کردارێکی مادی بە واتای بابەتەوە گرێدراوە. لە ئەنجامدا ئەم دوو تێزەی ئەو واتە «هیچ کردارێک بوونی نییە، ئەگەر لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیا و لەناو ئەودا نەبێت» و «هیچ ئایدۆلۆژیایەک بوونی نییە، ئەگەر لەلایەن بابەت و بۆ بابەتەکان نەبێت». بە کورتی هیچ

سیستمێکی بیروباوەڕ و هیچ کردارێک، کە لەلایەن سیستمە باوەڕییەکانەوە دیاریکرابێت، بوونی نییە، مەگەر کەسێک هەبێت باوەڕی پێیان هەبێت، کە باوەڕی پێیان هەبێت و بەپێی ئەو باوەڕانە کاربکات.

لە ئەنجامدا دەگەینە بەشی کۆتایی لێکۆڵینەوەکەی ئاڵتوسێر، چۆن بابەتە تاکەکان لە پێکهاتە ئایدۆلۆژییەکاندا فۆڕم وەردەگرن؟ یان بە واتایەکی تر، ئایدۆلۆژیا چۆن واتایەک لە خود، یان بابەت دەخوڵقێنێت؟

بە بڕوای ئاڵتوسێر، فۆڕمی بەشێک لە تاکە نمونەییەکان وەک بابەت وان و بەکارهێنانی ئەوان لە هەر سیستمێکی باوەڕدا، کارایی سەرجەم ئایدۆلۆژیاکانە.

ئەمە گرنگترین رۆڵێکە، کە ئایدۆلۆژیا وەک ستراکتۆر و ئایدۆلۆژیاکان وەک سیستمەکانی باوەڕی دیاریکراو ئەنجامیدەدەن. ئاڵتوسێر سێ بنەمای گرنگ لەبارەی ئەم پرۆسەی گۆڕان بۆ بابەتە لە ئایدۆلۆژیادا دەخاتەڕوو:

1- ئێمە لەبەرئەوە وەک بابەتێک دێینە ئەم جیهانەوە، چونکە پێش لەدایکبوونمان ناودەنرێین، لەئەنجامدا ئێمە بەردەوام لەپێشتردا بابەتین.

2- ئێمە بەردەوام و لەپێشترەوە بابەتی ناو ئایدۆلۆژیاو لە ئایدۆلۆژیا دیاریکراوەکانین و تێیدا دەژین و راستی و درۆ تەنیا لەو رێگەیەوە دیاریدەکەین. باوەڕی هەر کەسێکی تر وەک باوەڕی ئایدۆلۆژی، بە واتای خەیاڵی دیاریدەکەین، لە کاتێکدا کە باوەڕەکانی خۆمان بە راست دەزانین. بۆ نمونە لە باوەڕە مەزهەبییە جۆراوجۆرەکان بڕوانن. هەر کەسێک باوەڕی بە هەر مەزهەبێکی تر هەیە، پێیوایە کە مەزهەبەکەی خۆی راستە و باوەڕی ئەوانی تر خەیاڵ و ئایدۆلۆژییە.

3- چۆن ئایدۆلۆژیا ئێمە بۆ ئەو بابەتانە دەگۆڕێت، کە ناتوانین پێگەی کرداری خۆمان لەناو فۆڕمبەندییە ئایدۆلۆژییە دیاریکراوەکاندا دیاریبکەین؟ چۆنە ئێمە باوەڕمانوایە، بیروڕاکانی ئێمە راستەقینەن و

ڕێژەیی نین؟ ئاڵتوسێر وەڵامی ئەم پرسیارە لە ڕێگەی بەردانگ (دوێنەر)ەوە دەداتەوە. لە دیدی ئاڵتوسێرەوە هەموو ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو دەڵێت، «هێی، تۆ!» لە وەڵامدا تۆش دەڵێیت «من؟ مەبەستی تۆ منە؟» ئایدۆلۆژیاش دەڵێت، بەڵێ، تۆ.

تۆ دەتوانیت نمونەی لەمجۆرە ڕۆژانە لە ریکلامە بازرگانییەکاندا ببینیت.

ئاڵتوسێر لە ڕێگەی بەکارهێنانی پیتی گەورە، لە سەرەتای وشەی بابەت، بە دوای مەبەستێکدا هاوشێوەی ئەوەی (لاکان) مەبەستیەتی دەڕوات. بابەت بە پیتی یەکەمی بچووک، کەسێکی دیاریکراوە و بابەت بە پیتی یەکەمی گەورە، شوێنی پێکهاتەی بابەت بوونە. ئەم جیاکارییە ئاماژەیە بۆ دوولایەنی شاراوە لە بابەتی بووندا، کە تێیدا کەسێک هەم کرداری زمان ـ ئایدۆلۆژیایە، هەروەها شت ئایدۆلۆژیە، واتا ناچار بە پابەندبوون بە یاسا و ڕێساکانە و بەوشێوەیە ڕەفتار دەکات، کە ئایدۆلۆژیا فەرمانی پێدەکات.

ئاڵتوسێر ئەندێشەکانی خۆی لەبارەی ئایدۆلۆژیا ڕاستەوخۆ بە (لاکان)ەوە دەبەستێتەوە و ڕایدەگەیەنێت، کە پێکهاتەی ئایدۆلۆژیا وەک ئاوێنە وایە.

چەند خاڵێکیتر لەبارەی ئاڵتوسێرەوە، وەک پێکهێنەری تیۆریسینەکانیتر بوونی هەیە. ئاڵتوسێر شەیدای فرۆید و زیاتر لەویش لاکان بوو. چەمکەکانی خەیاڵی، ئاوێنە، ئاوێنەیی و بابەت بە پیتی سەرەتای بچووک (s)و بابەت بە پیتی سەرەتای گەورە(S)، لە لاکان وەرگرتووە، هەروەها وەک مارکسیستێک لە زانستدا وەک فۆڕمێک لە زانین کە لە دەرەوەی هەر پێکهاتەیەکی ئایدۆلۆژییە، باوەڕی بە گەڕانەوە هەیە، زانست لای ئەو جۆرێکە لە زانین، کە ڕاستەقینەیە، چونکە بەرجەستە و مادییە. لە

ئەنجامدا کاتێک کە ئەیدۆلۆژیا، ئایدۆلۆژیکە، تەنیا شێوەی ناسین، ناسینی زانستییە.

ئایا ئەم تیۆرە سودی بۆ ئەدەبیات هەیە؟ بەڵێ، چونکە ئەو توانایە بە ئێمە دەبەخشێت، کە لە بارەی ئەوەی چۆن دەقە ئەدەبییەکان، وەک بابەت فۆڕم بە ئێمە دەبەخشن و راستەوخۆ لەگەڵماندا دەدوێن، لەگەڵیان بدوێین.

رونترین فۆڕم کە دەقە ئەدەبییەکان، ئێمە وەک بابەت دەدوێنن، ئەو کاتەیە دەقێک راستەوخۆ ئێمە بە (خوێنەری خۆشەویست) دەدوێنێت. سەرجەم دەقەکان خوێنەران لە رێگەی ژمارەیەک میکانیزم و بە شێوازی جیاجیا دەدوێنن. سەرجەم دەقەکان پێگەی بابەت بۆ خوێنەرەکانیان دەخوڵقێنن، ئەگەر دروستکردنی بابەتەکە ئاشکرا، یان نهێنیش بێت.

**http://www.naqd-no.blogfa.com/post-4.aspx**

# لوی ئالتۆسێر، مەزنە تیۆرسینی مەیدانی مارکسیزم

**نوسینی: میشێل لی**

**لە ئینگلیزییەوە: ماجید خەلیل**

خاڵی جەوهەری لەم نوسینەدا بوونی هزرێکە کە ئامانج لەوردبوونەوەکەیدا بریتییە لە هەقیقەت ئیدی هەرچیەک بێت، نەک ئەو ئایدیۆلۆژیانەی کە خۆیان دەبنە بەرهەمهێنەر و خوڵقێنەری هەقیقەتێک کە لەگەڵ کام و تامی ئەوان بێنەوە. ئالتۆسێر لەیەکەم هەنگاوەوە سنور و چوارچێوەکانی دەشکاند و کۆتوبەندەکانی لادەبردن و بڕوای بە دیوارەکانی نێو بیر و زەینی مرۆڤ نەبوو.

لوی ئالتۆسێر، فەیلەسوفی فەڕەنسی بەناوبانگ، پێشەنگ و دووبارە دارێژەر و داهێنەرەوەی مارکسیزم، ناوبراو دیارترینو گرنگترین فەیلەسوفی مارکسی بوو لە سەدەی رابردوودا. ئالتۆسێر زێدەتر ناوبانگی نێونەتەوەیی و جەماوەریی خۆی لە بڵاوکردنەوەی دوو کتێبییەوە بوو. ئەوانیش بریتیبوون لە کتێبەکانی بۆ مارکسو خوێندنی سەرمایە. کە بە تەواوی لەو نوسینانەدا شتێکی جودا لە راڤە کلاسیکییەکانی مارکسیزم هێنراوەتە بوون. بۆنموونە ئەو حەتمییەتی ئابوری دەداتە دوواوە، ئەمەیش بە بەرژەوەندییو لەبری خوێندنو یاساگەلی ئایدیۆلۆژیدا. دیارە لێرەدا ئالتۆسێر ئەوە دەخاتە روو کە چی کاریگەری بەسەر هەردوو بونیادی کۆمەڵایەتیو هۆشیاریی تاکەکانەوە هەیە؟ ئەوە ئەوەی نەدەگەیاند کە بڵێت فاکتەرە ئابورییەکان هیچ رۆڵێکیان نییە، بەڵکو پێی وابوو ئەوانیش بەشێکن لەتەواوی بونیادو پێکهاتەو رێساکانی ئایدیۆلۆژیا کە پێویستە بە تەواوی لە رەوشەکەدا رەچاوبکرێن. باسی دەزگای دەوڵەتی ئایدیۆلۆژیی دەکرد، کە بەشێوەیەکی فراوان بەشداری دەکات لە

دابینکردنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا. ئاڵتسۆێر لە تۆڕە نوێیەکەیدا، کە لە دووبارە خوێندنەوە بۆ مارکسیزم پێیگەیشتبوو، ناوبراو لەو بنەما تیۆرییەیدا ئەو راستیەی سەلماند کە ببێتە پێشەنگی پۆست مارکسیزم و دنیابینییەکی نوێ لەهەمبەر بیری کۆمۆنیزم بهێنێتە گۆڕێ. ئەوەیش ئەو رەهەندەی زیندوو راگرت کە هزریش لە لێکۆڵینەوەکانی ئەمڕۆ و لە مەیدانەکەدا هەمەچەشنو هەمەجۆرە دروست بە چەشنی خوێندنی ئەدەبی و فەلەسەفەی سیاسی و مێژوو و ئابوریو سۆسیۆلۆجیا و هتد.

ئاڵتۆسێر، بۆماوەی 32 ساڵ وانەی فەلسەفەی وتەوە. ناوبراو لە (بیرمەندەریس)ی وڵاتی جەزائیردا و لە 16ی ئۆکتۆبەری 1981دا، هاتەدنیاوە. هاوکات لەیەکێک لە نەخۆشخانەکانی نەخۆشییە عەقڵییەکانی ناوچەیەکی سەر بەپاریس بە نۆرەی دڵ، لە 22ی ئۆکتۆبەری 1990، کۆچی دوایی دەکات. تەمەنی ئەو ئەزمونێکی سەرکەوتوبوو لە کایەی فەلسەفەو کەناری پیشە و پسپۆڕییەکەیدا.

پێش دەساڵ لە کۆچی دووایی ئەم فەیلەسوفە مەزنە، رووداوی مردنی هاوسەرەکەی خاتوو هێلێن ریتمان دەبێتە هۆکارێک تا کەمتر کاریگەرییەکانی کارەکەی بخەملێنرێت. ناوبراو ساڵی 1980، لە رووداوێکداو بەبێ مەبەست، هاوسەرەکەی خۆی دەخنکێنێت. هەرچەند کارەکانی هەر برەوی تەواویان لەدەست نـەدەداو لەرێگەی خوێندکارە دیارەکانییەوە بەردەوامبوون لە شرۆڤەی هزرو ئایدیای نوێدا. نموونەی ئەو خوێندکارانە میشێل فۆکۆ بوو . ئاڵتسۆێر دادەنرا بە دیارترین کارەکتەر و داینەمۆی بزووتنەوەی بونیادگەرای ساڵانی شەستەکان، کە شانبەشانی رۆلان بارت و لیڤی شتراوس، جاک لاکان و میشێل فۆکۆ  تەرزێکی دیاریکراویان گرتبوو، تەواوی ئەوانە بەدەرنەبوون لەکاریگەرییەکانی ناوبراو. تەنانەت ئاڵتسۆێر میشیل فۆکۆی هاندەدا تاوەکو ببێتە ئەندام و هەڵسوڕێنەری پارتی کۆمۆنیست. دیارە ئەم

کارەیشی کرد، وەلێ نەک بۆ کاتێکی زۆر، هاوکاتێ هەستێکی بەهێزیشی هەبوو بۆ پارتێ و ئایدیاکە، هەروەک چۆن مامۆستاکەیشی هەمان هەستێ و هێزی نەشاردبوویەوە.

هاوکاتێ ئاڵتسۆێر بۆخۆی فەلسەفەی لەتەک فەیلەسوفی دیاری ئەکادیمیی فەڕەنسی جان غیتۆندا خوێندبوو. ناوبراو بەنهێنیو لە شەوانی درەنگدا دەچووە دیداری مامۆستاکەی جان غیتۆن، چوون ئەوێ دەمێ گەرمەی شۆڕشەکانی مانگی پێنجی 1968 بوو.

ئاڵتۆسێر ساڵی 1939، پاش ئەوەی فرە بەدژواری لە خوێندنگەی مامۆستایانی باڵادا دی ئۆلم (ئی ئێن ئێس)، پەسەند دەکرێت بۆئەوەی بخوێنێت، دیارە ئەوێ بەرزترین و گرنگترین شوێنێکی فەرەنسا بوو کە خوێندکار بتوانێت تێیدا وەربگیرێت، بەتایبەتی لە بواری زانستە مرۆییەکاندا، وەلێ ئەو یەکسەر نێردرایە بەرەکانی جەنگی دژ بە ئەڵمانیەکان و بەزوویش لە ساڵی 1940 دا قۆڵبەستکراو زیندانییان کرد.

ئیدی تا کۆتایی جەنگ ئەو لە سەربازگەیەکی باکوری ئەڵمانیا بەناوی ستیشفیلغ مایەوە، کە ناوچەیەکی تەواو نزیکە لە دانیمارکەوە. ئیدی ئەو لەوێ گرفتە دەرونییەکانی دەستیان پێکرد. ئەوە وایکرد بگەڕێتەوە سەر خوێندنەکەی و لەساڵی 194 تا 1948 بەردەوامبوو، دواجار لە تاقیکردنەوەی چوونە ناو خوێندنی دکتۆرا، توانی پلەی دووەم لە بـواری زارەکیدا بەدەستبهێنێت و لە تاقیکردنەوەی نوسینیشدا توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت. ئیتر ئەوە ئەوکاتە بوو کە ئەو بووە کۆمۆنیستو پێوەندی کرد بە پارتی کۆمۆنیستەوە و بۆ تەواوی ژیانی داهاتووی بە مارکسی ژیا. هەرچەند کە سروشتی پەیوەندییەکانی ئاڵتۆسێر لەتەک کۆمۆنیستەکاندا زۆرجار پڕ کێشەو ململانێبوو، چوون ئەو فرەجار لەتەک کۆمینەی ناوەندیو لەتەک روجییە گارۆدی دا کە فەیلەسوفی فەرمی پارتەکە بوو لەوکاتەدا ناتەبا بوو.

دەستپێکی بابەتە ناتەباو ناپەیڕەوەکانی بیری باوی لە شەستەکانەوە دەستپێکرد. ئاڵتۆسێر نوسینەکانی خۆی لە گۆڤارە مارکسییەکاندا بڵاودەکردەوە. یەکەم نوسینی کاریگەری لە گۆڤاری هزردا بڵاوکردەوە و دواتر ساڵی 1962 لە گۆڤاری رەخنەی نوێدا نوسینەکانی بڵاوکردەوە. بەو بابەتانە روبەڕووی دژواری تۆمەت و رەخنە بوویەوە و رەخنەی لێگیرا بەوەی پیاوی لابانسیە و جۆرج کۆنگیۆت و سەر بە هەوادارانی چینە. لە راستیدا ئەو شەوق و شۆری لە رۆشنبیرە فەڕەنسیەکانی دیکەوە وەرگرت، لەوانە سیاسەتمەداری کۆمۆنیست، رۆلاند لوروا و فەیلەسوفی کۆمۆنیست لوسیان سیڤن دیارە ئەوانە لەبەرپرسە باڵاکانی دیکەی پارتی کۆمۆنیست بوون. دیارە ئەوان بونیادگەرایان بە فەلسەفەی نائومێدی دەچوواندو لەبری ئەوە برەویان بە مارکسیزمی مرۆیی دەدا.

دیارە هەم فۆکۆ و هەمیش ئاڵتۆسێر وەڵامی رەخنەکانیان دەدایەوە و رەچاوی جۆرێک لە بابەتیبوون و میتۆدی باوی ئەو کاتیان دەکرد. ساڵی 1978دا، ئاڵتۆسێر فرە بەتوندی رەخنەکانی ئاڕاستەی پارتەکەی کرد و لەژێر ناونیشانی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی ناتوانێت بەردەوامبێت. هاوکات ئاڵتۆسێر بووە رەخنەگرێکی توندو تەیار لە ستالینیزمو لەهەردوو بوارەکانی دەستێوەردانە سیاسییەکانیو ناوەرۆکی یان مەفهومی راست و دروستی فەلسەفەکەیدا بە رووی ئەو رێباز و رەوگەیە وەستایەوە..

لوی ئاڵتۆسێر، مەزنە فەیلەسوفی مارکسیی فەرەنسی بوو، لەکاتی سەرکوتی دڕندانەی شۆڕشی هەنگارییەکان لەساڵی 1956 لەلایەن ستالین، نوسرا و هەڵوێستی خۆی نواند. شۆڕشەکە هۆکارێک بوو تا زۆرێک لە رێبەرە کۆمۆنیستەکانی خۆرئاواو فەیلەسوفەکانی ئەوێندەرێ لەبارەی پرس و جۆ و خوێندنەوەی نوێ بۆ پرەنسیپەکانی مارکسیزم بێنە دەنگ و دڕدۆنگ بمێنن. هەربۆیە زۆرێک بوارگەلێکی نوێیان بۆ خوێندنەوەی

ریشەکانی هیومانیستی و نوێبوونەوەی پرسی مرۆڤبوون هێنایەگۆڕێ، لەم پێناوەدا ئاڵتۆسێر ئەسپی خۆی تاوداو وەک مارکسییەکی بونیادگەرا راڤەیەکی بونیادگەرای پڕ تین و تاوی هەڵبژاردو لە بایەخی فاکتەری هیومانیستی لە هەناوی مێژوودا کەمکردەوە. ناوبراو ساڵی 1968، ستالینی پێناسەکرد بە فۆڕمێکی دامـەزراو یان دروستکراو کە بەبێ نیازو بێ مەبەست لە لایەن ئیمپریالیزمەوە بەکاردەهێنرێت بۆ بەکارهێنانی خەڵکی لە دنیای سۆشیالیزمدا. ناوبراو وەختێک لە ئی ئێن ئێس بوو لەوێ یەکەم بەرپرسیاری تەواوی خوێندنەکان بوو، ئەوە پێش ئەوەی ببێتە راگری کۆلێژی ئاداب. بەمجۆرە پلە ئەکادیمیەکانی لەنێوەندەکانی خوێندن بڕی و بووە کەسێکی ئەکادیمی دیـارو بەرهەم هێنەری تیۆری دروسـت و نـاوازە لە هزری کۆمۆنیزمداو لەنێوەندە زانستییەکاندا شوێنکەوتەو چاولێکەری ئێجگار فرەی هەبوو. وەلێ زۆرجار نەخۆشییە دەروونییەکەی زۆری بۆ دەهێناو لەکایەی خوێندن و وانە وتنەوە دووردەکەوتەوە. بۆ نموونە ساڵی 1962، کاتێک خەریکی توێژینەوە بوو لەسەر ماکیاڤیلی، دووچاری بارودۆخێکی دژواری دەروونی دەبێت و بۆ ماوەی 3 مانگ لە نەخۆشخانەدا دەمێنێتەوە. لەدیدی ئاڵتۆسێردا نیکۆلا ماکیاڤیلی کەسێکی قەڵەندەرو دەگمەن بوو، پەیڕەوکار و پراکتیکەری سیاسی بوو، هەرگیز بەشێوەیەکی ئایدیالیستی واقیعی سیاسی لە بەرژەوەندی تیۆریدا نەدەقۆستەوە، بەڵکو سیاسەتی لە واقیعدا بەرجەستە دەکرد. بەم شێوەیە بووە پردێک بۆ پێکگەیاندنی تایبەتمەندی خۆی لە بواری سیاسەتدا. ساڵی 1967، توانی نامەی دکتۆراکەی پێشکەش بکات، ئەوەیش دوای دووساڵ بوو لە بڵاوکردنەوەی کتێبی خوێندنەوەی سەرمایە و راڤەی شۆڕشگێڕی مارکسیزم لەگەڵ ئتیان بالیبدارو روجر ئستابلیت و ژاک رانیس. دیارە نامەکەی لەساڵانی دوواییدا لە کۆلێژەکانی خوێندنی باڵای زانکۆکانی ئەوروپادا دەخوێنرا. ئاڵتۆسێر لەکتێبەکانیدا چەمکی خوێندنی ئامرازداری

پێشخست و لەوێدا بەشێوەی دروست رەخنەی لەو کەسانەش گرت کە رەخنەیان لە مارکسیزم گرتبوو، بەڵکو بۆخۆی میتۆدێکی دانا کە رەخنەگرتن بوو لە مارکسیزم و ئەو شتانەی کە کەسێکی وەک ئادەم سمیس وتبووی بەهەند وەرینەگرتن. ئەوەبوو ساڵی 1967، گروپی سپینۆزای دامەزراند کە ئالان بادیۆ وەک پرۆفیسۆرێک لە خوێندنی باڵای سکوڵە ئەوروپییەکاندا ئەندام بوو تێیدا.

لە 16ی نۆڤەمبەری 1980، ئالتۆسێر هاوسەرەکەی خۆی هێلینی خنکاند. رووداوەکە لە ئاپارتمانەکەی خۆیدا بوو لە ئی ئێن ئێس. دروست پاش رووداوە ترسناکەکە رێگەیدا دکتۆرەکان بزانن چی روویـداوە. پاش ئەوەی لێژنەی لەسەر گیرا، رایانگەیاند کە ئالتۆسێر لە رەوشێکی شێتیدا بووە کاتێک ئەوکارەی ئەنجامداوە، ئیدی بەگوێرەی یاساکانی فەرەنسا ناوبراو هیچ سزایەکی بەسەردا نـەدرا. لە 14ی مارسی 1985 یشدا، کاتێک لە گۆڤاری لۆمۆندی بەناوبانگدا، بابەتی نوسەرێکی یابانی دەخوێنێتەوە کە چۆن کەسێکی سەرکەوتوو ئافرەتێکی کوشتووە و خواردویەتی، دیسانەوە رەوشی دەروونی تێکدەچێتەوە و دەخرێتەوە نەخۆشخانەی دەروونی.ئەم چیرۆکە کاریگەری بەسەر ژیانی ئالتۆسێرەوە مایەوە و چەندین بابەت و کاردانەوەی زۆری بەدووی خۆیدا هێنا. ئەوەی زێدەتر ئالتۆسێری بەناوبانگ کردووە، بریتییە لەدیاربوونی شوێنەوارەکانی بەسەر نوسەرو روناکبیرو فەیلەسوفانی پاش خۆی، ئەو کاریگەری مەزنی بەسەر فەلسەفەی مارکسییەوە هەیە و هەروەها شوێنی بەسەر بونیادگەرایی‌و پۆست بونیادگەراییەوە شاراوە نییە. هەروەها مەفهومی وردبونەوە و لێپرسینەوە لەخۆی بەسەر خانمە فەیلەسوفی فێمێنیستەوە، جۆدیس باتلەر، ئێجگار گەورەیە. بەمشێوەیە دەتوانین سەدان فەیلەسوف و نوسەر و روناکبیر بهێنینە گۆڕێ کە وزەی نوسین و بیرکردنەوەیان لە ئالتۆسێرەوە وەرگرتووە و فەراهەمهێناوە. لەناو

ململانێکانی نێوان بیری کۆمۆنیزم و ئیمپریالیزمی خۆرئاوادا دیوێکی مرۆڤانەی هەڵبژارد. چونکە هەمیشە رەخنەی لە پراکتیکی کۆمۆنیزمی دەگرت و لە رووی ناوەرۆکەوە جوانییەکانی مارکسیزمی دەدۆزییەوە و مانای دەدا بە پاکی سەرچاوەی کۆمۆنیزم و داهێنانی دەکرد و کۆمۆنیزمی لە نەریتی سیاسیانەی ئیمپریالیزم جیادەکردەوە. ئەمەیش رەوشێک بوو لە ململانێکانی جەنگی ساردی نێوان بلۆکەکاندا بەتەواوی لایەنگرو توێژینەوەی ئەکادیمی هەڵهێنجراو لە هزری ئەم فەیلەسوفە ئێجگار زیاد بوون. لەبەر ئەوە مەیدانی عەقڵی بەرینتر دەکرد و ئایدۆلۆژیای کردبووە خاڵی سەرەکی بابەتەکان و لەوێوە مادە و ئایدیا و رۆح و حەتمییەتەکانی مێژووی دەدواند..

چەمکێکی ناوەندی نوسینەکانی ئاڵتۆسێر، برێتییە لە ئایدۆلۆژیا. هەر لەسەرەتاوە ئاڵتۆسێر لەبارەی ئەوەوە مشتومڕی کردبوو کە ئایدیۆلۆژیا سیستەمی نوێنەرایەتییەکان و نمایشەکانە و گوێڕایەڵی دەکرێت لەرێگەی کۆمەڵە یاسایەکەوە کە تەنیاو تەنها لەخزمەت مەرام و مەبەستە سیاسییەکاندایە. ئایدیۆلۆژیا لە روانین و جیهانبینی ئاڵتۆسێردا، لە رەوشێکی وەک ئەوکاتدا بریتی بووە لە پرسێکی ناخودئاگای بێچەندو چوون تەنانەت لەلای چینە باڵادەستەکانیشەوە. بەڵام لەتەک بڵاوکراوەکانیدا لەسەر لینین و فەلسەفە و بابەتەکانی تری لە ساڵی 1970 دا، دەبینین ئاڵتۆسێر بەشێوەیەکی ریشەیی هەڵوێستەکانی لەمەڕ ئایدیۆلۆژیا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. ئیدی دێتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەو ئێستا بە دروستی لە هەڵسوکەوت و ئەتوار و کاری واقیعی تێگەیشتووە. هەربۆیە لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا ناوبراو توانی چەمکی بەدواداچوونو خستنەڕوو بەرهەمبهێنێت. بەدەر لەوە چەمکەکەی بە دەنگهەڵبڕین ناسێنراو دەنگیدایەوە. لەبەر ئەوە ئایدیاکان هاوارو دەنگێکن کە بەخەڵکی  شوناسێکی دیاریکراو لە قاڵبدراودەبەخشن و ئیدی ئەوان وەک سروشت و  راستییەکی رەوان پەسەندی دەکەن. لەم ناوەدا چیینە

باڵادەستەکان هەیمەنە و هێزی خۆیان بەسەر تاکەکاندا دەسەپێنن کە دیارە ئەوانە تەواو جیاوازن لە هێزی بندەستو لاواز. بەبڕوای ئاڵتۆسێر تاکەکان هەر لەوکاتەوەی کە دێنە ژیانەوە  لێیان دەپێچرێنەوە، دیارە باوانی زارۆکانو وێناکانی تریان گریمانەی بیروبۆچونو سەرنجی زارۆکانیان دەدەن. هەربۆیە لەگەڵ چەمکی لێپێچینەوە و وردبوونەوەکەی ئاڵتۆسێردا ئەوە روونده‌بێتەوە کە ئیدی هیچ مانایەک بۆ سروشت و رەسەنی تاکەکان نییە و هەموو بیرکردنەوە و هزرێک شتانێکە کە دەئاخنرێنە مێشکی تاکەکانەوە. لەبەر ئەوە تاکێک بوونی نییە، تەنها خامێکو مەوادێکی سادە هەیەو ئەویش لێی دەپێچرێتەوە و لەلایەن ئایدیا جیا جیاکانەوە دەبێتە تاک و تایبەتمەندی خۆی پێدەدرێت. لەبری ئەوانە  مادەیەک بوونی دەبێت و دێتە بوون کە ئیتر ئەو مادە ئەوێکە کە لە رێگەیەکی تایبەتەوە دەناسرێتەوە و ئیدی دارای بونیادێکی کۆمەڵایەتی دەبێت لە ریشەکانی خۆیەوە. یاخود مادەکە پێشتر لە رێگەی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە گەڵاڵە کراوە و چێنراوە و هاتوەتە بەرهەم. هەموو ئەوشەن و کەوەی لێپێچینەوە و پێگەیاندن و کاریگەری سەر تاکەکان لە دەستەواژەکانی ئاڵتۆسێردا تیۆرێکی لێدێتە بەرهەم کە بە دەزگای دەوڵەتی ئایدیۆلۆژی دەناسرێت. کاتێک دەزگای دەوڵەتێکی سەرکوتکار وەک هێزەکانی سوپاو پۆلیس، یەکەم ئەرکییان لەرێگەی سەرکوتکارییەوە دێتە گۆڕێ. دیارە کە دەزگای دەوڵەتی ئایدۆلۆژی بریتییە لە کەنیسە، قوتابخانە، خانەوادەکان و ئایین یاخۆ یەکەکانی دی کە هەیمەنەی دیاریکراویان هەیە و ئەرکیان لە ئەولەویەتیاندا بە ئامڕازی ئایدیۆلۆژیاوە رادەپەڕێنن. دەزگاکانی دەوڵەتی ئایدۆلۆژی فرە دەگمەن خۆیان دەردەخـەن، چوون ئەوان پێوەرەکانی کۆمەڵگە پەسەند دەکەن. وەکئەوان هێزی هەژموونی چینە باڵاکان برەو پێدەدەن، بەشوێنگرەوەی ئایدیا باڵادەسنکانیان، واتە بەرقەراربوونی نیازەکانییان جێبەجێدەکەن تا خواستە هزرییەکانی خۆیان

لەناو کۆمەڵگەکاندا بکەن بە باو. بە گوێرەی ئاڵتۆسێر قوتابخانەکان یەکەیەکی دەوڵەتی ئایدۆلۆژیی بەبایەخن. چوون وانەکان بە شێوەیەک ئاڕاستە دەکرێن کە سەرنجی خوێندکارەکان پەرت نابێت و کۆدەکرێنەوە، کۆدەکرێنەوە بۆ شتانێک کە دەویسترێت و دەبن بە داوی ئایدیاکانەوە، ئیدی لەئاکامدا وانەی وتراو بەرهەمی خۆی دەچنێتەوە. لێکۆڵەرانی دیکە بۆنموونە مێژوونوسی بەریتانی تامپسۆن فرە بەتوندی رەخنە لە ئاڵتۆسێر دەگرێت، بەتایبەتی لە میتۆدی بونیادگەرای نادیارو پەنهانی بۆ مارکس. لەگەڵ ئەوەشدا تیۆرەکانی ئاڵتۆسێر باشترین خوێندنەوەی بونیادگەرایی لەخۆدا بەرجەستە کردووە و کاری لە میتۆدی مارکسدا کردووە بە چوارچێوەیەکی فەلسەفی دیاریکراو.

ئاڵتۆسێر بۆخۆی لەمیانی حەفتاو دوو ساڵ تەمەنیدا، شوێنەواری فرەی بەجێهێشت، توانی رووی جیاواز بداث بە ئایدیا کاریگەر و چەقبەستووەکان و مارکسیزمی لە کۆنبوونو لە رووتانەوە پاراست و توانی دنیابینی بۆ مارکس بەرفراوانتر بکات و زەمینەی توێژینەوە سیاسی و ئابوری و هزری و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر مارکسزم زیاترو زیاتر بهێنێنە بەر راڤە و شرۆڤەی بیرمەندانی هاوچەرخ. بەڵام بەبڕوای چاودێرانی سەر رەوشی ژیانی ئەم فەیلەسوفە ناوبراو نەخۆشیەکەی هەم ئەوی لەکاروانی نوسینو تیۆری بەپێزتر دوورخستەوە، هەمیش خەڵکانێک حسابیان بۆ میسداقیەتی نوسینی ئەو دەکرد و بە ئەتواری کەسێکی نۆرماڵ خوێندنەوەیان بۆ نەدەکرد و لە رەوشی دەرونیو نا نۆرماڵیدا دەیانهێشتەوە. بەپێچەوانەوە بەشێکی دی ئەو رەوشە تایبەتەی ئاڵتۆسێر بەشێوەیەکی بە بایەخ لە ژیانی فەلسەفەی ناوبراودا دەچوێننو داهێنانەکانی وەک ئیلهامێکی کاریگەری پەیوەست بەو رەوشە دەرونیەی لێکدەدەنەوە و پێیانوایە دوا رادەی قوڵبونەوە سازدەری ئەو رەوشە دەرونییەیە. بەڵام ئەوانیتر ئەم شێوازە بەلۆژیکی نازانن و وەک روونە کە تێکچونی باری دەرونی ناوبراو لە زینداندا سەرچاوەی

گرتووەوە نەبەستراوە بە قوڵبوونەوەی ناوبراو لە چەمکەکان تا بیگەیەنێتە رادەی بێقەرارییەک کە ببرێتە بەر نەخۆشخانەی چارەسەرە دەروونییەکان. ئەوەی کە لەم لێکدانەوانەدا گرنگە ئەوەیە شێوە ژیانی ئەم فەیلەسوفە کاریگەری فرەی لەسەر خوێندنەوە بۆ نوسین و راست و دروستی و کاریگەری تیۆرەکانی ناوبراو هەیە. هەرچۆنێک بێت ئەو ئێستە ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی فەلسەفەی فەڕەنسا، ئەوروپادا و یەکێکە لە کەڵە فەیلەسوفەکانی مێژووی هاوچەرخی ئەوروپاو هەموو دونیا کە بۆخۆی خەریکە قوتابخانەیەکی مەزن بێت و نەک هەر ئەوە، بەڵکو لەسایەی هزو هێزی نوسین و زەمەنی فەلسەفی ئەودا قوتابخانەو سکوڵی تر کراونەتەوە کە هەوادار و لاساییکەرەوە و تامەزرۆ و سیاستمەداری تیۆرەکانی ئەون و سەرکەوتنیشیان بەدەستهێناوە. بۆیە ئەو لەمێژووی هاوچەرخدا بەجێنەماوە و لە مەیدانی فەلسەفەدا نەک هەر بەزیندوویی ماوەتەوە، بەڵکو تارمایی و کاریگەریەکانی چەندجار بوونەتەوە و ئەمڕۆ بە وردی بووەتە نێوەندێکی گرنگ بۆ قسەکردن لەسەر کۆمۆنیزم.

# لێکدانەوەی تیۆر و بنەما تیۆرییەکانی مارکسیزمی لویی ئالتۆسێر

قوربانعەلی ڕەزوانی

لە فارسییەوە: ئارام مەحمود

پێشەکی

مارکسیزم ئاڕاستەیەکی سەلسەفی و کۆمەڵناسی و سیاسییە، کە کاریگەری زۆری لەسەر جوڵانەوە فکری و سیاسییەکان لە جیهاندا دروستکردووە، ئەم ئاڕاستە فکری و سیاسییە بە تیشکخستنە سەر ئەندێشەی مارکس، هێستا جوڵانەویەکی فکری کاریگەرە. مارکس بەرهەمی زۆری لەدوای خۆی جێهێشتووە، کە لێکدانەوە و تێگەیشتنی جیاوازیان لەبارەوە دەکرێت. سەرچاوەی ئەو تێگەیشتنە جیاوازانە بە رێژەیەکی زۆر مارکس خۆیەتی، چونکە مارکس بە درێژایی تەمەنی هەڵوێستێکی فکری جێگیری نەبووە.

- **سەرچاوە فکرییەکانی مارکس**

١. هیگڵ و مارکس

یەکێک لەو جەمکانەی کە هیگل جەختی لەسەرکردەوە، دیالێکتیک بوو. لە فەلسەفەی هزی هیگڵ-دا، مێژووی بیرکردنەوە لە رێگەی پێکهاتەی پەیوەستی چەمکێکەوە و گۆڕانی بۆ دژی خود و دوایت گۆڕانی بۆ فۆڕمێکی بالاتر کە ئەم دوو دژیەکە یەکپێدەگرێت، بەرەو پێشدەچێت. دیالێکتیک تێڕوانینێکە دەڵێت، جیهان نەک لە پێکهاتە وەستاوەکان، بەڵکو لە پرۆسە، پەیوەندی، پتەوی و کێشمەکێشەوە دروستبووە. بە بۆچوونی مارکس، هیگڵ بە درک کردنی ئەم دیالێکتیکە، یاسای نوێی بۆ پێشکەوتنی مێژوو دۆزیەوە، بەڵام بە هەڵە ئەم یاسایانەی بۆ مێژووی بیرکردنەوە بەکارهێنا.

بە بۆچوونی مارکس ئەوەی بە شێوەی دیالێکتیکدا پێشدەکەوێت، کۆمەڵگەیە. هیگڵ لە لوتکەی ئایدیالیزمدایە، لە کاتێکدا کە بە پێچەوانەی هیگڵ، (فیورباخ Ludwig Feuerbach) ماتریالیستێکە. فیورباخ پردێکی گرنگی نێوان هیگڵ و مارکس بوو. مارکس دوو پێکهاتەی گرنگی ئەم دوو زانایە، دیالێکتیکی هیگڵ و بیری مادی فیورباخ، کە خۆیان بە گرنگیان داناون، وەرگرتووە و لە ئاڕاستەکەی خۆیدا کە هەمان ماتریالیزمی دیالێکتیکییە، تێکەڵی کردن. بە بڕوای هیگڵ، مێژوو لە شێوەی دیالێکتیکیدا بەرەوپێش دەچێت و پشت بە ئایدیاکان دەبەستێت، بە پێچەوانەی هیگڵ-ەوە، لە دیدی مارکسەوە بنەمای مێژوو ئایدیاکان نین، بەڵکە مێژووی مادی، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.

مارکس بە درێژایی ژیانی زۆر بەرهەمی بەرهەمهێناوە. لە ئەنگلس بە دواوە، مارکسیستەکان بەردەوام ئەو بەشانەی بەرهەمەکانی مارکسیان شیکردۆتەوە، کە روانینی هزری و هیومانیستی زیاتریان هەبووە، بۆ ئەوەی دەریخەن کە مارکسیزم سیستمێکی فکرییە و ئەو بیری دیالێکتیکەی کە بۆ یەکەمجار هیگڵ فۆڕمی پێبەخشی، بەکاردێنێت.

ئاڵتۆسێر رەخنە لەو شیکارە دەگرێت، بەبۆچوونی ئەو مارکس دابڕانێکی مەعریفەناسی لە ژیانیدا تاقیکردۆتەوە. بەبۆچوونی ئاڵتۆسێر نوسینەکانی سەرەتای مارکس، هیومانیستی و هزرگەرایانە بوون و ئەو لەو سەردەمەدا هێشتا لەژێر کاریگەری ئایدیای ئایدیالیزمی هیگڵ بوو. بە بڕوای ئاڵتۆسێر، مارکس لە بەرەهەکانی دواتریدا وەک سەرمایە، پشتیوانی کە تێڕوانینی نمونەیی و زانستی کردووە، بە بڕوای ئاڵتۆسێر، بۆچوونی دواتر و مادیگەرایانەی مارکس، بۆچونێکی باشترە. ئەم هەنگاوانە، پەیوەندی ئاڵتۆسێری بە دەستنوسە ئابوری و فەلسەفییەکانی مارکسەوە پچڕاند.

ب. زمانناسی

ئەو زەمینە گرنگەیتر کە ئاڵتۆسێر سوودی لێوەرگرت، زمانناسییە. ستراکتۆرگەرایی لە فەڕەنسا بە گشتی کار لەگەڵ دروستکردنی ئەندێشە و زمان دەکات، بە پێچەوانەی قوتابخانەی رەسەنی دروستکردنەوە لە کەلتوری ئەمەریکاییدا، کە زیاتر چاودێری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. لە ستراکتۆرالیزمی ئەمەریکاییدا، زانایان بەشێوەیەکی ئەزمونی سەرنجیان لە رەفتار و پەیوەندی تاکەکان داوە، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە بە پێکهاتەی کۆمەڵگە بگەن، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە ستراکتۆرالیزمی فەڕەنسیدا، لە رێگەی زمان و ئەندێشەوە بە دوای دۆزینەوەی پێکهاتەکانەوەن.

گریمانەی سەرەکی لە ئەندێشەی (سۆسۆر)دا ئەوەیە کە زمان وەک سیستم - بە نزیکەیی وەک فەرهەنگ وەک سیستم - تەنیا لە رێگەی وشە پەوەندیدارەکانەوە دەتوانرێت لێیان تێگەیشت و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت، واتا واتا گواستراوەکان لەرێگەی زمانەوە لە جیاوازی نێوان یەکەکانی زمانەوە لە چنین و پێکهاتەی زمانەوە دیاریدەکرێن و سەرچاوە دەگرن.

(کلود لویس شتراوس Louis Claude Strauss) کۆمەڵناسی بەرجەستە، ستراکتۆری زمانناسی لە شێوەی بەرنامەی لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵایەتیدا بەکارهێنا، ئەو هەوڵیدا لە ستراکتۆری زمانناسی بۆ ئەندێشەی کۆمەڵایەتی نمونەی لێوەربگرێت، چونکە زمانی بە نمونەی سەرجەم دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکان دانا، لەسەر ئەم بنەمایە وتی:

«دەرکەوتە مرۆڤناسییەکان لەوانە ئەفسانەکان، سیستمی خزمایەتی، دروشمە ئاییینییەکان، نمونەکانی لەوجۆرە بەهەمان ئەو شێوەیە دەتوانرێت بناسرێن کە (سۆسۆر) لە زمان تێگەیشتبوو.، واتا لە پێگەی سیستمێکدا کە لە کۆمەڵێک یەکە پێکهاتووە و گرنگی هەر یەکەیەک لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان ئەو و یەکەکانیتری ناو سیستمەکەوەیە. ئاڵتۆسێر نیشانیدا ئەگەر

مارکسیزم بە تەواوی بناسین، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگە سیستمێک لە پەیوەندییەکانە، سیستمێک کە هەر پێکهاتەیەکی تەنیا لە پەیوەندیدا لەگەل پێکهاتەکانیتر دەتوانرێت لێینێگەیشت.

• **بوونناسی**

تیۆری کۆمەڵایەتی، پێویستە خۆی لەبارەی دووانییە باوەکان لە زانستی کۆمەڵایەتیدا روونبکاتەوە. هەرچەندە ئەمڕۆ تیۆریسینە نوێیەکان هەوڵدەدەن گرێدراوییەک لە نێوان (رەسەنایەتی تاک یان کۆمەڵگە) لە تیۆریە کۆمەڵایەتییەکانیاندا پەروەردە بکەن. لەگەڵ ئەمانەشدا لەناو تیۆریسینە نوێیەکانیشدا کەسانێک هەن، دەگەڕێنەوە بۆ یەکێک لەو دوو لایەنە. یەکەم هەوڵ بۆ گرێدانی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و ئاکار، دەگەڕێتەوە بۆ (پارسۆنز) کە دوای دەیەیەک بالادەستی رووی لە لەناوچوون کرد. گرنگترین کار لەم بوارەدا دەگەڕێنەوە بۆ (ئەنتۆنی گیدنز و پییێر بۆردیۆ. لە ئەمڕۆدا دوانییە کلاسیکییەکان بە ڕێژەیەک لە رەونەق کەوتوون، بەلام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کەسانی وەک (کرایب) دژی هەوڵی گرێدانی نێوان ئەم دوانەیە. ئەو پێیوایە زۆرێک لە تیۆریسینە مۆدێرنەکان هەوڵدەدەن ئەوان بەیەکەوە کۆ بکەنەوە و پێموانییە ئەمە ئەنجام بدرێت، چونکە هەر یەکێکیان ئاماژە بە لایەنە واقعی و جیاوازەکانی جیهان دەکەن و نابێت چاویان لێبپۆشرێت.

لەسەر بنەمای دابەشکاری کلاسیک، ئاڵتۆسێر لەو کەسانەیە کە دان بە رەسەنایەتی کۆمەڵگەدا دەنێت، بە بۆچوونی ئاڵتۆسێر ستراکتۆرەکان خاوەنی قوڵایی بوونناسین. بەپێچەوانەی جەبرگەرا (Determinists) ئابوری و ستراکتۆرالیزمە توندڕەوەکان، کە پێکهاتەی کۆمەڵگە بە مادی و رەق و بینراو دەزانن، ئاڵتۆسێر پێیوایە ستراکتۆرە راستەقینەکان نابینرێن و نەرمن. بەدڵنیاییەوە لەبەرئەوەی ئەو ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان بە خاوەنی قوڵایی

بووناسی و بوونی نەرم دەزانێت، ئاڵتۆسێر لە ماتریالیستەکان دوور دەخاتەوە، چونکە بوونی بینین و نەرمی بە بۆچوونی ئەو لەگەڵ بوونی نامادی یەکسان نییە. ئاڵتۆسێر پێیوایە پێکهاتەکان ساراوە، بەڵام دەستیان بەسەر کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا گرتووە، ئەم وتەیە زیاتر بۆ شێوازی خوێندنەوەی ئەم پێکهاتانە دەگەڕێتەوە، چونکە بە شێوازی باوی (پۆزیتیڤیستی Positivist) پێکهاتە شاراوەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ناتوانرێت لێیانتێگەیشت و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت. ئەم تیۆرە پێیوایە ئەو ئەزمونەی ئێمە لە ئەنجامی ئاکارەکانمانەوە هەمانە، بە واتایەکی هەڵە یان ئایدۆلۆژییە، ئەوەی بەڕاستی روو دەدات ئەوەیە، کە ستراکتۆرەکانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی، کردەوەکانی ئێمە دیاری دەکەن. تاکەکان و کردەگەراکان، بێجگە لە بوکەڵەی یاریکردبن هیچیتر نین، ستراکتۆرەکان سەرەداوت نەبینراون، کە بوکەڵەکان دەجوڵێنن، بەڵام سەرەداوەکە نەبینراوە، لەمڕووەوە لە ئەندێشەی ئاڵتۆسێردا تاک جێگەیەکی نییە و کۆمەڵگە ناچاری دەکات، لەبەرئەوە رەسەنایەتی نییە. ئەوەی بە راستی لە دیدی ئاڵتۆسێرەوە رەسەنە، کۆمەڵگە و ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکانە، کە دەستی بەسەر تاک و کردەوەکانیاندا گرتووە. لەسەر ئەم بنەمایە ئاڵتۆسێر پێیوایە رەسەنایەتی کۆی گشتییە، رۆڵی تاک بەڕێژەیەکە کە جێگەیەک لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیدا پڕ دەکاتەوە.

بەبۆچوونی ئاڵتۆسێر، بە پێچەوانەی ئـەوەی کە ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی بووناسی و بوونی نەرمن، ئایدۆلۆژییەکان خاوەنی بوونی مادین. ئایدۆلۆژیا هێزێکی مادی لە کۆمەڵگەدایە و تاکەکانی کۆتوبەند کردووە، ئاڵتۆسێر پێیوایە:

ئایدۆلۆژیا کە بوونی مادیی هەیە، تەنیا وەک کۆمەڵێک باوەڕی خەیاڵی لە هزری خەڵکیدا بوونی هەیە، لەبەرئەوە بەراوردی بنەما مادیەکانی کۆمەڵگە و دەسەلاتی چینایەتی و ئەو لەخۆنامۆبوونەی لێی بەرهەم دێت،

کەمتر ڕاستەقینەن. ئەو پەیوەندییە خەیاڵییەی ئالتۆسێر ئاماژەی پێدەکات، پەیوەندییەکی مادییە. ئایدۆلۆژیا باوەڕی بە باوەڕەکان نییە یان بابەتێک نییە پەیوەندی بە دۆخی هزری یان هۆشیارییەوە نییە، بەڵکو کارێکی ڕاستەقینەیە گروپ و دامەزراوەکان ئەنجامی دەدەن.

ئەگەر پێمانوابێت ڕەفتار و کردارەکان لە هەندێک باوەڕەوە سەرچاوە دەگرن، بە بۆچوونی ئالتۆسێر، ئایدۆلۆژیا ئەو باوەڕانە نییە، بەڵکو کار و کردار و ئەو دامەزراوانەیە کە تاکەکان تێیدا کۆمەڵگە پەسەند دەکەن.

- **مرۆڤناسی**

بە بۆچوونی مارکس، مرۆڤ بونەوەرێکی سروشتی و بەشێکە لە سروشت و خۆپەسند نییە. مرۆڤ کۆمەڵێک پێویستی هەیە، کە لە ڕێگەی کار لە سروشت و گۆڕانکاری تێیدا بەدەستی بێنێت. مارکس ئەو ڕاستییەی کە مرۆڤەکان سروشتی خۆیان لە ڕێگەی کارەوە دروست دەکەن، بە تایبەتمەندی تایبەتی مرۆڤ دەزانی، واتا پێویستە هزری مرۆڤایەتی و کەلتورەکەی لەبارەی ژیانی بەرهەمهێنانی مادی ئەو تێبگەین. جۆری مرۆڤایەتی، خۆی لە ڕێگەی کارەکانی خۆیەوە دەخوڵقێنێت، سروشتی مرۆڤ لە دەستەکانی خۆیدایە.

ناوەندی ئەندێشەی مارکس، کار و بەرهەمە. زاتی مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی کارەوە دێتەدی. مارکس بەنیازە سەرچاوەی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، سروشتی دامەزراوەیی، فۆڕمەکانی هونەر و کەلتور، ئایدیا و بەهاکانی بۆ تایبەتمەندییە بەهێزەکانی بەرهەمهێنانی مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە و تێگەیشتنی ئاسان دەکات.

لەگەڵ ئەمانەشدا مارکس پێیوایە زاتی مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی کارەوە دێتەدی، ئەمە ئەو دەلاقەیەیە کە مارکس لە ڕێگەیەوە دەچێتە ناو تێگەیشتنی

(نامۆبوون)ەوە. مرۆڤ ئەو شتانەی خۆی دروستیکردوون، بەشێوەیەک لێکدەداتەوە کە لە دەرەوەی ئەون و دەستیان بەسەر ئەودا گرتووە.

«واتایەکی بەرجەستە کە مارکس جەختی لەسەردەکاتەوە (نامۆبوونی) خولْقێنراوەکانی مرۆڤە، ئەو کاتەی بۆ هێزێکی دوژمنکارانە دەگۆڕێن، کە بەسەر خولْقێنەرەکانیاندا سەردەکەون یان دەیانکەن بە کۆیلەی خۆیان.» مرۆڤەکان پێیانوایە بەرهەمەکانی مرۆڤایەتی، وەک (کـالْا) بەرهەمی چالاکییەکانی ئەوان نییە، بەڵکو ئافرێنراوی هێزی بەدەر لە ئەوانە.

لە کۆتاییدا مارکس بە رەهایی ئومێدی هەیە و بۆ هێنانەدی ئەوەش لە خۆئاگایی چینی کرێکاردا دەگەڕێت. ئەگەر مرۆڤ بە خۆئاگایی چینایەتی بگات، لەو کاتەدا دەتوانێت دەست بەسەر سەرجەم پرۆسەکەدا بگرێت و لە خەیاڵە پووچەکان خۆی قوتار بکات. ئەمە تێڕوانینێکی هیومانیستییە، کە مارکس لەسەر ئەو بنەمایە، مزژدەی رزگاری سەردەدات، بەلام ئالْتۆسێر ئەم بۆچوونەی مارکس پەسەند ناکات. «ئەو تێزێکی دژە هیومانیستی بەرامبەر تێزی هیومانیستی لویس و مارکسی سەرەتا دادەڕێژێت.» ئالْتۆسێر نمونەیەک لە تێزی هیومانیستی لویس بە نمونە دێنێتەوە: «مرۆڤ مێژوو دروستدەکات». بە بۆچوونی ئالْتۆسێر، دەرەنجامی ئەم تێزە ئەوەیە کە ئەو خەیاڵە بە کرێکاران بدات، کە وەک مرۆڤ توانای ئەنجامدانی هەموو کارێکیان هەیە، ئەگەر لە راستیدا ئەوان لەلایەن بۆرژواکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن.»

یەکێک لە گرنگترین فێرکارییەکانی ئالْتۆسێر، مرۆڤناسی ئەوە. «بە بۆچوونی ئالْتۆسێر، گرفتی شیکارییە مرۆڤگەراییەکان بۆ کارەکانی مارکس ئەوە بوو کە ئەم شیکارانە گرنگترین سەرکەوتنی تیۆری مارکس، واتا جێگیری تێگەیشتنی زانستی لە رەوەندە مێژووییەکانیان لەبەرچاو نەگرتووە.»

شیکاری ئاڵتۆسێر بۆ مارکس، بەرامبەر فەیلەسوفانی کەسایەتیخوازی وەک (ئیمانوێل مونیە) و مامۆستای پێشووی ئاڵتۆسێر (ژان لاکروا) فەیلەسوفی ئەگزیستانسیالیست (ژان پۆل سارتەر و مۆریس مێرلۆ پۆنتی Maurice Merleau–Ponty) دەرکەوتەناسە (Phenomenological)، کە هەوڵدداث مارکسیزم بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆرخ بکەن و نیشانی بدەن کە مارکس وەک ئەوان بیری کردۆتەوە و زیاتر لە بیری باشتر کردنی ژیانی مرۆڤەکاندا بووە. بە بڕوای ئەم فەیلەسوفانە، مارکسیزم سیستمێکی فکرییە و بە دوای رزگارکردنی مرۆڤەکان لە کۆت و بەندی دۆخی نامرۆڤانە لە سیستمی سەرمایەداریدایە و لە هەوڵی رەخساندنی کۆمەڵگەیەکدایە، کە تێیدا مرۆڤەکان بتوانن ژیانێکی مرۆڤانەی سایستەیان هەبێت. ئاڵتۆسێر دژی ئەم شیکارەیە، ئەو دەریدەخات کە ئەمجیرە هیومانیزمە فۆڕمێکی هەڵخەڵەتێنەر لە ئایدۆلۆژیای سەرمایەدارییە.

لە راستیدا ئاڵتۆسێر بۆ روبەڕووبوونەوەی دوو بابەت دروستبوو، کە نیشانەی (ئیرادەگەرایی Voluntarism) و (ئابوریگەرایی Oriented economy) هەیە. ئیرادەگەرایی لەسەر ئەو گریمانەیە کار دەکات کە لە رودانی رووداوەکاندا خەڵکی دیاریکەرن، نەک دامەزراوەی ئابوری. لە کاتێکدا کە مارکسیزمی ستراکتۆری شیکارێک بۆ مارکس بەدەستەوە دەدات کە تێیدا ئاکارەکانی مرۆڤ تەنیا جێگەیەک لەم ستراکتۆرەدا پڕ دەکەنەوە، بە واتایەکیتر مرۆڤەکان بە ناچاری پابەندی ستراکتۆرەکانن و ئیرادەی ئازادی خۆیان نییە.

مرۆڤگەرایی لە حوکمی تێگەیشتنی فەلسەفیدا بۆ مێژوو، وەک رەوەندێک کە بەرهەمەکەی پێشکەوتن و گۆڕانی تـەواوی جۆرەکانی مرۆڤە، دەخرێتەڕوو. لەم تێگەیشتنەدا، مرۆڤ ئەو ئامڕازەیە کە پێشکەوتن و گۆڕانکاری دروستدەکات، واتا مێژوو لە حوکمی خۆپەروەردەکردنی

مرۆڤدایە.  زۆر تێڕوانینی فەلسەفی لەبارەی (پێشکەوتنی) مرۆڤەوە لەم شێواز و فۆڕمەدا شیدەکرێنەوە. وەک بینیمان فەلسەفەکانی فویرباخ و مارکسی گەنجیش دەچنە ناویانەوە، وەک ئالتۆسێر ئاماژەی پێدەکات، مرۆڤگەرایی لەم چەمک و واتایەی خۆیدا، هەروەها مێژووگەرایی لایەنە جیاوازەکانی پرسێک پێکدێنن، لەمڕووەوە ئالتۆسێر بە ئاشکرا روبەڕووبووی مرۆڤگەرایی دەبێتەوە.

مرۆڤ لە ئەندێشەی ئالتۆسێردا، بە وتەی (یان کرایب Ian Craib) وەک بوکەڵەیەک دەمێنێتەوە، کە دەزووە نەبینراوەکان، ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەیجوڵێنن. بەپێی ئەم تێگەیشتنە، مێژوو پرۆسەیەکی بێچالاکییە، کە تێیدا ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان باڵیان بەسەر چالاکییەکانی مرۆڤدا کێشاوە. تاکەکان لە قاڵبی ئایدۆلۆژیادا تاکێتیان بەدەستهێناوە و ئەوە خۆیەتی کە ناسنامەی کۆمەڵایەتی دروستکردووە و لە دەزگا حکومییەکانی ئایدۆلۆژیادا (وەک خێزان، خوێندنگە) لە رێگەی میکانیزمی ئاشکراوە، بوونە مادی.

بەبۆچوونی ئالتۆسێر، مرۆڤەکان هیچ ئیرادەیەکی سەربەخۆ لە ستراکتۆرەکانیان نییە، ئەگەر گۆڕانێک لە کۆمەڵگەدا روو بدات، بە ئیرادەی مرۆڤ و مەبەستی خەڵکی و لە شتە تاکەکاندا (پێکهێنەرە ستراکتۆرییەکاندا) نییە، بەڵکو لە پەیوەندی نێوان ستراکتۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت: پەیوەندی نێوان ئەو ستراکتۆرانەی کە لە پێکهێنەری جیاواز پێکهاتوون و پەیوەندی جیاوازیان هەیە. لەمڕووەوە، بەبۆچوونی ئالتۆسێر تەنیا شتێک کە بوونی سەربەخۆ و کاریگەری هەیە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدار بەسەر کۆمەڵگەوەیە.

- **مەعریفەناسی**

لەوانەیە نەتوانرێت بنەماکانی مەعریفەناسی ئەندێشەی ئاڵتۆسێر بە دەست بێت، بەڵام دەتوانرێت، هەوڵبدرێت بۆ بەدەستهێنانی تیۆری مەعریفە ناسی ئاڵتۆسێر. لەوانەیە بتوانرێت بوترێت، ستراکتۆرالیزمەکان بەشێوەیەکی گشتی، بە تایبەتی ئاڵتۆسێر لە ریزبەندی (تیۆری گونجان Coordination theory) لە مەعریفە ناسیدا بەدوایاندا بگەڕێیت.

ژمارەیەک لە ستراکتۆرالیزمەکان، دەچنە پارادایمی مەعریفە ناسی پۆزەتیڤیزمەوە. بە بەڵگەی لۆجیکی دەتوانرێت (ئاگوست کۆنت Auguste Comte) بە پێشڕەوی سەرەکی سوننەتی ستراکتۆرالیزم هەژمار بکرێت. لەوەدا کە ئەو پۆزەتیڤیستێکی پێشڕەو و دامەزرێنەریەتی لە بواری زانستی کۆمەڵایەتیدا، دەتوانرێت گومان بکرێت.  ئەمە لەبارەی دۆرکیم-یشەوە راستە، لەگەڵ ئەمانەشدا ناتوانرێت تەنیا لەبەر گرێدراوی کۆنت و دورکیم بە پارادایمی پۆزەتیڤیستی، ئەوان بە گونجاوخواز دانەنرێن. ئاڵتۆسێر هیچ پەیوەندییەکی بە پۆزەتیڤیزمەوە نییە، بەڵام گونجاوخوازێکی مەعریفەناسییە.

پارسۆنز-یش گونجاوخوازێکە، بەڵام جیاوازی ئەو لەگەڵ ئاڵتۆسێر ئەوەیە، کە پارسۆنز زیاتر گونجان لە سیستمە گشتییەکانی ئاکار و وردە سیستمە جۆراوجۆرەکاندا دادەنێت، کە خزمەت بە یەکتری دەکەن و بۆ پاراستنی یەکتر کار دەکەن، بەوپێیە ئەندێشە و تیۆریەکانیش پێویستە گونجاوی لۆجیکیان هەبێت. بە واتایەکیتر گونجانی تیۆرێک پیویستە لە رێگەی ئەو بابەتانەوە پەسەند بکرێت، کە تاقیکراونەتەوە. بەڵام ئاڵتۆسێر پێیاویە هەموو تیۆرێکی زانستی، (بابەتی تیۆری) تایبەتی خۆی دەخوڵقێنێت. گرفتی ئەمەش ئەوەیە، کە هەر تیۆرێک جیهانی تیۆری تایبەتی خۆی دەخوڵقێنێت، ئێمە ناتوانین (جیهانی راستەقینە) لە دەرەوەی تیۆر بدۆزینەوە و تیۆرەکەی خۆمانی پێلێکبدەینەوە. بە نزیکەیی زۆربەی تیۆریسینەکانی کۆمەڵایەتی،

گونجانی لۆجیکی بە مەرجی متمانە کردن بە تیۆرێکی زانستی دەزانرێت. ئالتۆسێر لەبارەی متمانەپێکردنەوە، تیۆرێکی گوتاری هەیە، کە دەتوانرێت لەو رێگەیەوە مەعریفەناسی ئەو بەدەستبێت. (یان کرایب) لەوبارەیەوە دەڵێت:

«یەکێک لەو پێوانانەی کە ئالتۆسێر بەدەستیەوە دەدات، بە وتەی خۆی (ریزبەندی شیکاری) چەمکەکانی ناو تیۆرەکەیە. لەوانەیە خوێنەر بە راستی بە شاراوە ببینێت، تا ئەوەندەی من دەتوانم تێیبگەم، مەبەستی ئەو ئەوەیە هەرچەندێک چەمکەکانی تیۆرەکە پەیوەندی نێوانیان (لۆجیکیتر) و (عەقڵانیتر)یان لەگەڵ یەکتر هەبێت و بتوانرێت بە ریزبەندێکی تایبەتی یەکێک لەوەیترەوە بەدەست بێت، ئەو تیۆرە زانستیترە.

لەسەر ئەم بنەمایە، تیۆر چوارچێوەیەکی تێگەیشتن یان کۆمەڵێک چەمکی پەیوەندیدار بەیەکەوە و گونجاوە، کە (راستییە شاراوەکان)ی ستراکتۆری دەسەڵاتداری سەرمایەداری بەسەر کۆمەڵگەدا ئاشکرا دەکات. ئالتۆسێر زیاتر گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تیۆری دەدات، نەک لێکۆڵینەوەی زانستی و پراکتیکی.

ئالتۆسێر بە پێچەوانەی پۆزەتیڤیستەکان، کە باوەڕیان وابوو تەنیا رێگەی متمانەپێکراو بۆ بەدەستهێنانی زانین، سەلماندنە، پێیوایە بە باشترین لێکۆڵینەوەی پراکتیکیش ناتوانرێت ستراکتۆرەکانی کۆمەڵگە ئاشکرا بکرێن، تەنیا شێوازێک کە تێگەیشتن و درکپێکردنی ئەم ستراکتۆرانە دەڕەخسێنێت، شێوازی شیکاری و تیۆرییە، چونکە بە بۆچوونی ئالتۆسێر ستراکتۆرەکانی کۆمەڵگە، قوڵایی بوونناسی و نەبینراویان هەیە، لەبەر ئەوە ناکەوێتە داوی ئامرازە پراکتیکی و بینراوەکاندا.

پیوەرێکی گرنگیتر کە ئالتۆسێر بۆ متمانر کردن بە تیۆرێک پێشکەشی دەکات، (کراوەیی) تیۆر یان کۆی چەمکەکانی پەیوەندیدار بە تیۆرەکەیە

لەڕووی خوڵقاندنی پرسیارەوە. ئەگەر تیۆرێک کۆمەڵێک چەمک بێت، کە یارمەتیمان بداث لە جیهان تێبگەین، ئەو توانایە بە ئێمە دەبەخشێت، کە لەسەر بنەمای ئەم چەمکانە بکەوینە پرسیار کردن و گریمانە کردن لەبارەی جیهانەوە. بەپێی ئەم گریمانەیە ئەگەر تیۆر بەشێوەیەک بێت کە وەڵامەکانی لە پێشتردا دیاری کردبێت و بە بەڵگە نەویستی دابنێت، ئەوا ئەو تیۆرە خەسڵەتی (کراوەیی) نییە. پیویستە تیۆر بەشێوەیەک بێت، کە ئێمە بەرەو تێڕوانینی نوێ رێنمایی بکات و خۆی لەلادان لە دەوروبەری خۆی بەدوور بگرێت.

بە بۆچوونی ئاڵتۆسێر خوڵقاندنی پرسیار (نازانستی یان ئایدلۆژی)یش کۆمەڵێک پرسیار دەخاتەڕوو، بەڵام وەڵامەکان بە بەڵگە نەویست دادەنێت.

- **شێوازناسی**

زۆرینەی تیۆریسینە موحافیزکارەکان لەژێر کاریگەری فەلسەفەی ئیمانوێل کانت-دا (Immanuel Kant) بوون. ئەمە یەکێک لەو هۆکارانە بوو، کە ئەوانی بەرەو بیری تاکڕەوی و ناتەواوی راکێشابوو، بەو واتایەی کە ئەوان بەو بەڵگەیەوە گرێ درابوون کە گۆڕان لە [ئەلف] (بۆ نمونە، گۆڕان لە بیروڕادا لە سەردەمی رۆشبگەریدا) بووە هۆی گۆڕان لە [ب] (وەک ئاڵۆزییە سیاسییەکانی فەڕەنسا)، بەڵام مارکس کاریگەری (هیگڵ Georg Wilhelm Friedrich Hegel)ی لەسەربوو، زیاتر بەپێی لۆجیکی دیالێکتیکی بیری دەکردەوە، نەک پەیوەندی هۆ و هۆکار.

ئاڵتۆسێر رەخنە لە لێکدانەوەی سونەتی مارکس - هیگڵ بە ناوی (هەڵگێڕانەوە)ی ماتریالیستی دروستکردنێکی ئایدیالیستی دەگرێت. بە بۆچوونی ئاڵتۆسێر، ئەم شێوازی کارکردنە پارێزەری تایبەتمەندی تێڕوانینی مەبەستداری دیالێکتیکی هیگڵی بوو. بۆ نمونە ئەم خاڵە لەبارەی باوەڕ

بە ئابوری راسته، کە بەوپێیە، دژیەکی نێوان توانا و پەیوەندییەکانی بەرهەم بە هۆکاری کاریگەر و سەرومێژوویی، بە پێکهاتنێکی تاکڕەوانە دادەنرا. بەپێچەوانەوە ئاڵتۆسێر باوەڕی بە فرە هۆکاری هەموو دژیەکیەک هەبوو. هەر دژەیەکیەکی چالاک لە کۆمەڵگەدا، ئەگەر لە سیستمێکی دیاریکراودا (هەرچەندە گۆڕاو بێت) ڕێکخراو بێت، لە خۆیدا لەلایەن ئەو دژیەکییەکانەیترەوە فۆڕم وەردەگرێت، کە دۆخەکەیان ڕەخساندووە. هەر دژەیەکییەک بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگری ڕاستەقینە و کاریگەری، هاوکات دیاریکەر و دیاریکراوە.

یەکێک لە هەڵوێستەکانی ئاڵتۆسێر بەرامبەر مارکسیزمی ناکامڵ، بابەتی تێڕوانینی تاکڕەوانەیە لە هۆکاری پێکهاتن. جیاوازییە گرنگەکانی ئاڵتۆسێر و ستراکتۆریستە ئەرتەدۆکسەکان ئەوەیە، کە ئاڵتۆسێر بەرامبەر (یاساکانی گۆڕان) بەشیوازێک بیری هۆکار کاردەکات، بەڵام جەختکردنەوەی ئاڵتۆسێر لەسەر هۆکار، بەهۆی گرنگی پەیوەندییەکانی نێوان ستراکتۆرەکانە، چونکە لە دیدی ئاڵتۆسێرەوە ئەم هۆکارە نەک لە شتە تاکەکان (یان پێکهاتەکانی ستراکتۆر) و نە لە مەبەستەکانی خەڵکدایە، بەڵکو لە پەیوەندییەکانی نێوان ستراکتۆرەکاندایە. بە بۆچوونی مارکسیستەکان، پێکهاتەی ناکامڵی بیروڕای هۆکاری ستراکتۆر، جۆرێک بیروڕای گریمانە کراوە، چونکە مارکسیستەکان بەردەوام بە ئەوەوە گرێ دراون، کە ئابوری بەوە دابنێن کە کاریگەری لەسەر سەرجەم کارەکان هەیە.

مەبەستی ئاڵتۆسێر لە هۆکاری ستراکتۆری ئەوەیە، کە کۆمەڵێک بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یان جۆری ستراکتۆری بنچینەیی، کە دەتوانێت بە هۆکار یان کۆمەڵێک پەیوەندی روکار دابنرێت. پلورالیزمی شێوازناسی (ماکس ویبەرMaximilian Carl Emil Weber) زۆر جیاوازە لەوەی ئاڵتۆسێر باسی دەکات. بەپێی شێوازی باو لە زانستی کۆمەڵایەتیدا، ژمارەیەک لە

گۆڕاوە سەربەخۆکان کاریگەری لەسەر گۆڕاوە لکاوەکان دروستدەکاتٛ، بەڵام ئاڵتۆسێر زۆرینەی هۆکاری ستراکتۆری، بە شێوەیەک پەیوەندی نێوان ستراکتۆرەکان دادەنا. ئەم پەیوەندییانە لەلایەکەوە لە نێوان هۆکار و ستراکتۆرەکان نییە، بەڵکو لە نێوان خودی ستراکتۆرەکانە، لەلایەکیترەوە ئەو خاڵەی کە ئاڵتۆسێر جەختی لەسەر دەکاتەوە ئەوەیە، کە پێویستە لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەکان لە رووی پەیوەندی نێوان ستراکتۆرەکان لێیانبڕوانرێتٛ، نەک جەوهەر و شێوازی دەربڕینی، بەو واتایەی کە ئاڵتۆسێر دیاریکردنی جەوهەرێک لە دەربڕینی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسدا، کە ئابوری جەوهەرێکە و سەرجەم پێگە کۆمەڵایەتییەکانیتر دروستٛ دەکاتٛ، پەسەند ناکاتٛ. ئاڵتۆسێر، (کەمکردنەوەی Reductionism) شیواز ناسی مارکسیزمی ئەرتەدۆکس و پلورالیزمی شێوازناسی ماکس ویبەر پەسەند ناکاتٛ.

ئاڵتۆسێر بە رەتکردنەوەی (لۆجیکی ریزبەندی)مارلسیزمی ئەرتەدۆکس، لۆجیکێکی نوێی شێوازناسی خستەڕوو، کە پێی دەوترێتٛ لۆجیکی شیکاری. لەسەر بنەمای ئەو لۆجیکە، کە لە ستراکتۆری زماناسی و شیکاری گفتوگۆ سەرچاوە دەگرێتٛ، ئەوەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی ستراکتۆرەکان گرنگە ئەوەیە، کە تێگەیشتن لەم ستراکتۆرە شیکاریانە، شوێنکەوتووی دەرهێنانی گریمانە بەراییەکانی واتاناسییە و تێیدا شاراوەیە، لەمڕووەوە تێگەیشتن و ئاشکراکردنی واتای راستەقینە و شاراوە لە ستراکتۆرەکاندا لە رێگەی شێوازی تاکڕەوانەی هۆکارەوە بەدەستٛ نایەتٛ. دەرەنجامێکی گرنگ لە ستراکتۆری زمانی فەڕەنسیدا و بەکارهێنانی بۆ ستراکتۆری کۆمەڵایەتی ئەوەیە، کە مرۆڤە ئەکتەرەکان خۆیان واتا و گرنگییەکیان نییە، بەڵکو پێگەی ئەوانە واتا و تێگەیشتنی لە ئەوان دیاری دەکاتٛ. وەک چۆن واتای وسە لە پێکهاتەی رستەدا ساراوەیە و واتایەکی جیاوازە، لەبەرئەوە واتا بریتییە لە رۆڵی وشە لە پێکهاتەیەکی زمانەوانیدا.

- **تیۆری کۆمەڵناسی**

گرنگترین گۆڕانکاری ئاڵتۆسێر لە تیۆری مارکسیستیدا، بارزکردنەوەی ئاستی شیکاری تیۆری مارکسیستی بوو. ئاڵتۆسێر بە گونجاندنی ئایدۆلۆژیا و سیاسەت لە تیۆری خۆیدا، ئاستی شیکاری تیۆری مارکسیستی لە تێڕوانینی ئەرتەدۆکسی و ئاکرەوی رزگار کرد. ئەو پێیوایە زۆرینەی مارکسیستەکان، بە راستی لە کارەکانی مارکس تێنەگەیشتوون و شیکاریان نەکردوون و دەیویست ئەوەی بە باوەڕی خۆی (راست) خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مارکسە، ئەم بابەتە جارەسەر بکات. ئاڵتۆسێر بەرهەمەکانی کۆتایی مارکس-ی بە وردی خوێندەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لێیانەوە بنەمای مۆدێلێکی ستراکتۆری لە کۆمەڵگە دەرهێناوە، کە بە کەلتور و سیاسەت رۆڵێکی سەربەخۆ دەبەخشێت. ئاڵتۆسێر پێیوابوو مارکس (لێکدابڕانێکی مەعریفی) لە ژیانیدا بینیوە، بە بۆچوونی ئاڵتۆسێر نوسینەکانی سەرەتای مارکس هیومانیستی و عەقلگەرایانە بووە. ئاڵتۆسێر پێیوابوو، مارکس لە بەرهەمەکانی دواتریدا (وەک سەرمایە) پشتیوانی لە شێوازی نمونەیی و زانستی کردووە. ئاڵتۆسێر بە هەمان ئەو شێوەیەی لەگەڵ شیکاری عەقڵگەرایانە و هیگڵی مارکسیزم نێوانێکی باشی نییە، دژی شیوازی ئەرتەدۆکسیشە. ئامانجی ئاڵتۆسێر لە سادەترین فۆڕمیدا، جێگیرکردنی مارکسیزم وەک زانستێک و رزگارکردنی لە ناچارکردنی ئابورییە.

- **ئاڵتۆسێر و بابەتی ژێرخان و سەرخان**

مارکس لە سەرەتای رەخنە لە ئابوری سیاسیدا نوسیویەتی:

مرۆڤەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ژیانیدا، بە ناچاری دەچێنە ئەو پەیوەندیانەوە کە سەربەخۆ لە ئیرادەی ئەوانە، واتا پەیوەندی بەرهەم لەگەڵ قۆناغێکی تایبەتی لە پرۆسەی تەواوبوونی تواناکانی

بەرهەمی مادییە. کۆی ئەم پەیوەندییانە، پێکهاتەی ئابوری کۆمەڵگە، واتا بنەمای راستەقینە پێکدێنێت، کە لەسەر ئەو بنەمایە سەرخانی ماف و سیاسی دروست دەبێت و فۆڕمی تایبەتی ئاگایی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەگونجێت.

مارکسیزمی ئەرتەدۆکس لەسەر بنەمای نمونەی بنچینە - سەرخان دارێـژراوە. ئەوان ئابوری سیاسی بە دیاریکەری بەشەکانی کۆمەڵگە - سیاسەت، ئایین، سیستمە فکری و سیستمەکانیتر - دادەنێن. بە بڕوای ئاڵتۆسێر ئابوریگەرایی کێشەیەکە و پێویستە لە تیۆری مارکسیزمدا لەناو بچێت. گرفتی مارکسیزمی ئەرتەدۆکس ئەوەیە، کە رۆڵی ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی لە شیکارە کۆمەڵایەتییەکان دوورخستۆتەوە، بە بۆچوونی ئەوان ئایدۆلۆژیا و سیاسەت تەنیا کاردانەوەی هەلومەرجی ئابوریە و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە. ئاڵتۆسێر ئەمجۆرە تێگەیشتن و شیکارە بۆ پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی رەتکردەوە. ئاڵتۆسێر لە تیۆرەکەی خۆیدا، بۆ سەرخانەکانی سیاسەت و ئایدۆلۆژیا یا رێژەیەک رۆڵی سەربەخۆی پێدان. بە بۆچوونی ئاڵتۆسێر ئابوریگەرایی جۆرێک کەمکردنەوە، کە توانای شیکارێکی کەمی هەیە و پێگەی ئایدۆلۆژیا و دەوڵەتی بەشێوەیەکی بەرفراوان پشتگوێ خستووە. ئاڵۆزی پەیوەندی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان لە رووی لۆجیکی و لە ئاستی کۆتاییدا دەتوانرێت بۆ کاروباری ئابوری کورت بکرێتەوە. بە بڕوای ئاڵتۆسێر، سەرخانەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری • ئایدۆلۆژی و سیاسەت - تەنیا بنەما ئابورییەکان ناخەنەڕوو، بەڵکو خۆشیان بەشێوەی رێژەیی سەربەخۆن و خۆبەڕیوەبردنی رێژەییان هەیە و لە هەر کاتێکیشدا بێت دەتوانن هۆکاری دەسەڵاتداری بن. لە دیدی ئاڵتۆسێرەوە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە سێ پێکهێنەری بنەڕەتی ئابوری و سیاسی و ئایدۆلۆژی دروستدەکرێت.

• **ئایدۆلۆژیا**

لە تیۆری ئاڵتۆسێردا، بەپێی شیوازەکانی دوایـی، بە تایبەتی قوتابخانەی لێکۆڵینەوەی کەلتوری، گرنگترین خاڵی بەهێزی تیۆری ئاڵتۆسێرە. تیۆری ئایدۆلۆژی ئاڵتۆسێر لەگەڵ ئەوەی کە پیگەی یەکەمی خۆی لەدەستداوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هێشتا یەکێک لە بنەماکانی ئیلهام و خاڵی وەرچەرخانی گرنگ لە جولان بەرەو کۆمەڵناسی کەلتورە، گرنگی هەیە. ئاڵتۆسێر تاکە واتایەکی بۆ ئایدۆلۆژیا بەدەستەوە نەداوە. ئاڵتۆسێر لە وتاری (مارکسیزم و هیومانیزم)دا مەبەستی خۆی لە ئایدۆلۆژیا بەمشێوەیە دەربڕیوە:

«ئایدۆلۆژیا سیستمێکە (بـە لۆجیک و وردی خـۆیـەوە) لە نیشاندانەوەکانی (وێنەکان، ئەفسانەکان، ئایدیا یان تێگەیشتنەکان لە هەر بابەتێکی تایبەتی) کە رۆڵی تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەیە... ئایدۆلۆژیا لە پلەی رێکخستنی نیشاندانەوەکاندا، لە زانست جیایە، چونکە لە ئایدۆلۆژیادا کارایی زانستی - کۆمەڵایەتی لە کارایی تیۆری گرنگترە.

ئاڵتۆسێر پێیوایە لە کۆمەڵگەکانی سەرمایەداریدا دوو جۆر باس هەن: باسی زانستی کە مەعریفەی راست لە کارایی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە دەدات، باسی ئایدۆلۆژیا، کە بەو شێوەیە نییە. مەبەستی ئاڵتۆسێر لە باسی زانستی، هەمان ماتریالیزمی مێژووییە، کە لەبارەی راستی مادی بوونی تاکەکان لە کۆمەڵێکی ئاڵۆز لە توانا و پەیوەندییەکانی بەرهەم، کە بە بەرهەمی سەرمایەداریش دادەنرێت، دەدوێت. بەپێچەوانەی زانستەوە، ئایدۆلۆژیا پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە ئاگاییەوە نییە. ئایدۆلۆژیا گفتوگۆ و وێنە و ئایدیاکان دەگرێتەوە، کە لەسەرجەم سەردەمەکاندا ئێمەیان گەمارۆ داوە، لە ناویاندا لەدایکبووین، گەشەمان کردووە و تێیدا دەژین و بیر دەکەینەوە و کار دەکەین. لە راستیدا ئایدۆلۆژیا رێگایەکە خەڵکی

بۆ تێگەیشتن لە جیهانەکەیان هەڵیدەبژێرن. ئایدۆلۆژیا دروستکەری گفتوگۆکان، وێنە و تێگەیشتنەکانە و ناتوانێت راستی و پێگەی ئێمە لەناو ئەو پەیوەندیانەدا دوبارە دابڕێژێتەوە، بەڵام زانستی مارکسیستی راستی و پیگەی ئێمە لەناو ئەو پەیوەندیانەدا نیشان دەدات، ئەم واتایەی ئایدۆلۆژیا زۆر لە تیۆری ئایدۆلۆژی مارکس دەچێت.

ئاڵتۆسێر لە وتاری (ئایدۆلۆژیا و دەزگا ئایدۆلۆژیا دەوڵەتییەکان) دەڵێت، ئایدۆلۆژیا مادیە:

تێڕوانینی روتەڵ لە باوەڕ و واتاکان وەک جوڵانەوەیەکی رەوان و ناجێگیری بەردەوام، یان جوڵانەوەکانی سەرچاوەگرتوو لە ئاگایی لەبەرچاو نەگرتووە و لێیان دوور دەکەوێتەوە. بەپێچەوانەوە، ئەو بەشێوەیەکی تەواو جیاواز باوەڕی وایە، کە ئاگایی لەلایەن ئایدۆلۆژیاکانەوە بە تێگەیشتنی نوێ دەگات، لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئایدلۆژیاکان، کۆمەڵێک واتان، کە تاکەکانی لە پەیوەندییە خەیاڵییە ناڕاستەقینەکان دوورخستۆتەوە، ئەوانی لەناو پەیوەندی و بۆنە راستەقینەکاندا کە تێیدا دەژین، دادەنێت.

ئایدۆلۆژیاکان گەرەنتی نمایشکردنەوەی جیهانی راستەقینەی ژیانی خەڵک نین، بەڵکو پەیوەندییەکەیان لەگەڵ جیهانی راستەقینەیە. ئایدۆلۆژیا کاردانەوەی ئەو پەیوەندییە راستانە نییە کە باڵی بەسەر تاکەکاندا کێشاوە، بەڵکو پەیوەندی خەیاڵی تاکەکان، ئەو پەیوەندیە راستەقینەیەیە کە تێیدا دەژین.

دومینیک ستریناتی لەبارەی بوونی مادی ئایدۆلۆژی لە دیدی ئاڵتۆسێر–ەوە دەڵێت:

ئاڵتۆسێر بەو بانگەشەیەی کە (ئایدۆلۆژیا بوونی مادی هەیە)، دوبارە لە نێوان تێڕوانینی خۆی و تێڕوانینەکانیترەوە کە لە سەرەوە باسکرا جیاوازی دادەنێت، چونکە هەردویان بەو بۆچوونەوە گرێ دراون،

کە ئایدۆلۆژیا تەنیا وەک کۆمەڵێکی خەیاڵی باوەڕەکان لە هزری خەڵکیدا بوونی هەیە. لەبەرئەوە بەراوردی بنەمای مادی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی چینایەتی و لەخۆنامۆبوونی بەرهەمهاتوو لەو، کەمتر راستەقینەیە. ئەو پەیوەندییە خەیاڵییەی ئاڵتۆسێر ئاماژەی پێدەکات، پەیوەندییەکی مادییە. ئایدۆلۆژیا باوەڕی بە بیروڕاکان نییە، یان بەبانێک نییە کە پەیوەندی بە هەلومەرج یان هۆشیارییەوە هەبێت، بەڵکو ئەو کارانەن کە گروپ و دامەزراوەکان ئەنجامی دەدەن.

ئاڵتۆسێر لەم وتارەدا لایەنی جیاجیا باسدەکات، لایەنێکی گرنگی ئەم وتارە ئەوەیە کە رێگە بۆ ناسینی ئەو بابەتە خۆش دەکات، کە ئایدۆلۆژیا و باسەکان چۆن دروست دەبن. ئاڵتۆسێر ئەو باسە دەخاتەڕوو، کە ئایدۆلۆژیاکان لە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست نابن، بەڵکو باوەڕی وایە زۆربەی بەکارهێنانەکانی ئایدۆلۆژیا، جیاوزییە باسکراوەکان دوبارە دەسەپێنن. بە واتایەکیتر ئایدۆلۆژیا و دەزگا ئایدۆلۆژیە دەوڵەتییەکان، لەلایەکەوە لەلایەن چینەکانی کۆمەڵگە و جیاوازیەکانیانەوە دروست دەبێت، لەلایەکیتریشەوە یارمەتی دوبارە بەرهەمهێناوەی دەسەڵاتی چینی حاکم و سیستمی سەرمایەداری دەات، یان دوبارە بەرهەمی دێنێتەوە. مارکس بیری لە دابەشکردنی کار لە چوارچێوەی بەرهەم لەناو کارگەدا دەکردەوە و لەو خاڵە غافڵ بوو چۆن دابەشکاری لە دەرەوەی کارگە یان داممەزراوەکان جێبەجیدەکرێت و بۆ پرسیاری (دوبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکان بەرهەم چۆن ئەنجام دەدرێت؟) وەڵامێکی نییە. ئاڵتۆسێر لەم وتارەیدا گرنگی داوە بە سەرخانی ئایدۆلۆژیا لە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەم و سەربەخۆیی رێژەیی بە تەواوی رووندەکاتەوە. ئەوەی بۆ ئاڵتۆسێر لەبارەی دوبارە بەرهەمهێنانەوە گرنگە، هێزی کارە:

ئەم دوبارە بەرهەمهێنانەوەیە بە ڕێژەیەک لە ڕێگەی پێدانی موچەوە دابیندەکرێت، بەڵام پێویستە کرێکار لەو کارەی کە پێی سپێردراوە، شارەزا بێت. ئەمەش پێویستی بە شارەزایی تەکنیکی، واتا خاوەنی شارەزایی و توانای سوودوەرگرتن لەو شارەزاییانەیە کە کارێکی تایبەتی دەیخوازێت و (رەفتاری باش) واتا رەفتاری راست و ڕێزگرتن لە پلەدار و زەحمەتکێش و بەڵێن و ... لە سەرمایەداریدا ئەم شارەزاییە تەکنیکی و رەفتاریانە لە سیستمی پەروەردەوە بەدەست دێن.

پـەروەردە و فێرکردن یەکێک لە گرنگترین دامـەزراوە حکومییە ئایدۆلۆژیە دەسەڵاتدارەکان لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییە مۆدێرنەکانە. لە خوێندنگەکان، منداڵەکان لەگەڵ ئەوەی ئەو شارەزاییانە بەدەست دێنن، کە لە ئایدۆلۆژیا دەسەڵاتدارەکان پێچراوە (زمانی فەڕەنسی، بیرکاری، ئەندازیاری، مێژووی سروشت، زانست، ئەدەبیات)، ئایدیلۆژیا دەسەڵاتدارەکانی (رەوشت، پەروەردەی شارستانی، فەلسەفە، شێوازێکی تایبەت لە ئایین) فێردەبن. ئاڵتۆسێر بە باشی سەربەخۆیی ڕێژەیی ئایدۆلۆژیا لە ژێرخانی ئابوری شیدەکاتەوە، ئەو پێیوایە ئایدۆلۆژیا دامەزراوەیەکی دەولەتی بۆ دوبارە بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدارییە، کە تاکەکان لە ڕێگەی پرۆسەی پەسەندکردنی کۆمەڵگەوە وردە وردە لەگەڵ دابونەریت و شێوازی رەفتاری ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا گەشە دەکەن ئاشنا دەبن.

سەرچاوە:

http://marefatefarhangi.nashriyat.ir/node/7

# ئاڵتوسێر و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی مارکس

خۆزێ لۆپێز
وەرگێڕانی: بڕوا عەلادین - بەریتانیا

لویس ئاڵتوسێر ساڵی 1918 لە بیرماندرییێس، لەجەزائیر لەدایکبووە. لەساڵی 1939 دا پێشکەوتنی قبوڵکردنی لەخوێندنگەی باڵای نۆرماڵ (SNE) بە سەرکەوتویی بڕیوە، کە ئەو سەردەمە لەپاریس زۆر بەناوبانگ بووە، بەڵام لەو کاتەدا خزمەتی سەربازیی و هاوکاتیش بەردەوامبوونی جەنگی جیهانی دووەم، ڕاستەوخۆ دەبنە بەربەست لەبەردەم تویژینەوەکانی. ساڵی 1940 ئاڵتوسێر لەڤانێس بە دیل دەگیرێت و پێنج ساڵ وەک دیلێک، ژیانی لەکەمپی دەستبەسەراگرتن لەئەڵمانیا بەسەردەبات. پاش جەنگ، سێ ڕوداوی گرنگ و یەکلاییکەرەوە لەژیانی ئاڵتوسێردا ڕودەدەن کە بە درێژایی هەموو ژیانی کاریگەرییان خۆیان لەسەری دەبێت:

یەکەمیان گەڕانەوەیەتی بۆ خوێندنگەی نۆرماڵی باڵا، کە تاوەکو ساڵی 1980 تیایدا وانەدەڵێتەوە و تویژینەوە دەکات.

دووەمیان: دیدارەکەیەتی لەگەڵ هێلێن ریتمان کە لەچوارچێوەی پەیوەندیەکی سەخت و دژواردا و تاوەکو مەرگە تراژیدیەکەی، هاوسەری دەبێت.

سێهەمیشیان: دەرچوون و لادانیەتی لە کاسۆلیزم و پەیوەندیکردنیەتی بە حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسیەوە (FPC) کە هەموو ژیانی تێیدا ئەندام دەبێت، ئەگەرچی هەرگیز بەتەواوەتی لەگەڵیدا کۆک نابێت.

بۆ یەکەمجار ئاڵتوسێر ساڵی 1965 دەکەوێت، کاتێک هەر دوو کتێبی (لەپێناوی مارکس) و (خوێندنەوەی سەرمایە) بڵاودەکاتەوە. ئامانجی ئاڵتوسێر لەو دوو کتێبەدا ڕەخنەکردنێکی توندی ئەو تێگەیشتنە دۆگماتیکیە شێوێنەرەیە ـ مەبەست تێگەیشتنی ستالینیزمە ـ کە بۆ مارکسیزم هەیە، دیدێک کە بریتییە

لەکورتکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و جەختکردنە لەسەر هێزگەلێکی ئابوریی بەرهەمهێن ،کە بە تەنها خاوەن شێوەی ئابورییانەن، وەک چۆن ڕەخنەیەکی توندی خوێندنەوەکانی مارکسیش بۆ هیگڵ دەکات. بەر لەتوێژینەوەکانی ئاڵتوسێر، مارکسیستەکانی خۆرئاوا بە تەواوەتی پشتیان بە هیگڵ بەستبوو، ئەمە جگە لەوەی کە دورکەوتنەوەی حیزبە کۆمۆنیستە مارکسیەکانی خۆرئاواش لە ستالین، بۆ خۆیان هاندەری ئەم جۆرە لێکنزیکبوونەوە و لێکچونە بوون، دیارە خوێندنەوە ڕەخنەییەکانی ئاڵتوسێر بۆ مارکس، سەرەتا و دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوون، کە تێیدا هێڵێکی یەکلاکەرەوە لەنێوانی دوو چەشن لەمارکس دانرا:

1. مارکسێکی لاوی ئایدیۆلۆژیست.

2.. مارکسێکی پێگەیشتوی زانستی.

ئاڵتوسێر ڕای وا بوو کە جوڵە و گواستنەوە بەرەو مێتۆدی زانستی، وایکردوە مارکس دەستبەرداری هیگڵ، ئەنترۆپۆلۆژیای فەلسەفی و هیومانیزم بێت، کە ئەمانەش بۆ خۆیان سیماگەلێکی ئەوتۆی کارەکانی بوون و بەر لەسالانی 1845 بەنوسینەکانیەوە دەبینران. لێرەوە بەرگری لەخوێندنەوەی هیگڵییانە و هیومانیستییانە بۆ مارکس ڕاستەوخۆ بە واتای دورکەوتنەوەیەکی تەواو لەگرنگترین دەسکەوت و داهێنانە زانستیەکانی مارکس دێت، کە ئەویش برێتییە لەچەمکی کۆمەڵگە وەک بونیادێکی ئاڵۆز، کە بەشێوەیەکی زۆر گشتگیر دەستنیشانکراوە.

ئاڵتوسێر بانگەشەی ئەوەی دەکرد، بۆیە گەڕاوەتەوە بۆ مارکس، تا جیاکاری لەنێوان مارکسیزمی ڕاستەقینە و مارکسیزمی ئایدیۆلۆژیی بکات. لێ ئەم گەڕانەوەیە پاشگەزبوونەوە نەبوو لەشتێک، کە پێشتر هەمووان دەیانزانی و ئێستاش لەیادیانکردوە: لەو ڕاستیەی کە مارکس دەروازەکانی کیشوەرێکی نوێی لەمەعریفەی زانستیدا کردەوە، کاری سەرەکی ئاڵتوسێریش دۆزینەوە و دانانی نەخشەڕێگا بوو بۆ ئەو شیمانە تیۆرییانەی ئەو کیشوەرە هەڵگریانە. دۆزینەوەیەی هەقیقەتی ئایدیاکانی مارکسیش، بۆ خۆی سێ سەرچاوەی فیکریی

مارکسییانە لەخۆ دەگرێت، کە بریتیین لە:

(تیۆرەی مەعریفەی مێژوویی، فەلسەفەی سپینۆزایی، دەرونشیکاریی لاکان یی).

ئالتوسێر چەمکی (دابـڕان) داهێنا، ئەو چەمکەی لەتیۆرهی مەعریفەی مێژوویی و بەتایبەتی لەگاستۆن باشلارەوە وەریدەگرێت. ئەم چەمکە بەپلەی یەکەم مانایوایە زانست درێژکراوەی ژیانی ڕۆژانە نییە، بەڵام بەدانانی چوارچێوەی چەمک ئاسا و تیۆریی خۆی لەئەزمونە ژێنراوەکانی ژیانی رۆژانە دادەبڕێنێت، پاشان ئەو چوارچێوانەش لەوێنەی ئامراز و ئەزموندا بەرجەستەدەبن. بەڕای ئالتوسێر ئەمە ئەو خاڵە سەرەکییەیە، کە زانست لەئایدیۆلۆژیا جیادەکاتەوە، چونکە ئایدیۆلۆژیا بەو توانایە دادەنرێت، کە سەرلەنوێ و بەشێوەیەکی قەبووڵکراو، هەروەها وەک هەوڵدانێک بۆ سەقامگیرکردنی پەیوەندیە لێکدژەکان، ژیانی رۆژانە بەرهەمدەهێنێتەوە، بۆ نمونە لەشێوەی پەیوەندی نێوان سەرمایە و کرێکاراندا. مانای دووەمی دابڕانیش، دەبێتە مایەی نوسینەوەی مێژووی مانای یەکەم. بەڕای باشلار هیچ وشەیەک بەتەنها خۆی ناتوانێت لەخۆیدا چەمکێکی زانستی دروستبکات و ببێت، بەڵکو ئەوەی کە مانایەکی زانستیی دیاریکراوی دەداتێ، پەیوەندیەکانیەتی بە چەمکەکانی ترەوە، بەو مانایەی هەر چەمکێک لەپەیوەندیدایە بەکۆمەلەک چەمکی دیکەوە، کە ئالتوسێر ناوی دەنێت (کێشە). بەدیوێکی تریشدا، ئالتوسێر مەبەستی لەدیاریکردنی دابڕانێکی ئەپستیمۆلۆژیە لای مارکس لەساڵی 1845 دا، تاوەکو گەشەبکات، بەرەو کێشەیەکی تر لەپاش (1857) ەوە، لەبەرئەوەی کە دەشێت کێشە جیاوازەکان لەدەستەواژەکاندا هاوبەش و تێکهەڵکێش بن، هەر بۆیە زۆر گرنگە و پێویستە هەستین بە بڕێک خوێندنەوەی مانادار، کە ئامانجی هەڵێنجان و دەرهێنانی ناهۆشیاریی تیۆریی دەقە و دیسان ئەمیش بۆ خۆی بڕێک کێشەی سەپێنراوی ئەونۆ دروستدەکات، کە سنور بۆ مەودای چەمکەکان و وەڵامە شیاوەکان دادەنێت. بۆ نمونە (بۆشایی ئاسمان) لەفیزییای نیوتندا، هەمان ئەو مانایەی نییە، کە لەتیۆرەی رێژەگەڕاییدا

هەیەتی، کەواتە مانا لەتیۆرەی رێژەگەراییدا لەسەر بنەمای فەلسەفەی نیوتن دروست نابێت، بەڵکو لێی جیادەبێتەوە و دادەبڕێت.

خوێندنەوە سیمتۆماتیکیەکەی ئاڵتوسێر بۆ مارکس، کێشەیەکی دیاریکرد ،کە جیاواز و دابڕاوە لە هەریەکە لەهیومانیزم و هیگڵیزمیش، چونکە ئەو ڕایەی هیومانیزم کە دەڵێت ئاکەکان مێژوو دروستدەکەن، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو توێژینەوە تیۆریە دژە مرۆیی (ئەنتی هیومانیستی) یە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ناگونجێت و تەبانایەتەوە، کە لای مارکسی پێگەیشتوو دەیبینین. ئەمە جگە لەوەی تەوژمی مێژووگەرایی پەیوەستە بە هیگڵیزمەوە، یان بەو تێبینیەوە کە دەڵێت مێژوو بریتیە لەبەدیهێنانی جەوهەری مرۆیی، وەک ئەوەی لەداهێنان و عەشق بۆ ئازادیدا دەیبینین. تەوژمی مێژووگەرایی مێژوو ،وەک پرۆسەیەکی بەردەوام بەرەو ئامانجێک دەبینێت، هەروەها پێیوایە ئەوە ((جەوهەر)) ە، کە سەرجەم سیماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەو شتەدا دەستنیشاندەکات، کە ئاڵتوسێر ناوی دەنێت (سەراپاگیرییەکی دەربڕ و گوزارشتکار)، هەر بۆیە بەڕای ئەو، هەموو ئەو جۆرە ڕەگەزانە لای هیگڵ (ڕەگەزی ئابوریی، سیاسی، یاسایی، ئەدەبی، ئایینی و... هتد) جەوهەری ناوەکی گشت پێکدەهێنن.

ئاڵتوسێر باسی لەوەش کردوە، کە لەکتێبی سەرمایەی مارکسدا بۆی دەرکەوتوە، دەشێت کاری تیۆریش وەک چەشنێک لەبەرهەمهێنان سەیربکرێت، چونکە پرۆسەیەکە تیایدا ماتەریاڵە خامەکان (بۆ نمونە ڕاستییەکان، دۆکیومێنتەکان، شارەزاییەکان و ئایدیۆلۆژیاکان) سەرلەنوێ و بەپێی ئەو سترەکتورە تیۆریەی بەکاریاندەهێنێت و ڕێکیاندەخات، بەکاردێنەوە. ئەم پرۆسەی گۆڕینە زانستیەی کە ئەو ناوی دەنێت (گشتاندنی یەکەم) بەهۆی بەکارهێنانی (گشتاندنی دووەم) ەوە، ئەو مەعریفە زانستیە بەرهەمدەهێنێت، کە بە (گشتاندنی سێهەم) ناویدەبات. ئا بەو شێوەیە دەبینین، کە لای ئاڵتوسێر کارکردنی چەمک ئاسایانە ـ تیۆرییانە (لەڕێگەی دابڕانیەوە لەئایدیۆلۆژیا) فاکتەرێکی سەرەکییە لەبەرهەمهێنانی مەعریفەی زانستییدا، بەڵام با ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کە

لەکارەکانی دواتریدا، هەر خودی ئالتوسێر ڕەخنەی تیۆریزەکردنی توندڕۆیانەی ئەم ئاڕاستەیە دەکات.

بەپاڵپشتی هەر یەکە لەمارکس و لینین و ماو، بەتایبەتییش بە کۆمەکی فەلسەفە ماتەریالییەکەی سپینۆزا، ئالتوسێر بۆی دەرکەوتوە چەمکی مارکس بۆ چەشنی بەرهەمهێنان بۆ خۆی نمایشی کێشەیەک دەکات، کێشەی ئەوەی کە دەشێت کۆمەڵگەکان وەک کۆمەڵە گشتێکی ناکۆکی خاوەن ڕێکخستنی ئالۆز دابڕێژێت ،کە چارەنوس و بەگەڕخستنەوەی هەر ڕەگەزێک، ملکەچ و پابەندی زۆر ڕەگەزی دیکەن لەو گشتە. کەرتە جیاوازەکان لەکۆمەڵگەدا (کەرتی ئابوری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی) هەمیشە دەستنیشانکەرن و هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی ئەوانی تر، هەروەها ئەوەی کە هەیە یەک ناکۆکی نییە، بەڵکو بوونی بڕێک ناکۆکی زۆرە، یەک بونیاد نیە، بەڵکو بونیادێکە بۆ بڕێک بونیادی تر. دیارە ئالتوسێر ئەمەی بەتەنها وەک گوزارشتێک نەبینیوە، بەڵکو وەک بونیادێکی هۆکارییانە، جەختیشی لەوە کردوەتەوە، کە هەمیشە ئاستی ئابوری پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، لەدوا قۆناغدا دیاری و دەستنیشاندەکرێت. وەک دەبینین ئەوەی کە لەسایەی کەرتەکاندا باوە، ئاستی سیاسییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکە کاتژمێری تاقانە لەدوا قۆناغدا، هەرگیز لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی نایەتەوە. بەدەستەواژەیەکی تر، لایەنی ئابوریی کایەیەک لەدەستنیشانکردنی ئالوگۆڕکارانە بونیادەنێت، کە تیایدا لایەنەکانی تر خاوەنی جۆرێک لەسەربەخۆیی ڕێژەیی خۆیانن، کەواتە فۆرمی کۆمەڵایەتی بەشێویەکی گشتی و سەراپاگیر سەرلەبەری هەڵدەوەشێنەوە، وەک چۆن لەشیکارکردندا، بەتەنها تاقە هۆکارێک و دوا هۆکارمان بۆ کێشەکان نییە، بەڵکو هەمیشە هۆکارێکی بزر و پیوار هەیە، یان بە دەربڕینەکەی سپینۆزا: ((کاریگەرییەکان لەدەرەوەی بونیاددا نین، بەڵکو خودی بونیاد لەکاریگەریەکانی ناو خۆی پێکهاتوە)). زۆر جار وا ئاماژە بۆ بیروڕایەکانی ئالتوسێر دەکرێن ـ بە چاوپۆشین لەپەیوەندییە سەخت و دژوارەکەی لەگەڵ بونیادگەریی ـ کە جۆرێکن لەمارکسیزمی بونیادگەریی،

ئەمە جگە لەوەی بیرورِایەکانی ئاڵتوسێر خودی مارکسیزمی توشی جۆرێک لە شۆک کردوە و بووەتە مایەی مشتومرِێکی تیۆری زۆر دەربارەیان، لێ نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت، کە ئایدیاکانی ـ بەتایبەتی لەکۆتایی حەفتاکان بەدواوە ـ بایەخ و گرنگی خۆیان لەدەستدا، دیارە هۆکارەکانی ئەمەش چەند رِوداوێکە، لەوانەش: گۆرِانێکی توند دژی مارکسیزم لەئەکادیمیای فەرەنسیدا، گۆرِانی کایە و بوارە سیاسیەکان، هەروەها کێشە تیۆرییە ناوەکییە گرنگەکانیش، لەهەڵوێستی خودی ئاڵتوسێردا. ئەڵبەتە ئاڵتوسێر خۆی لەو نوسینانەیدا، کە جۆرێکن لە خۆرِەخنەکردن، دانی بەم خاڵەی دواییاندا ناوە.

دیارە قۆناغی ئاڵتوسێر خۆی قۆناغێکی دەوڵەمەند بوو، چونکە نوسینەکانی لەدەرەوەی بازنەکەی خۆی، کە نزیکی بوون ـ بۆ نمونە کەسانی وەک ئێتین بالیبا و پییار ماشیری و نیکۆس پۆلانتزاس و میشێل بیکۆ ـ کاریگەری لەسەر چەندین زانای وەک جۆرن سیربۆن، تیری ئێگلتۆن، ئێریک ئۆلن رایت هەبوو، ستیڤن ریسێنگ و ریچارد وۆلف. ئەمە جگە لەوەی کە سوربوونی ئاڵتوسێر لەسەرئەوەی کە مەعریفە بریتییە لەپراکسیسێکی بەرهەمهێنەرانە، دواتر لەسەر دەستی روی بێسکر دەگۆرِێت بۆ بنەمای ریالیزمی رِەخنەیی. کارەکانی دیکەی ئاڵتوسێر دەربارەی ئایدیۆلۆژیا ـ وەک ئەوەی لەنوسینەکەیدا بەناوی (دەربارەی مارکس) و پەرەسەندنی پاشتری لە توێژینەوەکەیدا بە ناوی (ئایدیۆلۆژیا و ئامێرە ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەت) دەردەکەوێت ـ کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر وەسفکردنی ئامێرە ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەتی وەک ((کەنیسە و خێزان و سیستمی فێرکاری))، وەک چۆن بەشدارییانکردوە لەسەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی ستەمگەرایانەن. داهێنانێکی تری ئاڵتوسێر لەکایەی دەروونشیکاریی لاکانییدایە بۆ پەردەهەڵماڵین لەسەر ئایدیۆلۆژیا، وەک پراکسیسێکی ماتەریاڵییانە، کە تاکەکان دەکاتە بابەت. پێناسەی ئاڵتوسێر بۆ ئایدیۆلۆژیا وەک ئەوەی ((نمایشی پەیوەندییە فانتازیەکانی تاکەکەسەکان بێت بە دۆخی بوونە رِاستەقینەکەیانەوە)) گرنگی خۆی هەبووە، هەروەها هەوڵدانی

بۆ گەشەدان بە ماتەریالیزمێکی کورتنەکراوە، خۆی نیشانەی بەرنامەیەکی نوێژینەوەی گرنگ و بەردەوامە. سەرباری ئەوانەش، ئاڵتوسێر هاوشانی کەسانی دیکەی وەک ـ جیل دولوز و ئێتین بالیبا و ئەنتۆنیۆ نێگری ـ بەشدارییەکی بەرچاویشی هەبووە لەماتەریالیزمی هاوچەرخی سپینۆزاییدا.

ئاڵتوسێر بەدەست نەخۆشی پارانۆیای شکستی دێوانەییەوە ناڵاندویەتی، جەندین جاریش چارەسەری بۆ ئەو نەخۆشیە وەرگرتوە، بەڵام هیچ کام لەو چارەسەریانە نەیانتوانیوە ڕێگیری بکەن لەوەی، هێندەی تر خراپ نەبێت، زیاتر و زیاتر لێیی سەرهەڵنەداتەوە و لەنەخۆشخانە نەیخات، لەکاتێکدا توشی جۆرێک لەقەیرانی ئەقڵییانە دێت، لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی 1980 دا هێلێنی هاوسەری دەکوژێت. دیارە چارەسەرە دەروونیەکانی سەلمێنەری ئەو گرفتە سایکۆلۆژییەی ئەو بوون، کە نەیانهێشت بە تۆمەتی کوشتن بدرێتە دادگا. دوای ئەم ڕوداوە، ئیدی خۆری ئاڵتوسێر وەک کەسایەتیەکی ئەکادیمی ئاوادەبێت و ساڵی 1983 ئازاد دەکرێت. پاشتر لەباکوری شاری پاریس و لەدۆخی جۆرێک لەگۆشەگیرییدا دەژێت، تاوەکو لە 22 ی ئۆکتۆبەری 1990 دا و بەهۆی جەڵتەی دڵەوەکۆچی دواییەدەکات.

بیۆگرافیای ئاڵتوسێر ساڵی 1992 بڵاوکرایەوە و تیایدا وتویەتی، کە نایەوێت باسی ئەوە بکات بۆچی لەسەر تاوانی کوشتنی هێلێنی هاوسەری نەگیراوە، چونکە پێیوایە دەقەکە خۆی کەشی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێت: ((چ وەک خۆی و چ بە ئاشکرا، شاهێدی خۆی لەسەر ڕوداوەکە بدات)). ئەو دەقە وەک ئێلیوت وتویەتی: ((خۆی بریتییە لەسەرلەنوێ نوسینەوەی ژیان، لەڕێگەی نیشانەیەکی ڕۆشنەوە بۆ پاشماوەکانی ژیان)). ئەگەر بیۆگرافیا لەجیاتی ئەوەی زۆر شت بدرکێنێ، زۆر شت بشارێتەوە، ئەوا نوسینەکانی دیکەی، ڕۆشنایی دەخەنە سەر زۆر لایەنی گرنگ لەپڕۆژە فیکری و سیاسییەکەی ئاڵتوسێر. بۆ نمونە لەتێکستەکانی وەک:

The Subterranean Current of the Materialism of the Encounter))

هەوڵیداوە سیماکانی (مادیبوونی ناکۆک) و ((and ‘Machiavelli and Us زۆر شتی تریش دەستنیشانبکات و دوایان بکەوێت. بەدەربڕینێکی تر، ئەو توێژینەوەی لەوە کردوە ،کە چۆن دەکرێت مەعریفەی تیۆریی وەک بەشداری لەسەرهەڵدانی شتێکی نوێدا (کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەتر) بەکاربهێنین، لەئەنجامی کارێکی خۆبەخشانە، یان وەک دیاردەیەکی سەرتاپا خۆوەکییانە. ئەمەشیان بەگشتی بەرەنگاریی ئاڵتوسێر بوو لەدژی تیۆرەی مارکسی و بیریی کۆمەڵایەتی.

**• لەکارە گرنگەکانی:**


1. For Marx. 1962–5. London: Allen Lane, 1969.
2. Reading Capital. 1965–8. With Etienne Balibar. London: New Left Books,
1970.
3. Lenin & Philosophy and Other Essays. 1971. London: New Left Books.
4. Essays in Self–Criticism. 1974. London: New Left Books, 1976.
5. The Future Lasts a Long Time. 1994. London: Vintage.
6. Machiavelli and Us. London: Verso, 1999.


. بۆ خوێندنەوەی زیاتر بڕوانە:


Ted Benton. 1984. The Rise and Fall of Structural Marxism. London: Macmillan.

Roy Bhaskar. 1989. Reclaiming Reality. London: Verso.

Alex Callinicos. 1976. Althussers Marxism. London: Pluto Press.

Gregory Elliot, ed. 1994. Althusser: A Critical Reader. Oxford: Blackwell.

Gregory Elliot. 1987. Althusser: The Detour of Theory. London: Verso.
José López. 2003. Society and Its Metaphors. London: Continuum.
Warren Montag. 2002. Louis Althusser. London: Palgrave.
J. Read. 2003. The Micro-Politics of Capital. New York: SUNY.

**سەرچاوە:**

خمسون عالما اجتماعيا اساسيا، المنظرون المعاصرون، ئامادەکردنی: جۆن سکۆث، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: مەحمود محەمەد عەلی، پێداچونەوەی: جبور سەمعان. بڵاوکراوەی: الشبکە العربیە للابحاث و النشر. چاپی یەکەم، بەیروت، 2009، لاپەڕەکانی 29 ـ37.
–John Scott: Fifty Key Sociologists: The' Contemporary Theorists. First published 2007، by Routledge. pg: 36–.

## ڕۆژمێری ڕوداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| سەرەتای فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. | سەدەی شەشەمی پ. ز. |
| مردنی فیساگۆرس. | کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. |
| سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. | 399 پ. ز. |
| ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 387 پ. ز. |
| ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 335 پ. ز. |
| کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. | 324 ز |
| ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. | 400 |
| تاڵانکردنی ڕۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. | 410 |

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کلێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنز. | 1716 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەواڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەڕێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

## له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | رێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | رێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |